# ئیستاتیکا

"دیالیکتیکی  ئەخلاق و زانست"

سمکۆ محەمەد

ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: ئیستاتیکا " دیالیکتیکی ئەخلاق و زانست"
- نووسینی: سمکۆ محەمەد
- بەرگ: پەپوولە یوسفی
- نەخشەسازی ناوەوە: ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین
- تیراژ:٥٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢١
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی (٢٦١) ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە.

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی مەم و زین©

# ناوەڕۆک


لەبری پێشەکی.......................................... ٧

مانا و رەهەندەکانی.................................... ١٤

ئیستاتیکای سیاسی.................................... ٢١

ململانێی ئەدەب و زانست............................... ٢٩

زمانی ئیستاتیکی...................................... ٣٧

لەدایك بوونی فەلسەفە................................ ٤٢

چێژ و ئۆرگانەکان..................................... ٦١

رەخنە و هونەری رەخنەیی.............................. ٨٥

وەهمی بینین.......................................... ٩٦

ئاین و ئیستاتیکا....................................... ١١١

(دیزاین) یەکەیەکی ئیستاتیکی............................ ١٢١

چەندایەتی و چۆنایەتی........................................ ١٣٤

فانتازیای ئایدیایی........................................ ١٤٨

ڕێژەگەرایی و ڕەهایی........................................ ١٦٦

دوالیزمی یادەوەری........................................ ١٩٦

چێژی هونەری........................................ ٢٠٢

پەراوێز و سەرچاوەکان........................................ ٢٢٤

"ئەوەی دونیا رزگار دەكات، فەلسەفەی جوانییە". (دایستۆفیسكی)

"هیچ حەقیقەتێك بەبێ جوانی مانای نییە، هیچ جوانییەكیش بەبێ حەقیقەت نییە". (رۆمانتیكییەكان)

## لەبری پێشەکی

ساڵانی نەوەدەکان وەکو نووسەرێك زۆرم وتاری تەشکیلی نووسیوە و چەمکی ئیستاتیکام بۆ خوێندنەوەی کارە هونەری و ئەدەبییەکانی وەکو تابلۆ و شانۆ شیعر و رۆمان و چیرۆك بەکارهێناوە، ئەمە وای لێکردم کە زیاتر لەچەمکەکە قوڵ ببمەوە، بۆیە تێگەیشتم کە هەر شتێك بینین و تێفکرین دیاری بکات، پەیوەندی بەچاوێکی هۆشیارەوە هەیە، هۆشیاریش مەعریفەیەکی هەمەلایەنە، یەعنی کەسێك ئەگەر هۆشیاری لەبارەی فکرەوە نەبێت و بیهەوێ نهێنی چەمکی ئیستاتیکا پێناسە بکات و ورد نەبێت لەسرووشتناسی و رەنگناسی، یان ئەو شتە بچووکانە بەهەند وەرنەگرێت کە لەزەمەنی منداڵی لەماڵ یادەوەریمان جێگەی خۆی گرتووە، هەروەها یادەوەرییەکان بەوێناکراوی تەوزیف نەکاتەوە لەکارێکی ئەدەبی و هونەری، مەحاڵە بتوانێ ئیستاتیکیانە مامەڵە لەتەك ئەدەب و هونەردا بکات و رەهەندەکانی پێناسە بکات.

بۆئەوەی ئامانجی خۆم لەم کتێبەدا بپێکم، دەمتوانی بەبێ سەرچاوە تیۆرەکانی ئەرستۆ و هیگڵ و باشلار و کرۆچە و هتد پێناسەی ئیستاتیکا بکەم و بەسەر رەهەندەکانی دیکەدا پراکتیکی بکەم، بەڵام ئەمە تەنها دەبووە کۆپی تێفکرینی

ڕۆژئاوا و هیچ کۆدێکی نوێی بەخوێنەر نەدەبەخشی، بۆیە هەوڵمداوە هەر لەرووی مەعریفییەوە قسە لەسەر تیۆرەکان و مێژوو و ململانێی ئەدەب و هونەر و زانست و چێژی ئیستاتیکی بکەم، هەروەها قسە لەسەر ئیستاتیکای سیاسی بکەم کە ئەمەیان لەکۆتایی سەدەی بیستەم و هاتنی لیبرالیزمەوە کرا بەمۆدێل، هەروەها قسە لەسەر رەخنە بکەم وەکو چێژێکی ئیستاتیکی، جگە لەوانەش وەهمی بینین و ئایین و کولتوور و ئەخلاق کە بەشێکی فراوانی شرۆڤەی چەمکی ئیستاتیکییە لەم کتێبەدا.

لەخوێندنەوەی تەواوی سەرچاوەکانی ئەم کتێبە، تێگەیشتم کە شێواز و ناوەڕۆکیش دوو جەمسەری جیاوازن بۆ ئیستاتیکای هونەر و تەنانەت بۆ ئەخلاقیش، بەو مانایەی یەکێکیان چەندایەتییە و ماتریالییە و ئەویتریان چۆنایەتییە و ئایدیالییە و هەریەك لەوانە بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییەکە دەگۆڕێت، بۆیە گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ئامانجی ئیستاتیکی لەهونەر و ئەدەب، هەمان ئەو تەباییەی هەیە، بەڵام هارمۆنیای کردەکە، یان تێکستەکە ئەگەر سرووشت بێت، یان کارێکی هونەری، مەبەستە جیاوازەکە دیاری دەکات، سڕینەوەی ناکۆکی نێوان ئەو دوو پانتاییەی کە ژیانی تاك و جیهانبینی تاك دەگۆڕێت، لەلایەك ئەو ئازادییە دەپارێزێت کە دوورکەوتنەوەیە لە تێڕوانینی گشت، لەلایەکی دیکەوە بەرهەمی هونەری لەدەستی کۆمەڵگە و رواڵەتە

ئەخلاقییەکان دەپارێزێ و نایکات بەموڵکی تایبەتی، ئەم هەقیقەتە بۆ پاراستنی جوانی هاوئاهەنگی، یەکێتییەکی مانادارى هەیە بۆ هەردوو ئایدیاکە کە دژی چەواشەکردنی جوانی راستەقینەن لە تێکستی دەستکرد و سرووشتگەرایی لەلای هونەر.

ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم شێوازی ژیانێکی نوێداین، ئەویش شێوازێکی دیکەی تاکگەراییە، ئەو پارادۆکسەی کە مرۆڤگەلێك خۆی دوور خستۆتەوە لەسرووشت، ئەوانەش کە خۆیان بەبەرهەمی سرووشت دەزانن و پراگماتیکیانە لە جوانی تێدەگەن، واتە سوودگەراکان خاوەن ئەم تێگەیشتنەن، هەمان ئەو شتانە دووبارە دەکەنەوە کە ئەفسانە بۆمانی دەگێڕێتەوە، گوایە مرۆڤ بریتییە لە کائینێکی دیکەی دوور لەم نموونەیەی ئێستا هەیە، هەروەها ئەو چێژوەرگرتنەی مرۆڤی ئێستا لەگەڵ رابردوو لە مەرجی ئەوەدایە کە چۆن بتوانین ئەو دوو جۆرە مرۆڤە لەیەکتر جودا بکەینەوە، مرۆڤی ئێستا کە رۆبۆتێکی بەکاربەرە و ئەوەی دوێنی مرۆڤی راستەقینەی تێکەڵ بەسرووشت بووە. کەوابوو رێژەگەراییەکەش جێگەی گومانە ئەگەر بەراوردی بکەین بە تێگەیشتنی هۆشیارانە بۆ جوانی کە عەقڵ لەپشتیەوە راوەستاوە.

خوێندنەوەی مانا جیاوازەکانی ئیستاتیکا، کۆمەکی کردم باشتر تێبگەم کە جوانی چییە و بۆچی پێویستمان بەرەهەندە جیاوازەکانی هەیە، ئەگەر جوانی

هەیە ئەی دژەکەی ناشیرین چییە؟، بۆیە تێگەیشتم کە رەنگە تەنها بۆ ئاشکرا کردنی رێژەگەرایی لەو دیاردانەی کە پەیوەندیان بە هیومانیزمی عەقلییەوە هەیە راستە، چونکە دەرکەوتووە رەهاگەرایی دەرەنجامی بیری رەهایە کە سنوور بۆ عەقڵ و ژیان بەگشتی دادەنێت، بەپێچەوانەوە رێژەگەراییش ئاسۆی فکر فراوانتر دەکات، کەواتە تێدەگەین کە ناشیرین هەڵەیەکی لۆژیکییە و هیچی تر.

من لەم کتێبەدا ویستوومە ئیستاتیکا بەپێی پێناسە مۆدێرنەکەی تاوتوێ بکەم، هەروەها وەکو چەمکێکی فرە رەهەند و فرە مانا شرۆڤە بکەم، لەرێگەی خوێندنەوەی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەبارەی ئەم چەمکەوە پشتم پێبەستوون، ڕاستی وەکو پەراوێزێك بنووسمەوە کە زۆرجار جوانی خۆی لەنێو دیاردە ناشیرینەکاندا بەرهەمدێنێتەوە، لەکاتێکدا سەربەخۆیی لە ئایدیادا بۆ تێڕوانینی ڕاستییانەی جوانی هەستی پێدەکرێت.

لەپشت هەموو جوانیەکەوە زانستێك هەیە و بەپێچەوانەشەوە لەپشت هەر ئیستاتیکایەکەوە زانستێك هەیە، هەروەك چۆن بەشێکی زۆر لەو زانستانەی کە ئیستاتیکای بەخشیوە بەژیان، ئیستاتیکای زانستییە، یەکێك لە ماناکانی جوانی، بۆچوون نییە لەبارەی ماتریاڵێك کە ئایا جوانە یان نا، یان کەرەستەکانی نێو سرووشت بەپێی تیۆری چەندایەتی، راستە زانست پشت بەچەندایەتی دەبەستێت وەکو داتای ماتماتیکی، بەڵام ئیستاتیکا چونکە پشت

بەو یەکانە دەبەستێت کە خودی تاقیکردنەوەی بینین و لاسایکردنەوەی سرووشتی بەمەرج وەرگرتووە، تەنها چێژ بووە بەپێوەری ئیستاتیکی بۆ شتەکان، منیش لێرەدا هەوڵمداوە ئەو جیهانە تەکنۆلۆژیە لەپەراوێزی کارەکەمدا نمایش بکەم کە مرۆڤی کردووە بەرۆبۆت، ئیستاتیکا بەشێکی وەرگرتووە، بەڵام بەشەکەی دیکەی ئەوەیە کە روحی مرۆڤی داماڵاندووە لەجوانییەکانی ناوەوەی خۆی.

دۆزینەوە و ئاشکراکردن لە هونەری جوانیدا، وەکو بابەتێك و پێکهاتەیەکە لەعەقڵی وێنەیی و زەینی واتە فکری دایە، بۆیە مانایەکی دیکەی جوانی، بریتییە لەشێوەیەك لەجەوهەر و ناوەڕۆکی شتەکان و دیاردەکان، نەك تەنها لەشێوازی جەستەییدا کۆببێتەوە کە هەندێکجار پەیکەرێکی مێژوویی، یان پارچەیەکی ئاسەواری کۆن بەهەموو تێکشکاوییە کەیەوە بەها هونەرییەکەی جوانتر دەکات کە ئەمە لەئاستی بازاڕدا مانای هەیە، چونکە لەرووی ماتریاڵییەوە لێرەدا زەمەن حوکم دەکات بۆ رەسەنایەتی یان چۆنایەتی کارە هونەرییەکە، نەك دەستکاری کردن و نوێکردنەوەی ماتریاڵەکە، هەروەك ئەوەی لە بازاڕی ئەنتیك هەیە و بەماتریاڵی جوان ناسراوە و گەشتیارەکان وێنەی لەگەڵ دەگرن، ئێمە دەبێت لەنێوان کردە سرووشتییەکان و پارچە کلاسیکییەکان جیاوازی بکەین، ئەمە چاپتەرێکی دیکەی کارەکەمە.

لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بدرکێنم کە مەبەستی سەرەکی من لەخوێندنەوەی هەمەلایەن بۆ چەمکی ئیستاتیکا، ئەوەبوو کە تاوتوێی ئیستاتیکای سێکسی بکەم و بەسەر ژیانی ڕاستی و خەیاڵی کوردیدا پراکتیکی بکەم، بەڵام بۆم دەرکەوت کە کارەکە قورسە و ئاسان نییە بتوانم ئامانجەکە بپێکم و خوێنەری کەڵکی لێوەربگرێت، یان بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی بەکەڵك بێت، چونکە ئەو بابەتانەی تابۆ و قەدەغەن، دەکەونە نێو کەوانەی ئایدیۆلۆژییەوە و سیقەی ئەکادیمی وەرناگرێت، بۆیە هەوڵمدا تاوتوێ دیالیکتیکی هونەر و ئارت بکەم کە تاڕادەیەك ئامانجەکەم پێکا.

سەرەنجام دەبێ ئەوەش بدرێکنم کە ئەم کتێبە بەشێکی بۆ پرسیاری چاوپێکەوتنێك دەگەڕێتەوە کە ئاراستەی من و چەند کەسێکی کرابوو، بەڵام دوای ئەوەی زانیم کارەکە زۆر بەئاسایی بەڕێوە دەچێت و ئاستە رۆشنبیرییەکان جیاوازن، بۆیە دوای ماندووبونێکی زۆر لەبەدەستهێنانی سەرچاوە بەزمانی عەرەبی کە عەباس عەبدوڵلا یوسف کۆمەکی پێکردم، چونکە تەنها دوو کتێبم بەزمانی کوردی دەست کەوت، بەڵام بەزمانی عەرەبی دونیایەك کتێب و گۆڤارم لە پێشانگا و کتێبخانەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان چنك کەوت، بۆیە ئاراستەی کارەکەم گۆڕی بەرەو دیالیکتیکی ئەخلاق و ئارت.

هۆکارێکی دیکەی ئامانجی ئەم کتێبە ئەوەبوو کە زۆر بەدوای کتێبێکی کوردیدا دەگەڕام لەسەر ئیستاتیکا نووسرابێت، بەداخەوە کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا زۆر هەژارە، تەنها چوار تا پێنج کتێبم وەکو سەرچاوەی کوردی دەستکەوت کە بەشێکیان وەرگێڕان و ئامادەکردنن، تەنانەت لەزانکۆ و پەیمانگای هونەرە جوانەکانیش هەمیشە قەیرانی سەرچاوەیان هەیە و خۆشیان ئەو کەلێنەیان پڕ نەکردۆتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە نووسەر و توێژەری کورد کەمتر بەلای توێژنەوەیەکی فکری ئیستاتیکی چوونە، لەکاتێکدا هیچ بوارێکی مەعریفی نییە لایەنێکی ئیستاتیکای تیانەبێت، هیوادارم تائەو جێگەیەی ماندووبووم بەدەست پێناسەکردنی چەمکەکە و توێژینەوە بەدیار رەهەندەکانی دیکەی پەیوەند بەئیستاتیکاوە، کارێك کردبێت خوێنەر کەڵکی لێوەربگرێت.

سمکۆ محەمەد

## مانا و ڕەهەندەکانی

ئیستاتیکا بەمانا سادەییەکەی و بەزمانی عەرەبی (علم الجمال)، بەکوردیەکەی (جوانیناسی)، چەمکەکە ڕەگەکەی دەچێتەوە سەر زمانی گریکی کۆن، بەزمان و فۆنتی ئینگلیزی، بەمشێوەیە دەنووسرێتەوە (aistheikos)، هەڵبەت ڕەگی تێرمەکە (aesthesis)، واتە هەستکردن بە جوانی، لەڕووی فەلسەفییەوە کە ئەلکسێندەر باومگارتن بۆ یەکەم جار باسی کردووە و کتێبێکی لەسەر نووسیوە، ئەم چەمکە زیاتر لەڕەهەندێکی هەیە و زیاتریش لەتیۆرێك لەلایەن فەیلەسوف و بیرمەند و ئەدیبی جیهانی کاریان لەسەر کردووە، بۆیە لەزۆرترین بواردا جێگەی دەبێتەوە و لەکایە جیاوازەکانی وەکو سیاسەتیشدا بەکاردێت.

ئەم تێرمە سەر بەکایەی فەلسەفییە کە لەبەرهەمی ئەدەبی و هونەری و سرووشتیدا زیاتر دەردەکەوێت، لەمدووایە و لەسەدەی بیست و یەکەمیشدا بۆ سیاسەت بەکارهات، واتە بەئیستاتیکی کردنی سیاسەت کە لەئاستی شەقامدا شەقڵی خۆی وەرگرت، لەبواری زانستیشدا لەشێوازی هەموو کایەکاندا ڕەنگیداوەتەوە.

ئەوەی کە مرۆڤ چێژی لێوەردەگرێت پێی دەڵێن چێژوەرگرتن، بەڵام لەمانا فەلسەفییەکەیدا بەئیستاتیکا ناوزەد دەکرێت، ئەوکاتەیە کە بەرهەمهێنانی کردەیەکی جوان لەرووی هونەرییەوە دەبینین، سابا بەرهەمەکە تەلارسازی بێت، یان کشتوکاڵی یان پیشەسازی یان ئەدەب یان هەر کایەیەکی دیکە بێت، جارێکی دیکە وەکو پێداویستییەکی جوانی بۆ چێژوەرگرتن خۆی بەرهەمدێنێتەوە لەدەرکەوتەکانی ژیان، ئەم هەستی جوانیناسییە لەمرۆڤدا زگماکییە و لەئەزەلەوە هاتووە، بەڵام لەکایەی هونەری و فەلسەفیدا، بەچاوێکی هۆشیارانە دەبینرێت و پێویستی بە بەکارهێنانی عەقڵ هەیە، (ویل دیورانت) لەکتێبی مێژووی شارستانییەکاندا دەڵێ (هەموو دڵێك بانگەوازی جوانی دەکات، بەڵام کەمتر دەبینین عەقڵانی بێت و پرسیار لەرەهەندە جوانییەکانی بکات). بندیتۆ کرۆچەش کە خاوەنی تیۆرێکی تایبەتە سەبارەت بەئیستاتیکا، لەتوێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (فەلسەفەی هونەر چییە؟). پێیوایە (هەستکردن بەجوانی، بەندە بەبینینی عەقڵانییەوە، فەلسەفەی جوانیش جەوهەری ئیدراکی تێدا دەردەکەوێت)، بەڵام ئەمە پەیوەندییەکی فۆرمۆڵییە لەبابەتەکاندا، چونکە جوانی بابەتێکی رێژەگەراییە و مرۆڤ دەوری گەورەی لەبارەی ناشیرین کردنییەوە دەبینیٚ.

یەکێك لەبەرهەمە نایابەکانی مرۆڤ کە مەرجێکی دانپیانراوە، تەنها بریتی نییە لەکردە هونەرییەکانی، بەڵکو بریتییە لەکردەوە و رەفتاری جوانی مۆڕاڵیە کە راستگۆیی و چاکەکاریە، واتە (فەزیلەتە)، بەدیوێکی دیکەشدا داهێنانی ئەدەبی و هونەرییە، هەندێکجاریش کردەی زانستییە. هەستکردن بەجوانی بەماناو رەهەندە فراوانەکەی، هەستێکە لەو رۆحەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەپێناو هیومانیزمدا ژیاندۆستیانە بۆ شتەکان و دیاردەکان دەڕوانێت، ئەم کۆجیتۆیە بەبێ عەقڵ و بیرکردنەوە لەلۆژیك، لەنێو نەتەوەکان و کولتوورەکان وەکو ئیدیۆم، یان پەند هەیە کە بەشی زۆریان لەتێکستە ئاینییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

هەرکاتێك مرۆڤ خاوەنی هەستی ئیستاتیکی نەبوو، کەواتە مرۆڤی ناکامڵ و مەرگدۆستە، بەمانایەکی دیکە ئیستاتیکا بەهایەکی ئەرێنی هەیە بۆ مرۆڤ، ئەمە لەو شت و بابەتە سرووشتیانەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەندێکجار پێی دەگوترێت کاری زمان، لەکورتکراوە و لەکۆی شتە جیاوازەکانەوە هاتووە کە بەهادارن و بەهایان بۆ چێژی غەریزی مرۆڤ هەیە، ئەمەش پەیوەندی بەئیرادەی چێژوەرگرتنەوە هەیە لەو شتانەی مرۆڤ ئیدراکی هەستەکی بۆی هەیە، سەرەنجام ئیستاتیکا وەزیفەیەکی دیکەی هەیە کە پراگماتیزمییە لەکاتی پێویستدا، هەر ئەوکاتەش بەهاکەی زیاتر دەردەکەوێت کە چالاکی عەقڵی

قودرەتی بەسەر پێکهێنانی وێنەی زەینییەوە هەیە، بەو مانایەی ئەگەر هەر هونەرێك، چێژی لێوەرنەگیرێت بەجوانی نازانێت.

بەپێی تێڕوانینی ئەمانوئێلْ کانت بێت، ئیستاتیکا ئەو بینینەیە کە لەرێگەیەکی زانستییەوە تەماشای شتەکان و بوونەوەرەکان دەکات، بەشێوازێکی هونەری وێنایان دەکاتەوە کە وەرگر سەرەتاکەی ناناسێتەوە، چونکە لەڕاستیدا ئەو ماتریاڵە یان ئەو دیاردەیە شتێکی دیکەبووە، ئەم بینینە لەژێر کاریگەری ئەو وتە و توانایە بەرهەمدێت کە لەبەردەستدایە، سەرەنجام کانت بڕوای وایە ئیستاتیکا دەبێ گرێدراوی زانست بێت، واتە عەقلْ و هۆشیاری زاڵ بێت بەسەر تێڕوانینی مرۆڤدا.

بابەتی جوانیش بۆ مرۆڤ تەنها ئەوە نییە کە دەتوانێ لەنێوان هێزەکاندا باڵانس بکات کە هەردووکیان دەرکەوتەی جەستەن، بەڵکو راهێنانی بەردەوامی جەستەیە لەژێر کاریگەری خەیاڵ بۆ شتەکان و دەوروپشت و پێدراوەکانی ژیان، بەتایبەتی ئەو جیاوازییانەی لەنێوان نێر و مێ دا هەیە، کە دواجار لەرێگەی خەیاڵەوە بۆ ئەو بابەتانە دەبێتە هۆکار بۆ هەڵچوونی دەروونی، لەکاتێکدا خەیاڵ خۆی بەشێکە لەرەنگدانەوەی هەڵچوونی دەروونی، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەدایە بۆ بەدەستهێنانی بەرهەم و مومارەسەی ڕاستی ژیان، سابا ئەو فکرە فانتازی بێت، یان بریتی بێت لەسرووشتی مرۆڤ، وەکو

بەشێك لەئەخلاق و ئەزموون دەردەکەوێت کە لەرابردوودا مرۆڤ کردوویەتی بەنەریت و بەردەوامیشە لەو نەریتە، بۆیە لەرێگەیەوە هەم جوانی کردووە بەبەهانە و ئارگومێنت، تاکو بیکات بەئەرگومێنت و خۆی تێدا بەرهەمبهێنێتەوە، بۆ نموونە کەسێك لەژوورەوە تەماشای باران دەکات و دڵۆپی بەهێز لەپەنجەرەی ژوورەکە دەدات، هەروەها دەترسێت بچێتە بەرباران و تەڕبێت، کەواتە بەکردەوە ڕاستی و عەقڵانییە، لێرەوە لەو دیمەنەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەمان ئەو وێنایە نییە، لەدەقێکدا یان لەفیلمێکدا باران یان بەفر وەکو شێوازێکی سرووشتی جوان دەبنیرێت و وێنادەکرێت، ئەو وێنەیە تەنها ئێستاتیکای شیعری و زمانە، هەروەك چۆن هەمان ئەو وێنایە نییە کە لەخەیاڵدایە و نابێتە ڕاستی و بەرجەستە ناکرێت، لێرەوە هۆکاری خودیش هەم بۆ ژیاندۆستی راستەقینە، هەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هونەری خۆڕسك و دەستکرد جیاواز دەکاتەوە، چونکە ئەم چالاکی و بیرکردنەوە و مەعریفەیە لەڕێگەی بینینەوە دەکرێتە جەستە یان پراکتیك دەکرێت.

"مرۆڤ بەپێی ئەو کۆجیتۆیەی پشتی پێ دەبەستێ، جەستەکەی تەنها ماتریالێکە و روح دەیجولێنێ، هەروەکو چۆن کاتژمێری کلاسیکی، پێکهاتووە لەجام و دۆلاب و بزوێنەرو هێڵە ئاماژەییەکانی، بۆیە زۆرجار ئەو شێوازانە دەکرێت جوان نەبێت، بەڵام جەوهەری جوانییەکە دەردەخات".(1).

ئەزموونکردنی ژیاندۆستی و ناسینی ئیستاتیکی لەلای ئەو کەسانەی کە بانگەشە بۆ گەڕاندنەوەی بەهای جوانی دەکەن، لەبەراوردکردنی چالاکی و بیرکردنەوەدا دیار دەکەوێت،"چونکە جەستە لەڕێگەی هاتوچۆی خوێنەوە زیندووە، قودرەتیشی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەرەوەی خۆی هەیە بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بکات، ئەم شێوازە زیاتر لەلای ژنان دەبینرێت، نەك پیاوان بەسایکۆلۆژیای توندەوە".(2).

بۆچی دەڵێین ئیستاتیکای ئایدیاڵی، چونکە ئێمە باس لەهونەری هاتوچۆکردنی خوێن دەکەین کە ئەمە پەیوەندی بەجەستەوە هەیە، وەختێك ژن دووچاری سوڕی مانگانە دەبێت، یان ئەوکاتەی کە سکی دەبێت، یان ئەوکاتەی بەناسرووشتی قەڵەو دەبێت. یان لەشەوی بوکێنیدا، هەست دەکات دیاردەیەکی نامۆ لەجەستەی روویداوە و رەگەزەکەی بەرامبەریشی ئاساییە، بەڵام رووداوەکە بەئیستاتیکای سرووشتی پێناسە دەکرێت کە دواجار بەتێڕوانینی ئایدیاڵیی لەتابلۆیەکی جوڵاودا بەهاکەی دەردەکەوێت."پێویستە ئەوە بزانین ئیستاتیکای ئایدیاڵی کاتێك دەلالەتێکی تایبەتی بەخشیوە بەکاری هونەری، بەو سیفەتە بەخشیویەتی کە ئامراز و ئامێری تێگەیشتنە لەهەقیقەتی رەها".(3). من بۆیە لێرەدا کردە سرووشتییەکان و بیرۆکە ئایدیاڵیەکان تێکەڵ دەکەم، چونکە مرۆڤ هەم خەریکە دەگەڕێتەوە نێو سرووشت کە پێشتر خۆی لەسرووشت جودا

کردبۆوە، هەم خۆی لەنێو ئایدیاڵی فکری و هونەریدا بەرهەمدێنێتەوە، لەهەردوو بارەکەدا کۆمەکە بەزیندوو راگرتنی چەمکی ئیستاتیکا.

بەر لەبەرهەمهێنانی چەمکی ئیستاتیکا کە توانای بەرگریکردنی هەیە لەخۆی، واتە بەر لەدایکبوونی وەکو چەمکێکی فەلسەفی، ئەم تێرمە مانایەکی هەبووە بۆ جوانی و لەکایەی کۆمەڵایەتیشدا کاری پێکراوە، بەڵام بەزانستی کردن و دەرخستنی وەکو چەمکێکی فرە مانا لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانی دوای سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەوە، چەمکەکە بەفرە ماناییەوە بەرهەمهاتووە،" پێش لەدایکبوونی گاتیگۆرییەك (صنف) ێك بەناوی جوانیناسی، بۆ ساتی لەدایکبوونی مۆدێرنیتە، کە تێیدا مەعریفەی ئەخلاقناسی و لیبیدۆیی جوانیناسانە لەیەکتر جیانەبوونەوە هەبوو، ئەمجارە هونەر لەرێگای بەجوانیناسیکردنی رادیکاڵی، هەموو شتێك و پیادەکردنی جوانیناسی بەسەر دوو مەیدانی دیکەدا کار ناکات، بەڵکو بەسەر دوو سیستمی دیکەوە دەبەستێتەوە، تاکو لەم رێگەیەوە هونەر بەپراکتیکی کۆمەڵایەتییەوە گرێبدات".(4).

## ئیستاتیکای سیاسی

ئەو دەردەشە فکرییە یەکلایی بووەتەوە کە لەژێر سەقفی ئەم سیستمەدا واتە سیستمی سیاسی سەرمایەداری بەئەخلاق بەڕێوەناچێت، بەڵکو دەرکەوتووە کە سیاسەت لەدەرەوەی ئەخلاق ئاکتیڤ تر دەبێ و پۆپۆلیست تر دەبێ، بەپێی تێگەیشتنی (جیلێ دۆلۆز) بێت مرۆڤ غەریزەکانی بەبێ هۆشیاری لەویستەکانی خۆی دادەماڵێنێ و دەبێتە جەستەیەکی بێ کۆئەندام، بەو مانایەی لەمرۆڤەوە دەبێتە ئاژەڵێکی غەریزی، ئەم کۆنتڕۆڵەی مرۆڤ بەگشتی لەرێگەی فەزای سایکۆلۆژییەوەیە، هۆکارەکەی گونجانە لەرێگەی کۆنتڕۆڵی سیاسییەوە، لەکاتێکدا زەمەنی واهەیە، تەنها بۆ مانەوەی دۆخەکەیە کە سیاسەت تەنها خۆی تێیدا دەژی، بەو مانایەی ئەو سیستمەی هەموو شتێك لەپراگماتیکییەوە دەبینێ، بۆیە میتۆدەکەی ماکیاڤیللی تائێستا ئاکتیڤ ترە، بەڵام لەگرەوەی ئەوەدایە چۆن ئەو سیاسەتە لەرێگەی ئیستاتیکاوە ئاکتیڤ تر بکات.

بۆچی سیستمی سەرمایەداری ئیستاتیکا بەسیاسەت دەبەخشێت؟، پرسیارێکی زیندووە کە لەدوای بەهاری عەرەبییەوە زیاتر زەق کراوەتەوە، وەڵامەکەی ئەوەیە تاکو هەموو جموجۆڵێکی نائاسایی و ئاراستەکراو، تەواوی کۆمەڵگە

بەشێواز و دیاردەکانەوە گرێبداتەوە و نەتوانن یاخی بن لەسیاسەت، هەڵبەت ئەم دیاردەیە تەنها پاڕادۆکسی سیاسی نییە لەبەرامبەر سیستم، بەڵکو درووستکردنی فەزایەکە بۆ گشت، تاکو بگونجێن و شێوازەکان لەزەمەنی جیاوازدا نامۆ نەبینرێن و هەمیشە وەکو کاراکتەرێکی چالاك خۆیان ببیننەوە و سیستمیش وەکو خۆی ئستاتیکاکەی بمێنێتەوە.

(جیلێ دۆڵۆز و فلیکس گاتاری) لە کتێبی (فەلسەفە چییە) سەرمایەداری بەکارەکتەری دووڕوو ناو دەبەن، چونکە وەکو لەشێوازدا دەردەکەون لەجەوهەردا مانایەکی ترن، ئەوان هەردووکیان تێڕوانینیان نزیکە لەیەکترەوە و پێیانوایە، جیمسون کە لەبارەی پاشخانی رۆشنبیری تاکەوە دەدوێت، لەژێر کاریگەری ئەو شێوازە سەرمایەداریەدایە کە مرۆڤ بەهۆی سنووردارکردنی ئابووری و داهاتی تاکەوە، جەستەی موڵکی خۆی نییە، بەڵام وەکو سیستم کە تاك پەروەردە دەکات، هەم بۆخۆی و هەم بۆ فراوانکردنی ئازادی، بەشێك لەو موڵکییەتە لەوەختی مومارەسەکردنی ئازادییەکانی دەبینیێ.

بەشەکەی دیکەی بۆ ململانێیە لەسەر ئازادییەکانی دیکەی ژیان، ئەمە نواندنی مرۆڤی پۆست مۆدێرنەیە کە مرۆڤێکی جیاوازی بەخشیوە بەجیهان و دەوروپشتی، چونکە ئەم سیستمە بۆ ئەوەی وەکو ئیستاتیکا ئازادی ببەخشێت بەمرۆڤ، شوناسە کۆنەکەی لێوەردەگرێتەوە کە پێشتر بریتی بووە لەهۆشیاری

بەرامبەر دیاردەکان، یان بەرامبەر ئەو ئیگۆیەی لەکاتە جیاوازەکاندا کاری پێدەکرد، بەمپێیەش بێت رۆشنبیری و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ئەو قۆناغانەی پێش زەمەنی خۆی و ئەو زەمەنەش کە چاوەڕێی دەکات، بەناچاری وەکو ئۆپۆزسیۆن هەڵوێست لەخۆی و دیاردەکان و تەنانەت هەڵوێست لەسرووشتیش وەردەگرێت، ئەمە لێسەندنەوەی ئەو تێڕوانینە ئیستاتیکیەیە بۆ دونیا و بەپێچەوانەوە تێڕوانینەکە بۆ ئیستاتیکای سیاسەت ئاکتیڤ دەکات.

ئاستێکی فکری هەیە ئیستاتیکا واتەماشا دەکات کە تەنها لێکۆڵینەوەیەکی وەسفکاری نییە لەکاری هونەریدا، یان بیرکردنەوە لەبارەی سرووشت، بەڵکو بریتییە لەخاڵی سەرەتایی هەم بۆ شێوازی پەیوەندی گرتنی مرۆڤ و هەم بۆ جیاکردنەوەی بینین لەتەماشاکردنی دیاردەکان، ئەو دیاردانەی کە سیاسەت خولقاندوویەتی و بۆتە دیفاکتۆ، بەتایبەتی لەو کاتەی کە مەعریفە دەستەبەر دەکەین و دەیکەین بەبونیادێك لەوشتانەی کە بەناوی ئیستاتیکاوەن، فەزایەك درووست دەکات کە سوپەر راستەقینەمان بۆ بەرهەمدێنیٚ، ئەویش بریتییە لەکردەی ویژدانی لەلای خودی مرۆڤەوە بەرامبەر بەخۆی، یان بەرامبەر بەسرووشت یان ئاژەڵ کە بەشێکن لەسرووشت.

رەهەندێکی دیکەی ئیستاتیکی سیاسی هەیە، ئەویش ئیرادە و ویستی سەربەخۆ و هەڵوێستە لەلایەن تاکەوە، ئەمە داوایەکی قورسە بۆ ترازان لەکۆمەڵگە و

تراديشنە جياوازەكانی، مەبەستم لەو دياردانەيە كە لەلای كۆمەڵگە هەقيقەت و لەلای تاكەكان وەهمە، داوای ويستێكی تايبەتە كە هەموو دياردە و تراديشنەكان بەئيستاتيكا نازانێ، بۆيە هۆگر و عەودالّی ئەو ويستە نابێ، كەوابوو سياسەت لێرەدا كاردەكات بۆ بەئيستاتيكا كردنی ئەو فەزايەی كە تاك خەريكە هەڵوێستی ياخيگەرێتی نيشان دەدات.

هەستكردنی تاك بەو خودەی كە چەند جارێك دەرك بەشتێك دەكات و دێتەوە پێش چاو، نيشانەيەك نامێنێت بۆ گومانكردن لەوەی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە، هەستكردنە بەجوانی، هەروەك چۆن لەديوارێك يان لەهەورێكدا وێنەيەك دەدۆزينەوە و چەند جارێك ئەم خەيالّە خۆی بەرهەمهێناوەتەوە، بەبێ ئەوەی پلانی بۆ دانرابێت، يان كەسەكە خۆی بۆ ئامادە كردبێت، ئەمە قۆناغێكە بەرەو چێژێكی نەبينراو دەمانبات، تائەو جێگەی دەتوانين بڵێين هەر كردەيەك بابەتێكە بۆ شيعر، يان تابلۆ يان هەر كردەيەكی هونەری، لەكاتێكدا هەموو ئەمانە لەژێر كاريگەری كات و شوێنی ناديياردا روودەدەن، چونكە گرێدراوی رابردوون كە پێشتر وەكو وەهم تەماشامان كردوون، "ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ كە ئێمە بەتێڕامانەوە روانيومانەتە رێكخستنی شتەكانمان، وەكو رايەكی جياواز لەسرووشت، وەكو رەخنەگرتن لەبەهرەيەكی سەرەتايی لەبيرۆكەی هونەری ژيان، پرسيارەكەش ئەوەيە چۆن ئەگەرێك لەگەڵ ئەو دوو رەخنەيە دابنێين،

تاكو رەخنەی سێیەم دروست بێت کە کاریگەری کۆنی بەسەرەوەیە، بەبێ ئەوەی هیچ رەسەنایەتییەکی هەبێت، ئەمەش دەمانگەڕێنێـەوە بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا و رەنگە بەرەو میتۆلۆژیاش بەهەمان شێوە".(5). رەخنەی سێیەم واتە ئاشکرا کردنی نهێنی ئیستاتیکی لە هونەر و ئەدەب.

مرۆڤ پێویستی بەجۆرێکی دیکەی کەڵك وەرگرتن هەیە لەئیستاتیکا، ئەویش بەرهەمی رۆژانەی کردەوە و چالاکییە هەموجۆرەکانی خۆیەتی، باشتر بڵێم دیاردە و شتە ئیستاتیکیەکان پەیوەندییان بەفکرەوە هەیە و سیستمێکی مێژوویی بیرکردنەوەی مرۆڤە بەرامبەر بەو شت و دیاردانە رادەگرێت کە بوونە بەئەخلاق و گەڕان لەجیاکردنەوەی کردەوەی جوان، بەقەبوڵکردنیشی لەلایەن ئەویترەوە کە جوان ناناسێت شێوازێکی دیکەی چێژ وەگرتنە، بەمانایەکی دیکە هیچ شتێك جوان نییە، ئەگەر کەسی دووەم و سێیەم دانیپێدانەنێن واتە بەکۆمەڵ شاهیدی نەدەن، یان بیروڕای جیاوازی لەبارەوە نەگوترێت، بەڵام دەبێ بەرهەمەکە لەبەردەم دوو جۆر قبوڵکردن بێت، ئەویش لەپێناو بوونێکی راستەقینە بۆ شتە بنچینەییەکان، ئەویتر وەرگرتن و کەڵك وەرگرتن لەو رۆشنبیرییەی کە پەیوەندییەکان رێکدەخات و چێژ بەژیان دەبەخشێت،"ئیستاتیکای هونەری، تەنها دیاردەیەکی ئاسان نییە لەسرووشتدا،

بەڵکو بریتییە لەکۆمەڵێك دیاردەی پێکەوە گرێدراو، هەمووشیان لەنێو یەکتردا ڕەنگ دەدەنەوە و چێژ و بەها و مانا بەژیان دەبەخشن".(6).

بەها بەخشین بەژیان، پێناسەیەکی ناڕاستەوخۆی فراوانە و لەمانا گشتییەکەیدا وردە کاردانەوەی هەیە بەسەر تیۆریستینەکانەوە، یان ئەو کەسانەی کە کاریگەرییان هەیە بەسەر خەڵکەوە و ڕەگوڕیشەی جیاوازییەکان دەدۆزنەوە و بۆ داهاتوو دەبن بەئەزموون، ئەزموونێك کە کێشە بۆ خودی ئەزموون درووستدەکات، وەکو ئەو کۆمەڵگە یان تاکانەی هەمیشە خۆیان بەئەزموون دووبارە دەکەنەوە، سەرەنجامیش دەبێ ئەوە بزانین کە سیاسەت هونەرێکی دیکەی پۆپۆلیستییە و پەیوەندیە لەنێوان کەسی سیاسی کە هونەرمەندی پراکتیکییە و خەڵك کە لایەنگری ئەو هونەرەن.

بەئیستاتیکا کردنی سیاسەت، هەوڵێکی دوولایەنەیە، یەکەم سیستم و حکومەتە کە بەپلان سیناریۆ بۆ جوانکردنی ڕووداوی سیاسی دادەنێن لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، ئەمەش کاردانەوەی پۆزەتیڤی دەبێت، دووەم هەوڵی خەڵکە بۆ بەئیستاتیکا کردنی ئەو ململانێیەی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی هەیەتی، بەتایبەتی ئەوکاتەی ڕەوتە ئۆپۆزسیۆنەکان کاتێك لایەنگرانیان دەکەونە ژێر دەستی پیاوانی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت، ئیدی دیمەنەکە دەکرێت

بەریکلام بۆ رەوتە سیاسیەکە لەدژی دەسەڵات، ئەم دیالیکتیکە هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە.

چەپەکانی سەدەی رابردوو ئەزموونێکی زۆریان هەیە لەو چالاکییەی کە چۆن سیاسەت بەئیستاتیکا دەکرێت، ئەم سەدەیە چالاکییەکەی رادەستی رەوتی توندڕەوی ئاینی کرد، لەهەردوو بارەکەدا وەرشەیەك هەیە بۆ ئەوەی سیاسەت لەشێوازە کلاسیکییەکەی خۆی نەمێنێتەوە و سیمایەکی جوانی پێببەخشن، ململانێی گرووپە دەستەبژێرە سیاسییەکانی دونیا کە کۆمپانیا سپۆنسەریانە، پشتیان بەکۆمبارسێکی جەماوەری بەرفراوان بەستووە کە ئەو دیمەنانە لەبەرچاوی بینەری شاشەی تەلەفزیۆن جوان بکەن.

هەڵبەت چەمکی شۆڕش بەرلەوەی پێناسە بکرێت ئایا چەمکێکی پۆزەتیڤە، بۆخۆی رەهەندێکی سۆزداری بەتێگەیشتنی خەڵك دەبەخشێت و جوانی دەکات، هێربرد مارکۆزە لەکتێبی (شۆڕش و هونەر لەسەدەی بیستەم) باسی دوو جۆر لەجوانی دەکات کە شۆڕش دەیخوڵقێنێ، ئەویش رەنگدانەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانە کە بەشێکە لەبونیادی کارە هونەرییەکان و ئسلوبی خەڵکە لەدژی دیکتاتۆریەت، بەڵام رووەکەی دیکەی سۆسیۆلۆژییە کە لەجەوهەری پێشکەوتنی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیدا رەنگدەداتەوە، ئەمەش ئەوکاتە دەبینرێت کە چین و توێژ و گروپە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە دەبنە بەشێك لەکارەکتەری

بەهێزی ئیستاتیکای شۆڕش، چونکە لەدوای سەدەی یەکەمی دوای مەسیح کە ڕۆمەکان ئیمپراتۆرییەتیان وەرگرت، خەڵك بڕوایان بەهیچ شتێك نەما، هەموو شتێك کەوتە ژێر دەستی دەسەڵاتەوە، ئەوان هونەریان ئاراستە دەکرد، بۆیە لەدوای ئەم دابڕانەوە، ئیستاتیکا دوو ئاراستەی وەرگرت، ئەمە بووە بەدونیای چینایەتی، ئاراستەیەك چینی کۆمەڵایەتی بوو کە هونەرێکی گشتی بوو، ئاراستەیەکی دیکە چینی جێکەوتە واتە دەسەڵات بوو، ئەویش هونەری تایبەت بوو.

## ململانێی ئەدەب و زانست

ئەزموونی ئەدەب بریتییە لەتێڕوانینی جوانی و کردەی جوان، ئەویش لەڕێگەی خەیاڵ و رەهەندەکانی دیکەی ناکۆکییە هەستیارییەکانەوە شێواز و شەقڵی خۆی وەردەگرێت، یەکێك لەرەهەندەکانی بەرهەست و دیالیکتیکیە و لەدەرەنجامی لێکسوویە واتە (لێکخشاندن احتکاك) ی دوو جەستەی جودایە لەیەکتر، رەهەندێکی دیکەی بینینی شتەکان و دیاردەکانە، ئەوانی دیکەش یەکە پێویستییەکانی سێکس و کردەوە ئەخلاقییەکانە لەکایەی کۆمەڵایەتیدا.

ئەم بابەتە خەیاڵمان دەبات بۆ مایەی فراوانی بینین بۆ نۆستالیژیا کە مرۆڤایەتی خدووی پێوەگرتووە و تاڕادەیەك بەو خودووەش دەژی، زۆر کارەکتەری ناودار لەدونیادا تەواوی شتەکان بەو کایەیەوە دەبەستنەوە کە خۆیان کاریگەر و شارەزان، بۆ نموونە (فیساگۆرس) ئەگەرچی هەموو شتێکی لەتێگەیشتنی بۆ دونیا لەئەندازەییەوە دەبینی، بەڵام بۆ ئیستاتیکا پێوەرێکی فۆتۆیی داناوە، هەروەك ئەو ئەندازەیەی بۆ کەرەستەی ماڵ و چێشتخانە دانراوە، بەڵام خەیاڵ لەکونجێکی ماڵدا کەمتر مەودای هەیە بەقەد ئەوەی لەزانست هەیەتی.

بەبڕوای (تۆماس هۆبز) بێت خەیاڵ گرێدراوی کۆنترۆڵی حوکمێکی عەقڵانییە، بینینیش قودرەتێکە هاوکاری نووسین دەکات کە بیرکردنەوە ئیعتیباری نویٚ و باوەڕ پێکەر بەرهەمدێنیٚ، بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا قودرەتی عەقڵی نییە بەمانا گشتاندنەکەی، هەروەك ئەوەی شیعر وەکو دەقێکی سەربەخۆ، شێوازی نووسینەوەی ئیدیۆمە بەزمانێکی ناڕاستەوخۆتر لەزمانی قسەکردنی رۆژانە، چونکە خەیاڵ بەیادەوەرییەوە گرێدراوە، ئەمەش هەدەفی ئەدەبیاتە لەنووسینەوەی خود، لەمبارەیەوە تیۆرێکی (کۆلّردج) هەیە کە لەکتێبی سیرە الژاتییە. ساڵی 1815 سەبارەت بەدەقی ئەدەبی نووسیویەتی و ساڵی 1817 چاپی کردووە و پێیوایە "ئەو سەرقاڵییەی شاعیر هەیەتی بۆ نووسینەوەی یادەوەری، مەترسی سەرهەڵدانی شێوازی شیعری تێدایە، ئەمە لەکەئابە و شێوازی دەروونی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هەرسیٚ کارەکتەر، شاعیر و فەیلەسوف و رەخنەگر، لەئەنجامی گفتوگۆوە تەنگ بەیەکتر هەڵدەچنن، ئەوەش ورووژاندنی مەسەلەیەکی هەستیارە کە دەرخستنی راستییەکانی جوانییە و گرووپەکان دەیشارنەوە".(7).

بابەتی و خوودگەرایی کە هەردوو بارەکە گرێدراوی لۆژیکن، لەلای نووسەر و رۆشنبیری لۆکاڵی و تاك رەهەند، لەروخانی کۆمەڵگەدا خۆی دەبینێتەوە، لەکاتێکدا ئەم هەڵبژاردنە هۆشیاری و بەرگرییەکی تۆکمەی دەویٚ، نەك ئەو

جەوهەرە زیندووەی کە لەعەقڵییەتی بێ بەرهەمی عارف و بلیمەتە ناوچەگەرییەکاندا بەرهەمهاتبێ، چونکە پرسیارەکە لەسەر ئێستا و ئایندەیە کە ئایا دۆخەکە بەرەو کوێ دەڕوات و چۆن دەتوانین لەو جەنگەڵەی تێیکەوتین، چۆن ژیان جوان بکەین؟."لەو سۆبژێکتە خوازیارانەی ئۆبژێکتیڤیتە، دەبێ سنوورەکان و کەموکوڕییەکانی شۆڕشی هونەریی بەردەوام بێت، لەم بەردەوامبوونەدا بزانین کەچی لەهونەر ماوەتەوە و بەبەردەوامی ماوە، بەڵام نەك وەکو بەشێك لە دارایی، نەك وەك بەشێك لە سرووشتی نەگۆڕ، بەڵکو وەك یادەوەرییەك لەژیانی رابردوو، یادەوەری ژیانێك لەنێوان وەهم و ریالێتی، لەنێوان درۆ و هەقیقەت، لەنێوان مەرگ و شادمانیدا".(8).

نووسینی یادەوەری بەتایبەتی لەدەقی رۆماندا، بەشێکە لەچۆنایەتی هونەری، چ لەبارەی داهێنانی گوتنەوە، چ وەکو دیکۆمێنت کردنی گوتارە مێژووییەکان، نووسین مەعریفییەکەی پراکتیکییە لەچوارچێوەی خەیاڵ، یان تەکنیکی خەیاڵی، هەمیشەش بەم شێوەیە دەوروژێنرێت و لاسایی دەکرێتەوە، نووسین لەچوارچێوەی ئارەزووی خەیاڵیدا دەتوانێت ببێتە ئەزموونێکی بەکۆمەڵ، ئیدی بەشداریدەکات لەپێکهێنانی دەستەیەك، یان لەکۆمەڵێکدا وەك رەگەزێکی ناسك، یان بەجۆرێك لەجۆرەکان وەك رەگەزێکی ئەنارشیستی بەشداری دەکات، کەواتە

نووسین لەو کاتەوە بۆتە رابەرێك کە لەدەشتێکی نادیاردا پێشەنگایەتی کاروان دەکات.

ئەوانەی وەکو خۆ نووسینەوە و یادەوەری تۆمارکردن، وەکو ئەوەی لە رۆمانی لۆلیتای نابۆکۆف هەیە کاریان کردووە، کاردانەوەی هەمیشەییان بۆ نووسینی دوای خۆیان جێهێشت، نموونەی دایستۆفیسکی و سامۆئێل بێکت و فرانتس کافکا بوون، بازنەیەکی بەرفراوانیان لەدوودڵی و وەسوەسەی تاکدا کێشا، جوانی ئەم شێوازە لەنووسین، لەوێدایە کە هەم ترسی دوورخستۆتەوە لەخوێنەر، هەم درووستکردنی شەفافییەت بۆ نەهێشتنی پاساوگەلێکی نا شایستە، بەپێچەوانەوە یاخیبوونی بەرهەمهێنا کە جوانترین لایەنی ئەم کردە ئیستاتیکیەیە کە تاکی ئاست نزمی کرد بەتاکی باڵا.

سەبارەت بەتێکستی جوان و جوانی تێکست بەهەمان شێوەی پارچە کلاسیکیەکانی پێشووە کە پەیوەندی بەرەسەنایەتییەوە و موڵکییەت وەکو شێواز هەبوو، لەمێژوودا نووسین لەسەر بەرد دوو وەزیفەی هەبووە، یەکێکیان شیوەکاری و ئەویتر دیکۆمێنت کردنی نووسین و دەقی یاسایی وەکو کارە یاساییەکەی حامورابی و نووسینی گاتاکانی زەردەشت لەسەر پێست و چەندین دەقی دیکە کە ئێستا بۆتە ئاسەواری نەتەوەیی و کولتووری کۆمەڵگەکان، یان ئەو نووسینانەی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ژاپۆنی و هاتنی جەنگیزخان بۆ

ڕۆژهەڵات و هتد کە لەسەر پێستی ئاژەڵ نووسراونەتەوە، هەموو ئەمانە بوونەتە زەخیرەیەك بۆ ئەدەب و هونەر.

لەهونەردا پێوەرەکان پەیوەندییان بەریالیزمەوە هەیە، بێگومان هەر بەو جۆرەی کە هەر تیۆرەیەکی زانستی هەر کە نادرووستی دەردەکەوێ، بایەخی خۆی دەدۆڕێنێ، ئەگەر هونەریش لەگەڵ شێوازەکانی ریالیزم بەتەواوەتی بێگانە بێ، وەك چۆن لەچڤاتی مۆدێرن روویدا، بایەخی جوانیناسانەی خۆی بەتەواوەتی دەدۆڕێنێ.

لوسیان گۆڵدمان خوێندنەوەیەکی بۆ کتێبی (گیان و فۆرمەکان) جۆرج لۆکاچ کردووە. بەقوڵی لەبارەی ئەخلاق و ئیستاتیکای ئەو پرسانەوە کردووە کە لەداهاتوودا گفتوگۆی ژیانی چینایەتی کردووە، چونکە جیهانبینییەکی نوێ بۆ ئەدەب لەسەرتاسەری دونیای سەردەمی خۆی و داهاتوو کردووە کە پەیوەندییان بە ڕاستی ژیانەوە هەیە، ئەو شێوازە لەرەخنە شرۆڤەی پرسە ڕاستییەکانی ژیانە."ئەگەرچی جیاوازی نێوان زانست و هونەر ئاشکرایە، بەڵام ددانی پێدادەنێین بەپێی ئەو شتەی لەسەرەوە گوترا نەدەتوانین مانای ئاکسیۆلۆژی ریالیزم دیاری بکەین و نەئەو پێوەرانەی کە لەمەڕ ریالیستی کاریگەریان دەبێت، چونکە جوانیناسی بەجۆرێك ناکۆکی چارەسەرکراوی نێوان

فرەچەشنی و بەرهەست دەزانن و لەلایەکی تریشەوە ئەم بەهایە بەیەکێتیەك دەزانن کە پێکهاتەی گونجاو تۆکمە دەکات".(9).

پێشتر حاڵی ئەدەب تەنها سەرزارەکی بوو، بەکارهێنانی کەرەستەکانی ژیان باشترین رێگەچارەی بەدیکۆمێنت کردنی تێکستەکان بوو، ئیدی ئەدەب لەوێوە هەوڵی بۆ بەدیکۆمێنت کردنی دا، قەول و تێکستە ئاینییەکانی وەکو تەورات و ئینجیل و قورئان و ئاڤێستا و بوزایی و قەولەکانی ئێزیدییەت و هتد، تائەو جێگەیە وەکو قەول مایەوە کە نووسرایەوە، جوانی ئەم کارە لەبەکارهێنانی زەینییەت و عەقڵدایە، هەموو ئەمانە پێشتر وەزیفەی بەرگری و بوونگەرایی و کێشەی سەلماندنی بوونیان هەبووە، بەڵام دواتر بوون بەئەدەب کە یەکێك لەهۆکارەکانی بەدەستهێنان و دۆزینەوەی جوانیی لەنێو زماندا، ئەو تێکستانەن کە بوون بەبنەمای ئەدەب.

ئەو کاتەی کە شیعرەکانی سۆفۆکلیس و مەزموورەکانی داوود پێغەمبەر و تێکستەکانی شکسپیر دەخوێنینەوە، ئەو کاتەی رۆمانەکانی دیستۆفسکی و دانتی و سێرڤانتس و حافزی شیرازی و خەییام و لەکوردیدا نالی و مەحوی و مەولەوی و لەعەرەبیدا ئومروئلقەیس و موتەنەبی و ئەبو عەللای موعەرِیی و هتد دەخوێنینەوە، وەکو تێکستی رەسەن یان ناسراو بەتێکستی بنچینەیی، هەر ئەوکاتە تێدەگەین کە بۆچی خوێندنەوەی ئیستاتیکی پێویستە بۆ تێکستی

ئەدەبی، تاکو جوانی لەنێو تێکستەکاندا بدۆزرێتەوە و موڵکییەت وەربگرێت، هەڵبەت بەبێ شیکردنەوە بۆ ئەدەب، کێشەیەکی دیکەی ئەدەبی دەخوڵقێت کە فرەییە لەهێرمۆنتیکا، ئەمەش تێگەیشتن بەلاڕێدا دەبات، چونکە ئەم شێوازە لەخوێندنەوەیە دەستەبژێرییە.

جیاوازییەکە لێرەدا سەبارەت بەبینین و خەیاڵ، لەوێدایە وەختێك هەست بەوە دەکەین بینین توانایەکە، هەموو کەس زاڵ نابێت بەسەریدا، بۆ دۆزینەوەی جوانی لەهەرکام لەو کۆنتێکستانەی کە دژ بەیەکن و هەریەکەیان سیفەتێکی نیگەتیڤ یان پۆزەتیڤی وەرگرتووە لەژیانی کۆمەڵایەتییدا، وەکو چەمکەکانی وەهم و ڕاستی. درۆ و هەقیقەت و سرووشت و پۆست سرووشت و یان میتافیزیك و هتد، کە ئەمە لایەنە ڕاستییەکەیەتی.

هەرچی کە بابەتی خەیاڵە، موڵکیەتێکی شمولییە و هەموو کەس دەتوانێ بیری بۆ شتی سەیروسەمەرە و خوڵقێنەر بچێت و بینوسێتەوە و بەپراکتیکی بکات، یان دیکۆمێنتی بکات، ئەگەر بتوانێ دیکۆمێنتی بکات، "بەمەرجێك ئەگەر شێوازی چێژ بەخش بێت هونەر یان نووسین بێت، چونکە بینینی هەر شێوازێك کە جیاوازە لەگەڵ رابردووەکەی خۆی، واتای ئەوەیە کە شتێکی لەنوێوە خوڵقاندووە و لەوێنەی نییە، ئەمە مانای داهێنان و بلیمەتییە، بابەتێتی ئیستاتیکیش لەلای هەر نووسەر و هونەرمەندێك ئەمەیە پێوەرەکەی".(10).

چونکە بەشێکی زۆر لەمرۆڤ هۆشیار نین لەبارەی ژیانی خۆیان و ئەوانی تر، تاکو ژیان و رووداوەکانی رۆژانە دیکۆمێنت بکەن و بەپێوەر هەڵیبسەنگێنن، تاکو ببێت بەئەزموون بۆ ئەوانی تر و دووبارە نەبێتەوە، ئەگەرچی ئەمە پارێزگاری لەرەخنەی ئیستاتیکی و هەستی جوان بینیش دەکات لەدەق و بابەتی هونەری، ئەم بابەتە لەئاستی نێودەوڵەتیش دەستشکاندنەوەی لەسەر کراوە و پێویستی بەدادوەرێکی شارەزا هەبووە، تاکو یەکلایی بکاتەوە کە رەسەن کامەیە و لاسایی کامەیە، ئەگەرچی هەموو کەس دەتوانێ خەیاڵی ئاسایی و نائاسایی بکاتەوە و هیچ سانسۆریش نەکرێت، بەڵام بینین مانای فراوانی هەیە بۆ شتەکان و دیاردەکان و ئاشکرا کردنیان، بەتایبەتی شتە بچووکەکان و ئیستاتیکای نەبینراو، هەروەکو جیاوازی و وردەکاری نێوان نووسینەوەی دەقی دۆنکیشۆتی سێرڤانتس و کاتژمێرە تواوەکەی سلڤادۆر دالی و مۆنالیزای داڤینشی و حافزی شیرازی و شیعری مەم و زینی خانی و حەبیبەی نالی و هتد.

## زمانی ئیستاتیکی

گرینگترین بابەتی ئیستاتیکا مەبەستداری لۆژیکی زمان و تێکشکاندنی زمانە کە هونەری پۆست خەیاڵییە، چونکە زمان لە زۆربەی کاتەکاندا وەکو (میخایل باختین) تێبینی کردووە، (لەرێگەی وێنەی شعرییەوە مانای جوانی بەرهەمدێنێ)، تیۆرێکی ئەدەبی دیکە هەیە کە (رۆلان بارت) خاوەندارێتی دەکات، جگە لەم بابەتە کە هەموو ئەدیبێك بەبێ جیاوازی رەگەز و نەتەوە دەگرێتەوە، باسی پلەی سفری نووسین دەکات، لێرە پلەی سفر کە تاکو ئێستا هیچ وڵامێکی رەهای وەرنەگرتووە، تەنها وێناکردنی سنووری نێوان مانای حەرفی و مانای مەجازی نەبێ، مانایەکی دیکەی نییە خوێنەر ئاشنای بێت، ئەوانەش کە پێیانوایە "پلەی سفری نووسین پەیوەندی بەکۆنتێکستەوە هەیە، لەوانەیە ئەمە بیناکردنێکی پیشەسازی بێت بۆ نووسین، کەوابوو لەگەڵ دەستاودەستکردنی مانا و کۆنتێکستی هونەرکاری، دیاری ناکرێت و بەکارێك قورس تەماشا دەکرێت، هەموو ماناکەش لە (چاوە رۆشنکەرەوەکان) دا دەردەکەوێ، لەکاتێکدا لەرووی زانستییەوە، ئەندازیار و کارەبایی و تەلارسازی و زانستکارەکانی دیکە، وشەی رۆشنکەرەوە بەو جەستەیە دەڵێن کە لەگەڵ خۆیدا

ڕۆشنایی بەرهەم دێنێت، خۆ ئەگەر ڕەهەندی ئەم زاراوە یان وشەیە لۆغەتێکە و کاری پێدەکرێت، ئەوە دەکەوینە بەردەم مانایەکی تری دژی مانای پێشوو، ئەویش نەشازیە، واتە ناوێزەیی سایکۆلۆژیی دەلالیە و هیچی تر".(11). واتە زمان چالاکترین ئۆرگانی جەستەیە لەرووی فیزیکییەوە، بەڵام چالاکترین ئۆرگانیشە بۆ بەرگریکردن لەئایدیا و ئەخلاقی کار.

کەوابوو هەموو دەقنووسێکیش توانای بەرهەمهێنانی مانای نییە، بۆیە دەڵێم دیالیکتیکی ناکۆکییەکان کە هونەری نەفیکردنە لەنێوان هونەر و ژیانی ڕاستی، ناکۆکی شێوە و ناوەڕۆك کە پەیوەندی بەسوونەتی باو و هونەری مۆدێرنەوە هەیە کە شێواز بەسەر ناوەڕۆکدا زاڵ دەکات، ئیتر مرۆڤ مەحرووم دەکات لەهەموو ئەو شتانەی چێژی تایبەتی دەدەن، نەبوونی لەبەرچاونەگرتنی ئەم شێوازە، لەهەر بوارێکدا بووبێت تا ئەو جێگەیەی دەگاتە خۆشەویستی وەهمی و زاڵبوونی غەریزە، مانایەکی دیکەی وەرگرتووە، ئەمە لەشوێنێکدا تایبەتمەندییەکی نادیاری مرۆڤە کە بەو خەیاڵەوە چێژی خۆشی و جوانی لەشتەکانی دەورووبەر دەبینێ.

"نەرۆمان و نەرۆماننووس کارەکتەر و کردەیەکی هونەری نین، ئەگەر هونەرەکە بۆ نووسەرەکە وەکو منداڵێك بەبێ دایك نابێ کە بۆ ماوەی 6 مانگ لەسکیدا، شیر و نان لەڕێگەی جەستەوە دەبەخشێت بەکۆرپەلە و منداڵەکەی، بەڵام ئەمە

بەهێزێکی تایبەت دەبێتە منداڵ، نەك خۆڕسك، هەروەها هەموو تەمەنی لەرێگەی ئەو هێزە داهێنەرانەیەوەیە کە دایك بۆی رەخساندووە، بۆ نووسینیش هەر وایە کە نووسەر کارەکتەری چالاکە تێیدا و ناشێت نووسەر پەلە لەهونەری نووسین بکات، چونکە ئەو پەلەکردنە لەبەهای ئیستاتیکی دەقەکە کەمدەکاتەوە، کەواتە نووسین و منداڵ تەنها شتێك جیایان دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە منداڵ بەشێوەیەکی سرووشتی پەروەردە دەکرێت، بەڵام کاری هونەری دانەرەکەی تایبەتی دەوێ و بەنا ناسرووشتی بەرهەمیدێنێت، رۆمانیش لەو کائینە زیندووە دەچێت، ئەوکاتەی دەخوێنرێتەوە زیندووە، ئەو کاتەش کە ناخوێنرێتەوە لەکتێبخانەدا مردووە".(12). ئەدغار بۆیە ئەم بۆچوونەی هەیە، چونکە پێیوایە نووسەری جوانناس و جوانکار، لەوە تێدەگات کە هەموو شتەکان دیاردەی سایکۆلۆژییە لەخودا، بۆیە ئەو سنوورە دەبڕێت و داهێنانەکەی بەبێ ترس دەردەخات، وەکو چۆن ئافرەتێك بەبێ ترس لەپێکهاتەی خۆی و جەستە و شێوازی سایکۆلۆژی خۆی، منداڵەکە بەرهەمدێنێت و لەدایك دەبێت و گەورەی دەکات.

بەڵام لێرەدا دژوازییەك هەیە لەنێوان رۆماننوس و بیرەوەری نووس، چونکە جیاوازیەکە و دژوازییەکە لەوەدایە کە ئەوەی یادەوەری دەنووسێت بۆ دوای مردن و گۆڕی خۆی دەنووسێت، تاکو راستییەکان بزر نەبن، بەڵام رۆماننووس

سنووری کارەکتەری خۆی دەبڕێت و دەبێتە کائینێك کە موڵکی گشتە و ژیانی گشت بەخەیاڵ دەنووسێتەوە، ئەمە پنتی داهێنانەکەیە کە تێگەیشتنی مانا جیاواز دەکاتەوە لەتێگەیشتنی نامانا کە لەیادەوەریدا جێگەی دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە زمانی شیعری لەیادەوەریدا جێگەی نابێتەوە، بەڵام رۆمان بەبێ زمانی شیعری کەلێنێکی نووسینی ئەدەبییە، چونکە زمانی شیعر واتە جوانی نووسین.

دیسان دەگەرێمەوە سەر پرسیارە بەردەوامەکە، ئایا جوانی لەکوێوە دێت و ئەو رەگەزانە چین کە رازیمان دەکەن ئەو شتە یان ئەو کردەوە و وێنە و رەنگانە جوانن یان بەپێچەوانەوە؟، ئەم ئیدراکە ئەگەرچی بەشێکی هەستەکان بەرهەمیدێنێت کە کانت و هایدگەریش بە(حدس) واتە پێش دەرککردن ناوی دەبەن، یان بەمانایەکی دیکە تێڕوانینی پێشوەختە هاتووە، بەڵام بەشەکانی دیکەی ئیستاتیکا لەنێوان گشتگیری و فەلسەفی و واقعییەتی ژیاندا بەهای وەرگرتووە، هەروەك چۆن لەنێوان بەهەشت و جەهەننەم شوێنێك هەیە ناوی بەرزەخە، ئاوهاش پنتێك هەیە بەناونیشانی مەیدانی زانستەکان کە نێوەندگیرییە بەمانای عەقڵی رەها، هەروەها ئەوانی تر کە روحین، فکر و خەیاڵ بەرهەمیدێنن کە لەوێنە سیمبولییەکانی سرووشتەوە هاتوون.

نووسین بەشێکە لەچۆنایەتی هونەری ئیستاتیکا، چ لەبارەی داهێنانی گوتنەوە، چ وەکو دیکۆمێنت کردنی گوتارە مێژووییەکان،"نووسین مەعریفییەکەی پراکتیکییە لە چوارچێوەی خەیاڵ یان تەکنیکی خەیاڵیدا، هەمیشەش بەم شێوەیە دەوروژێنرێت و لاسایی دەکرێتەوە، نووسین لە چوارچێوەی ئارەزووی خەیاڵیدا دەتوانێت ببێتە ئەزموونێکی بەکۆمەڵ، ئیدی بەشداری لە پێکهێنانی دەستەیەکدا دەکات، یان کۆمەڵێکدا وەك رەگەزێکی ناسك، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان وەك رەگەزێکی ئەنارشیستی، نووسین ئالەو کاتەوە بۆتە رابەرێك کە لەدەشتێکی نادیاردا پێشەنگایەتی کاروان دەکات"(13). نموونەی ئەوانەش وەکو خۆنووسینەوە دیستۆفیسکی و بێکت و کافکا و هتد کە بازنەیەکی بەرفراوانیان لە دوودڵی و وەسوەسەی تاکدا کێشا، جوانی ئەم شێوازە لە نووسین، لەوێدایە کە هەم ترسی دوورخستۆتەوە لەخوێنەر، هەم درووستکردنی شەفافییەت بۆ نەهێشتنی پاساوگەلێکی ناشایستە، بەپێچەوانەوە یاخیبوونی بەرهەمهێنا کە جوانترین لایەنی ئەم کردە ئیستاتیکیەیە کە تاکی ئاستنزمی کرد بەتاکی بالا.

## لەدایك بوونی فەلسەفە

سەرەتای لەدایکبوونی فەلسەفە هەموو ئامانجەکانی بەوەڵامدانەوەی پرسیارە ئەزەلییەکانەوە گرێدابوو، چونکە لەسەردەمی خۆیدا بەشێکی زۆری پرسیارەکان ماتماتیکی و فیزیکی و فەلەکناسی بوون، لەدوای ئەمەش چەمکی دەسەڵات و ئەخلاق و چاکەکاری و مەعریفە و دیالیکتیك و سیستم و شار و هتد، ئیدی بەرهەمهێنانی چەمکی ئیستاتیکی بوو بۆ کایەکان، لێرەوە ئیستاتیکا سەربەخۆیی لەسرووشتەوە گواستەوە بۆ هونەر، کە فەلسەفە ستایشی کرد و وەکو نەریتێك سەرچاوەی ئەزموونی مەزهەبەکانی ئەدەب و هونەر کە باوەڕی لەفەلسەفەی وشك و ئەبستراکتەوە گواستەوە بۆ سەرنجراکێشان لە میکانیك.

ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە و بەدیاریکراویش سەدەی پێنجەمی بەر لەزایین، دەبینین فەیلەسوفانی چین لەدەرگای بابەتی ئیتساتیکایان داوە، بەتایبەتی کۆنفۆشیۆس (551_479) بەر لەدایکبوون، لەبارەی هونەرەکانی مرۆڤ ناسییەوە، بەتایبەتیش میوزیك و شیعر و فراوانبوونی دەرکی مرۆڤایەتی بۆ شتەکان، بەپێچەوانەی ماوتن موزی (470_391) بەر لەدایکبوون کە گفتوگۆی چینە بەکارهاتووەکانی کرد لەنێو هونەردا، هەروەها کەڵك وەرنەگرتنی لەنێو

گشتدا، ئەوەی ئاشکرا کرد کە تەنها دەوڵەمەند و موڵکدارەکان کەڵك لەهونەر وەردەگرن، بۆیە هونەری رۆژئاوایی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەژێر کاریگەری بنەماڵە و کولتووری یۆنانی کلاسیك و ئەریستۆکراتەکاندا بوو، لەمڕاستاییەدا کەنیسە توانی کۆنترۆڵی توانا هونەرییەکان بکات، بەتایبەتی ئەوانەی کە لاگیریان بۆ کەنیسە و دەسەڵاتەکەی هەبوو، لەسەدەی 17 تاکو ئێستاش ئەوەی لەفەلسەفەی رۆژئاواییدا ئامادەیە، بیرمەندەکان جەختیان لەوە کردۆتەوە کە لەئاڵماندا ئیستاتیکا یەکێکە لەژانرە هەرە زانستییەکانی هونەر، (فریدریك شیلەر) (1759_1805) پێیوایە ئیستاتیکا بەواتای ریشێوازی نێوان سرووشتی مرۆیی و عەقڵانیەت و هەستەکانیەتی، هیگڵیش پێوایە ئەزموونی ئیستاتیکی ئەزموونێکی خودییە".(14).

بۆیە لایەنی فەلسەفە لەجوانیدا و رەهەندی دیکە هەیە، چونکە قوڵتر لەو چەمك و تێگەیشتنە دەڕوانێ کە مرۆڤ بەغەریزەکانییەوە گرێیداوە، واتە جوانی تەنها جیهانێکی نوێ نییە بۆ رزگارکردن لەوێستگە ترسناکەکان، یان ئەوەی ئایدیایەك بێت بۆ تێپەڕاندنی نەریتێکی کۆن و کارێکی هونەری هیومانیستی نوێ کە ژیان مسۆگەر بکات، لەهەردوو رێبازی ئەفلاتون و مارکسدا تێڕوانینی وردی ئیستاتیکی هەیە بۆ ژیان، "حەزی دروستکردنی جیهانێکی باشتر و کەمێك عەقڵانیتر لەدونیای ئێمە، جیهانێك کە بێبەری بێت لەهەموو ناشیرینییەکانی،

نەك لێفەیەکی چل پارچە، یان کۆلاژێکی کۆن، بەڵکو جلێکی سەراپا نویێ و جیهانێکی بەڕاستی گەنج و جوان، ئەم ئیستاتیکایە بەتەواوی بۆ ژیان دەشێت".(15). چونکە گەنجێتی ئەو بۆشاییەیە کە نەوەکان لەسەر شێوازی زەمەنی خۆی رادەهێنێ، بۆیە ئەو سەردەمە هەموو شتێك جوانە و هەموو شتێکیش بەجوانی دەبینرێت کە ئەمە بەشێکی پەیوەندی بەتەندروستی و جەستەی ساغەوە هەیە.

ئەمە دەربڕینێکی خەیاڵی و هونەرمەندانەو ئەندازیاریانەیە بۆ ژیان و ویستی ژیان لەدەرەوەی هەموو ستەمکارییەك، هەروەها سنوورێکیشی نییە بۆ هونەری تێگەیشت لەو دۆخانەی قۆناغ بەقۆناغی مرۆڤ پێکەوە گرێدەدەن،"زۆربەی فەلسەفە نوێیەکان شەقڵی دوالیزم یان پێوەیە، ئیتر ناکۆکییەکان لەنێوان رۆح و ماتریاڵدا، یان لەنێوان خۆشەکی و سرووشت، یاخود لەنێوان جیهانی بەهاکان و کەتوار، یان لەنێوان جیهانی بەجێ و جیهانی بەرهەست، یاخود لەنێوان خود و بابەت، یان لەنێوان فکر و کردار بەرپا دەکرد، دەبینین جۆن دیوی پاکتاوکردنی گشت ئەم دوالیزمانەی لەئۆباڵی خۆی گرت، لەپێناو ئەوەی بۆمان دەربخات عەقڵ بەهرەیەکی دابڕاو نییە لەئەزموون، یان ئەوەی توانستێکی باڵا پەلکێشی جیهانێکی بەرزترمان بکات، گشت راستییە هەمەکییەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت، بەڵکو عەقڵ لەهەناوی سرووشتدایە".(16). تێگەیشتن لەو تێڕوانینە نوێیە بۆ

ئیستاتیکا، بەر لەهەرشتێك جیاکردنەوەی هونەر بوو لەزانست و مۆڕاڵی ئاینی و کۆمەلایەتی و ئایدیۆلۆژی، ئەمە خەسڵەتی سەرەکی هونەری گەڕاندەوە شوێنی خۆی کە بەدوای هەقیقەت و رووداوەکاندا وێڵ بوو، چونکە مانای ئیستاتیکی بۆ هونەر کە جیاوازە لەمانای ئیستاتیکی سرووشت، لەگرەوەی بردنەوەی گرفتە تایبەتەکانی ژیان بوو لەرێگەی چالاکی جۆراوجۆرەوە.

دکتۆرە (ئەمیرە مەتەر) کە بیرمەندێکی عەرەبییەو تێڕوانینی تایبەتی هەیە لەسەر رەخنەی ئەدەبی و هونەری لەبارەی ئیستاتیکاوە، ئەو پێیوایە جیاوازییەك لەنێوان فەلسەفە و جوانیدا هەیە، چونکە هەریەکەیان زاراوەیەکی تایبەتن و هەریەك لەکۆنتێکستێکدا کاری خۆیان دەکەن، ئەمە پێوەری فەلسەفیە. لەبەرامبەر تێۆری زانستی کە مێژووی هۆشیاری و مێژووی هونەر یاسا و رێسای خۆی هەیە و ئەخلاقی پەروەردەیی رەسەنایەتی بۆ داناوە، بەو مانایەی کە کامیان داهێنانە و کامیان نەخێر.

بەختەوەری کۆمەڵگەیەك لەوەدا نییە ئازادە، بەڵکو لەوەدایە چۆن ژیان بەجوانی دەبینێت و چ بەهرەیەکی پێدەدات و چ عیشقێکی لەگەڵ دەکات، عیشق بەمانا جەوهەرییەکەی نەك وەرگرتنی ئەو شێوازەی کە بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەی سێکسە لەرێگەی هاوسەرگیرییەوە بەرجەستە دەکرێت و پاش ماوەیەکی کورت لەو ژیانە دەمرێت، ئەگەرچی نەتەوە و کۆمەڵگە دواکەتووەکان هەستیان

بەرامبەر بەئیستاتیکای ژیان لێڵ و تەمومژاوییە، بەو مانایەی کە بەشەرمەوە بەکاریدەهێنن، یان دەترسن لەدەربڕینی هەستی خۆیان بەرامبەر بەجوانی شتەکان و ئەو دیاردانەی غەریزە گەرەکییەتی، بەڵام بەدیارخستنی ئەو هەستە لێڵاوییە، سنووری بۆ دانانرێ ئیتر، بۆیە هەموو چێژەکان و بەهاکان خۆی لەخۆیدا بە پۆزەتیڤ دەمێننەوە لەهەستەکاندا، بەپێچەوانەوە نیگەتیڤ دەکەوێتەوە لەجەستەدا، بەڵام هەموو ئەمانە لەدەرککردن بەجوانی یەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە چێژوەرگرتن لەجوانی، هەموو چێژەکانی دیکە پەراوێزدەخات، هەر ئەمەشە زمانە جەستەییەکە لەرێگەی چێژوەرگرتنی زمانەوە بەرهەمدێت، باشییەکەشی ئەوەیە کە جۆری چێژوەرگرتنەکە جودایە لەگەڵ چێژەکانی تردا".(17).

سانتیانا تەواو بەپەرۆشییەوە تەماشای بەهای ئیساتیکی کردووە و بەئەرکێکی مۆڕاڵی نەبینیووە، چونکە بەهای مۆڕاڵی ئەرکێکی پۆزەتیڤی کۆمەڵایەتی هەیە و دوورە لەئەرکی هونەر و هونەرمەند، ئەو ململانێیەی لەئاستی کۆمەڵایەتیدا هەیە، جیاکراوەتەوە لەگەڵ ململانێی نێوان هونەر و سرووشت و دیاردەکانی تر، ئەمە خۆی درووستکردنی فەزایەکی ئازادی خوڵقاندووە بۆ هونەرمەند، بەهای ئیستاتیکی ئامانجێکی هەستەکی هەیە کە تەنها تاك دەتوانێ کەڵکی لێوەربگرێت. (18).

ئێمە لەرابردوودا قسەدەکەین، داهاتووش ئامانجێکی جوانی لەبەردەمدایە، ژیانیش بۆ داهاتوو ئەوەیە چۆن ستراتیژێك بۆ نەوەکان دادەنێت حەزی خولقاندنی چۆنایەتی جودا بکاتەوە لەچەندایەتی، چۆن ژیان دۆست بێت، ئەمە پێویستی بەو شێوازەیە کە ناڕەزایەتی هەیە بەرامبەر پێناسەیەکی دیاریکراوی ژیان کە ژیان وەکو هێڵێکی زنجیرکراو کە مانای کۆتایی هێنانی بەئیستاتیکاداوە، ئەمەش بەشێکی گەورەی پانتایی ئەخلاقی کۆمەڵگە دەگرێتەوە کە چەند ئامادەیە ئەم ئەخلاقیاتە پراکتیك بکات، بەتایبەت رزگاربوون لەرەهایەتی، چونکە هونەر و ئیستاتیکا شایانی سنوورە جەوهەرییەکانی ئازادی و بەختەوەریین، بەوپێیەی کە جوانیناسی پراگماتیکی نییە کە شێوازە رەسەنەکانی کولتووری کۆمەڵایەتی سەرکۆنە بکات لەپێناو دواخستنی هۆشیاری، بەپێچەوانەوە ناکۆکەکان لەیەك کۆنتێکستدا یان لەیەك بازنەدا کۆ دەکاتەوە، هەروەك ئەوەی دیزاینی نوێی جلوبەرگ یان هونەری راپ و پۆپ و هتد، لەیەك ستراتیژی میدیاییدا کۆدەکاتەوە بەناوی هونەر و دیزاین، بەبێ ئەوەی بینەری میدیاکە بزانێ ئەم دەستگایە خاوەنی چ بانگەشەیەکە و خاوەنی چ ئایدیایەکە بۆ ئیستاتیکا.

ئەم بابەتە ناسراوە و شاراوە نییە کە هەموو شتەکان لەرێگەی هەست و هۆشەوە دەمانگەێنێتە نهێنیەکانی سرووشت کە فەلسەفە بانگەشەی بۆ دەکات،

شارەزایی هەمیشە بریتییە لەو شارەزاییەی کە بەشێکی دانەبڕاوە لەسرووشت، ئیسنان بەسرووشت خۆشەویستی بۆ جوانی هەیە، بۆیە بۆ هەموو شتێك پێوەری دیزاین و جوانی داناوە، پەسەندکردنی عەقڵ لە بینینی جوانی ئەو دینامیکییەتە دەسەلمێنێ کە شارەزایی بریتییە لەکارێکی زیندوو لەنێوان بوونەوەر و ژینگە، یان شارەزایی لەمیتاڵی ژێر خاك، یان شارەزایی پزیشك بۆ کارەکەی و ئەندازیارێك بۆ کارە هونەرییەکەی، وەرزشوانێك بۆ ڕێکخستن و جوانکردنی جەستە و گرەو لەسەر مانەوە، مەبەست لەمەش گەڕانەوەیە بۆ شارەزایی لەئیستاتیکای ژیان، شیلەری شاعیری ئاڵمانی لەکتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی (نامەیەکی پەروەردەیی بۆ ئیستاتیکای مرۆڤ) دەڵێت" پێداگیری لەپێویستی دامەزراندنی بەشارستانی بوون، بەپاڵپشتی هێزێکی ئازادیخواز وەکو وەزیفەیەك بۆ ئیستاتیکا دەبێت، ئەمەش بەرێگەی هونەر دەبێت کە شێوەیەکە لەنەفیکردنەوەی تەکنۆلۆژیا کە مرۆڤی کۆنترۆڵ کردووە لەهەموو کایەکاندا".(19).

هەندێك پێیانوایە ئەوەی کە ئێمە هەستی پێدەکەین بەهەموو هەستەکانمانەوە لەنێو سرووشت، سنوورێك بۆ ئیستاتیکا دانانێت، چونکە زیاترە لەوەی کە بەجوان پێناسە کراوە و سەپێنراوە بەسەر جوانکاریدا، "(ماروین منیسکی) بونیادنەری هۆشی دەستکرد لەو باوەڕەدایە کە ئەزموونکردی جوانی یەکێکە

لەرێگە سرووشتییەکان، بۆ ئەوەی مێشکی ئێمە بۆ ماوەیەك لەبەردەم وەرنەگرتنی هزری خراپەدا دابخرێت، بەڵام ئەوەی دیمەنی جوانی رێنمایی هزریمان دەکات کە بۆ ماوەیەك واز لەشیکردنەوە و رەخنەگرتن و بەهادارکردنی شتەکان بهێنێ، جوانی یەکێکە لەو ئەزموونە دەگمەنانەی کە رێگەمان پێدەدات بەرامبەر بەحوکمی عەقڵی خۆمان بڵێین (نا)".(20).

واتە بەشێك بین لەو گومانەی کە سەرەنجام دۆزەرەوەی راستییەکانە، بۆیە نارەزایەتی و بەکارهێنانی (نا) وەکو شێوازێکی یاخیگەرێتی، بەشێکە لەو گەڕانەی بەدوای جوانی ژیاندا دەگەڕێت، چونکە شادومانی بەخشین لەرێگەی چێژوەرگرتن لە جوانییەوە، مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ کائینێکی سرووشتی، نەك ئەو بیرەی میکانیکییەی مرۆڤی کردووە بەڕۆبۆت و بەهەموو شتێك قایل بێت، بۆیە ئەم هەستە دەتوانێ ببێت بەکائینێکی بیرکەرەوە و رەخنەگر لەکارە ناتەواو و قیزەون و ناحەزەکان، یان بەپێچەوانەوە کە هەندێك جار ستەمکار چێژ لەستەمی ئەویدیکە دەبینێ، ئەمە نەك هەر عەقڵ و لۆژیك، بەڵکو هەستیش وامان پێدەڵێ، (مشییلا مازرانو) لەکتێبی (فلسفه الجسد). دەڵێ (جەستەی جوان و ئازادی تاك، لەفکر و دۆخی سایکۆلۆژی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك جوانکاری جەستە، یان فکر بەتەنها).

لەفەلسەفەدا ئیستاتیکا چەند ڕەهەندێکی هەیە بۆ فینۆمینۆلۆژیا، "یەکێك لە ڕەهەندەکان بەرهەمهێنانی شێوازی فینۆمینۆلۆژییە کە لەنێو خودی تاکدا ڕاستییەت و هەقیقەت هەیە، ئەمەش بەکورتییەکەی وادەکات هەموو شتێك بکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی پێداویستییەکانمان و لەرێگەی تێڕوانینی سۆبجێکتییەوە وەکو پەرچەکردارێك دەمێنێتەوە، هەروەها ئەم بەرگرییە بۆ کەسێکی دیاردەگەرا هەڵدەستێت بەخۆناسین و دەگات بەشێوازی خۆ بەقورس زان و جوانی بینین لەخودی خۆیدا، ئەمە شێوازێکی دەروونییە کە ڕەنگە بزرببێت".(21).

تیۆری پراگماتیکی چەند ڕەهەندی جیاوازی هەیە، بۆیە پێناسەی جوانی، پێناسەیەکی پێوەرییە بۆ شتەکان و خودی مرۆڤیش، یەکێك لەرەهەندەکانی هەڵوێستی ئیستاتیکییە کە بڕواهێنانە بەدژە بەرژەوەندخوازی، جونکە لەدونیای فەلسەفەدا پراگماتیزم هەم پۆزەتیڤ و هەم نیگەتیڤە، ئەوەی پۆزەتیڤە بینینی جوانییە، ئەوەش کە نیگەتیڤە بۆ هاوسۆزیە لەگەڵ هۆشیاری و تێڕامان لەپێناو خوددا، فینگشتاین بەوێنەی مراوی و کەروێشك ناوی دەرکرد کە لەیەکێکیاندا سەری مراوییەکەیە و لەوی تریان سەری کەروێشك، ئەمە تەنها وێناندنی کەروێشك و مراوی نییە، بەڵکو پێدانی ڕەهەندی جوانییە کە ئاڵۆزی لەبەکارهێنانەکەدایە و هەموو کەسێك دەرکی پێناکات، لێرەدا سۆز و سۆزداری

بۆ تێڕوانین لەدیاردە و شتەکان لەسرووشتدا، لەتایبەتمەندییەکانی کاری هونەری نییە، بەقەد ئەوەی هەست و ئیدراکە لەبەرهەمی هونەری، جیاوازی لەنێوان کردەی هونەری و بابەتی ئیستاتیکی، هەروەها جیاکردنەوەی بەهای هونەری بەبێ بەهای ئیستاتیکی کە ببێتە هۆکارێك بۆ لەبیرچوونەوە، یان جوانبینییەکی کاتی، بابەتێکی دەروونییە، دەبێت لەو جیاوازییە بکۆڵینەوە کە بەهای بەشتە جوانەکە داوە، بەبێ ئەمە ناتوانین تێڕوانینمان هەبێت بۆ ئەو شتانەی کە بەئامانج وەرمانگرتووە و بۆتە بابەتێکی خودی بەبێ ئیدراك، بۆیە دەبێ تێڕوانین بۆ ئیستاتیکا فینۆمینۆلۆژی بێت و لەوێوە بەهای ئیستاتیکی بزانین.

ئەوەی کە شەرعییەت بەئیستاتیکا دەدات، شۆڕشی فینۆمینۆلۆژییە بەسەر خوددا، ئەو بیرۆکەیەی کە (هیگڵ یان برتراند راسل) باسی دەکەن، چونکە مرۆڤ ئامادەیەکی جەستەیی هەیە بۆ ئەزموون کردن لەهەردوو بارەکە، هەم لەرووی جەستەییەوە و هەم لە رووی سایکۆلۆژی و روحییەوە خۆی ئەزموون بکاتەوە و شێوازی خۆی بگۆڕێت، ئەگەر کێشەیەکی تێدابێت، یان لەرووی سایکۆلۆژییەوە فەزایەکی تایبەتی ناجێگیری هەبێت، هەروەك ئەوەی فرۆید لەدەسەڵاتی ئەفسانەییدا بەرجەستەی کردووە، نموونەش ئارەزووی منداڵی ئۆدیب وەکو گریمانەیەك بۆ جوانی هزر.

هیگلٚ لەفەلسەفەی هونەرە جوانەکان دا دەبێژێت، "ئەرکی هونەر و وروژاندن و وەدیهێنانی سەر لەبەری وزە و تواناییەکانی روحی مرۆڤ و هەروەتر وروژاندنی هەستێکە لەفراوانی و بەپیت و پێزیی خولّقێنەرەکەی".(22).

فەلسەفە بۆیە جەخت لەسەر جەستە دەکاتەوە، چونکە گرێدراوی فیزیۆلۆژییە بەبیرو عەقلّەوە، جەستە کەرەستەیەکە دەتوانین لەرێگەی کەرەستەیەکی دیکەوە بەکاریبهێنین، کێشەی جەستەش تەنها کێشەی بایۆلۆژی نییە، بەقەد ئەوەی کێشەیەکی قولّی سایکۆلۆژی و روحی لەگەلٚ خۆیدا بارکردووە.

باشترین تاقیکردنەوەی جەستەیەکی نەخۆش، ئەوەیە کە لەهەموو هەلومەرجێکدا خاوەنی فکرێکی تەندرووست نابێت هەتاکو بەئازارەوە بنالێنێ. وەهیچ جەستەیەکیش جوان نابێت، هەتا هەلٚگری سایکۆلۆژیا و فکرێکی جوان نەبێت، هەموو ئەو کەسانەی کە بەکارەکتەری خاوەن فکری سایکۆلۆژیایەکی نیگەتیڤ سەرسامن، یەکسانن بەوانەی کە سەرسامن بە کارەکتەری شێوازی جوانی بێ جەوهەری فکری، وەکو ئەوە وایە سەرسام بین بەنمایشکاری جلوبەرگ، یان شاجوان یان سەماکەرێك یان هەر جەستەیەکی دیکەی دوور لە بیرکردنەوە.

جەستەی مرۆڤ لەلای گاستۆن باشلار گەورەترین هێزی یەکگرتووە لەنێوان دژەکاندا، ئەو رستانەی کە هۆکاری دژبەیەکیان هەیە، ناتوانن ئاسەواری کارەساتێك بدۆزنەوە، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ خودی خۆمان کە چۆن دەرکمان بەوە نەکردووە رۆژئاواییەك گوتوویەتی " لۆسیان گۆڵدمان خۆی بەلایەنگری ئەندێشەی جوانیناسی کلاسیکی ئاڵمانی دەزانێ کە کانت و هیگڵ تاکو مارکس و لۆکاش قسەیان لەسەر کردووە، ئەم بیرمەندانە بەهای هونەری لەدوو شتدا دەبینن، لەلایەکەوە بەهای جوانیناسانە بەجۆرێك ناکۆکی چارەسەرکراوی نێوان فرەچەشنی و بەرهەست دەزانن، لەلایەکی دیکەوە ئەم بەهایە بەیەکێتییەك دەزانن کە ئەم فرە چەشنییە لەپێکهاتەیەکی گونجاودا تۆکمە دەکات".(23).

کێشەی ئەم چەمکە ئەوەیە کە مرۆڤ تائێستا بەدوای مانایەکەوەیە پڕ بەپێستی جوانی بێت، بۆیە هەمیشە لێکۆڵینەوەی هەمە چەشن لەمبارەیەوە دەکرێت و بەچەند دیوێکدا مانا وەردەگرێت، ئەوەی کە رێگەی بەم بابەتە داوە و شەرعییەتی وەرگرتووە و مانایەکی فرە رەهەندی پێداوە، ئەو فکرەیە کە وادەکات سیفەتێکی لەبارتر بەمەزنی سیستم و هەقیقەتی جوانی بەخشیوە، سرووشت تێروپڕە لەهونەری ئاشکرا نەکراو، بەتایبەتی ئارتی شێوەکاری و وێنەی فۆتۆگرافی و نهێنی دیکەی سرووشتن، لەوانەش مۆزیك کە خۆی جوان نییە وەکو پیشە، بەڵام وەکو بیستن جوانی دەبەخشێت و بۆ ئێکسسواراتی

جوانكاريش هەروایە كە بۆیاغ و رەنگەگان نییە بەتەنها، بەڵكو گۆڕینی سیمای كەسە جوانكراوەكەیە كە سیفەتێكی جوانی وەرگرتووە، یاخود هونەری رازاندنەوەیە كە بۆ كارەكتەرە شارەزاكە دەگەڕێتەوە، ئەمە بۆ هونەری چالاكی جەستەی شانۆیی و وەرزشیش هەروایە، لەوانەش جەستەی شانۆكارێك و وەرزشوانێكی راهێنراو و هتد، ئەمانە بەشێكن لەو وڵامانەی كە پرسیاری چی جوانە و جوانی مانای چییە؟.

بۆ ئەوەی باسەكەمان بەئارگومێنت بسەلمێنین، باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ عەقڵی فەیلەسوفەكانی بەر لەمێژووی نووسراو یان دیكۆمێنتكراو، ئەمەش ئەو وتەیەی بەرهەمهێناوە كە جوانی وەكو نموونەیەكی جیاكراوە و دابڕێندراو، بوونێكی خودییە لەنێو خودی خۆیدا دەژی و بۆ خۆی دەژی، واتە تا ئەو جێگەیەی كە مرۆڤ هەست بەجوانی بابەتێك، یان فیگەرێكی سرووشتی یان جموجۆڵێك یان كردەیەك دەكات، شتەكە یان بابەتەكە خۆی جوانە، بەڵام لەدوای هەست پێكردنەكەوە ریسكێك بەبیركردنەوە دەدات و مانای دیكە دەبەخشێت بۆ وەرگر، ئەمە لەلای هایدگەر هاوكێشەیەكە لەنێوان خود و بابەتدا دینامیكییەتێك هەیە، ئەویش بوونێك لەدەرەوەی گشت مانای نییە، چونكە هیچ خودێك بەبێ گشت هەست بەهەستەوەرییەكانی خۆی ناكات، بەتایبەتی هەستی ئیستاتیكی.

ئەو کۆمەڵە نموونانەی کە لەپێوەرە میتافیزیکییەکان و لەئەفسانە ئەفلاتۆنییەکان و نموونە زیندووەکانی حیکمەتەوە سەرچاوەیان گرتووە، ڕێك لەو هونەرانە دەچن کە لەکردەوە هونەرییەکاندا بەرجەستەکراون، واتە ڕاستیبوون و دژی ڕاستییەتی خۆیانن، چونکە ژیان یاسای دژەکان بەڕێوەی دەبات، داینەمۆی دیالیکتیکی سرووشتیش هەر دژەکانن، هەر شتێکیش ماتریاڵ بێت، یان ئایدیاڵ ئەگەر دژەکەی لەجوڵەدا نەمێنێت، خۆشی نامێنێ، ئەفلاتون خۆی ئەم سێگوچکەیەی بۆ فەلسەفە داناوە و دەڵێ: عەقڵ لەگەڵ هەقیقەتدایە، چێژ لەگەڵ جوانی، هەستی داهێنراو لەگەڵ خێر و چاکەکاری کە ئەمانە وەزیفەی بیرکردنەوەی قوڵی مرۆڤن".(24). کاتێك چێژ بەردەوام دەبێت لەدیاردە هەستیارییە جوانییەکەی، لەوێوە دەبێتە چاکەکاری، دواتر یەکسان دەبێت لەگەڵ کاری خراپ. ئەمە تەنها لۆژیك و عەقڵ پارسەنگ و باڵانسی دەکات، لێرەدا هەقیقەت دەبێتە وانە بۆ شیعر، ئەگەرنا شیعر زمانێکی ئیستاتیکیە بۆ گووتن، یان تەڵقینێکە بۆ سرووشت و هیچی تر، چونکە شیعر نموونەی باڵایە بەرامبەر ئاین کە وێنای سرووشتی کردووە بەنیوەچڵ، سوقرات پێش ئەفلاتون بۆ هەموو دیاردەیەك پێوەری دادەنا، ئەگەر پێشەیش بوایە، بۆیە لەبارەی ئیستاتیکاوە بەشێوەیەکی ئامانجدار دەڕوانێت، هەروەك ئەوەی بۆتە حەکیمی مرۆڤ و بەبەهای چاکەکارییەوە گرێیان دەدات.

ئەوکاتەی مرۆڤ خۆی لەگەڵ سرووشتدا دابڕان و بوو بەبوونەوەری سەرەکی سەنتەری عەقڵی هەموو شتێك، ئەرکێکی قورسی خستە سەرشانی، ئەویش وێناکردنی سرووشت بوو بەهونەر و شێواز و مانایەکی دیکە فەلسەفەی لێبەرهەمهات، بۆیە لەمامەڵەکردنی رۆژانە و قۆناغەکاندا بۆی دەرکەوت هێشتا لەبەرامبەر ئەوەشدا لەئیستاتیکای سرووشتی دوور نەکەوتۆتەوە، چما سرووشت ئەمەی نەسەلماندووە کاتێك وەرزەکان بەگەرم و سارد و ئاساییەوە یەکتر تەواو دەکەن، چونکە لەجوگرافیایەکەوە بۆ جوگرافیایەکی دیکە جیاوازی هەیە لەکەش و هەوا و گۆڕینی کەشەکان، هەروەها ئاژەڵ کە بەدڕندە و هێورەکانیانەوە دژی یەکترن کە سرووشت بریتییە لەیاسای دژەکان و ناگۆڕێت، خەیاڵ و ڕاستی و خێر و شەڕ، هەروەك چۆن بەهای ئەخلاق وەکو پێوەرێك پێناسەکەی لەجیاکردنەوەی چاکە و خراپەدا دەردەکەوێت، هەموو ئەمانە سرووشت بە مرۆڤیشەوە دەجولێنێت و جۆرێك لەجوانی دەخەملێنێ.

ئەم بابەتە گرێدراوە بەچەمکێکەوە کە لەزۆرترین کۆمەڵگە و کولتووردا کاری پێدەکرێ، پێشتر باسی رەوشتمان کرد وەکو کردەیەکی جوانی مرۆڤ کە پێوەرێکی ئیستاتیکییە بۆ کۆمەڵگە، بەپێچەوانەشەوە ئەخلاق لەشوێنێکدا ماهیەتێکی نیگەتیڤی وەرگرتووە بۆ ئازادی و خاوەندارێتی جەستە کە دەتوانێ ئەو پێوەرە لەدەرەوەی خێزان و لەناو خێزانیش دوور بخاتەوە لەبەهای خۆی.

مارکس ئەخلاق وەکو کردەی جوانی تەماشا دەکات کە بریتییە لەو شێوازە درۆیینەی لەنەریتی دواکەوتوویی و ئاینەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە هەمیشە جوداکردنەوەی ئەخلاق لەڕووی فکرییەوە بۆ ئیتیك و ئاکار، رەتکراوەتەوە و بەمەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا ناسراوە. بەتایبەتی ئەوکاتەی کە ئەخلاق گرێدەدرێت بەهەڵوێست و ئیرادەوە." گەر داوامان لێبکەن ئەخلاقی مارکس وەسف بکەین، باشترە ناوی بنێین ئەخلاقی ئیستاتیکی، چونکە جوانیناسی بەپێی نەریت ئەو شێوازەیە لەکرداری مرۆیی کە پێویستی بەهیچ جۆرە پاساوێکی بەرژەوەندخوازانە نییە، بەڵکو ئامانجەکان و بنچینەکان و هۆکارە بنەڕەتییە تایبەتەکانی خۆی فەراهەم و دەستەبەر دەکات، ئەم ئەخلاقە بریتییە لەبەکارهێنانی بەهرە و توانای خۆقایمکردن بەرامبەر بەئامانجە نا مرۆڤییەکان".(25). مەسەلەی ژن و چێژ و ئەخلاق کە گرێدراوی یەکتر کراون و بۆخۆشی مەسەلەیەکی مرۆڤییە، بەرلەوەی مەسەلەیەکی بابەتی و یاسایی بێت، بۆیە بەشێکی زۆری لەفەزای ئەخلاقی کۆمەڵگە داگیرکردووە و پەیوەست کراوە بەویستی ژنانەوە، ئیستاتیکای مارکسی یش هەمان ستراتیژی فکری لەپشتەوەیە کە جوانییەکە تەنها لەشێواز و روخساردا نییە، بەڵکو لەناخەوەیە و ناخیش بەچاوی ئاسایی نابینرێت، ژنان لەرێگەی خولیاکانیانەوە گەرەکیانە ئارەزووەکانیان بەرامبەر بە پیاوان ئازاد بکەن، ئینجا بە تەواوی کۆنترۆڵی ئەم رەگەزەوە واتە پیاو چیرۆکی ژیان و چێژەکانی ژیان بەردەوام دەکەن، بەڵام

ئەمە دڵسۆزی نییە بەرامبەر بەشەکەی دیکەی کە پیاوە، بەڵکو پێکهاتە سایکۆلۆژییەکەی و جەستەییەکەی وەها هەڵکەوتووە، بۆیە پاڕۆدۆکسێکی فراوانی خوڵقاندووە لەگەڵ هەڵسوکەوتی کاتی و بەردەوامی ڕۆژانەی، بەتایبەتی کاتێك عاشق بە پیاوێك دەبن و پیاوێکیش بەهەمان شێوە، ئەوان واتە ژن بیرۆکەیەکی دیکەیان هەیە بۆ دروستکردنی خانەوادە، نەك چێژ لەژیان و دامرکاندنەوەی سێکس، خۆ ئەگەر ژنەکە کەسێکی رادیکاڵ و فێمینیستیش بێت هەمان کارەکتەرە کە دەچێتەوە قاڵبی خۆی، بۆیە گاڵتەکردنە بەژیان ئەگەر ژن و پیاو یان باشتر بڵێین کوڕ و کژ بیانهەوێ چارەسەری کێشەی غەریزی بکەن و هاوسەرگیری بکەن، چونکە لەدەرفەتێکی کەمدا ئەو سیحرە بەتاڵ دەبێتەوە کە عیشقی درۆیینە گەیاندییە هاوسەرگیری، بەوپێیەی کە هاوسەرگیری دەرکەوتووە چارەسەری کێشەی سێکس نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە و بۆ بەرهەمهێنانەوەی خودی مرۆڤە و هیچی تر. چونکە عیشق جۆرێکە لەئینکاری شتێك بەرامبەر بەشتێکی دیکە، چونکە لەناوەڕاستی ژاوەژاوی ژیانی کۆمەڵگەدا، عیشق ناگۆڕدرێتەوە بەژیانی باو کە زاڵترین شێوازی ژیانە، بۆیە لەدەرەنجامدا حەتمییەتی باسەش ستراتیژەکەی هەر سێکسێکی ناچاری خێزانییە کە تاسەر نامێنێ، بۆیە فەیلەسوفەکانیش لایەنگیری ئەوەیان کردووە کە عیشق لەدوای هاوسەرگیری دێت، چونکە سەرکەوتنەکە لەکەوتنی ماسکەکانەوە هاتووە، نەك

ئارەزووویەكی شاعیرانەی درۆییانەی كە بەهۆی ملكەچكردن بۆ پێوەری نەریتی كۆمەڵایەتییە.

مرۆڤی عاقڵ عیشق و خۆشەویستی ناكات بەستراتیژی ژیانی خۆی و هەموو كاتەكانی بۆ خەرج بكات، یان هەموو ئومێدێك لەسەر ئەو پنتە بینا بكات، بەڵكو رێگەیەكی دیكە هەڵدەبژێرێت كە ئازارەكانی كەمتر بكاتەوە نەك زیادی بكات، ئەویش دامركاندنەوەی غەریزەی سێكسییە كە مایەی ئازار چەشتن نییە تاكو عیشقی بۆ بكەی، چونكە عیشق ئازارێكی بێكۆتایە، مرۆڤی عاقڵ ئەم ئەزموونە ناكاتە بەشێك لەژیانی خۆی بۆ خەرج بكات، خۆ ئەگەر شەیدایی پیاوان بۆ جەستەی ژن وەكو خاڵی لاواز دەركەوت، مەبەست ئەوكاتەیە وەختێك ژنێك بۆ وروورژاندنی پیاو و ریكلام بۆ ژنێتی خۆی بەرگێكی نیمچە رووتی دروو، مەبەست لەدەرپەڕینی سینگ و مەمكی ژن و سمت و ران و هتد، دەبێ پیاوی عاقڵ ئەوە بزانی كە ئەمە كردەیەكی كاتییە و نموونەیەكی هەمیشەیی نییە بۆ پێداویستی پیاوانە، بەومانایەی ئەم سیحرە لەم چیرۆكەدا تاسەر بەردەوام نابێت و ئەو پاڵەوانەكەی بێت، چونكە دوای تێوەگلانی هەر رەگەزێكیان بەوی ترەوە، سەربەخۆیی ژیان دەكەوێتە بەردەم هەڕشە و مەترسییەوە، بەڵكو كابوسێكی تۆقینەری بەردەوامە و زەروورەتەكانیش زیندەبەچاڵ دەكات كە بەشێكی عیشق بووە و پرۆسەكەی هەڵوەشاندۆتەوە، ئەم بابەتە ئەگەرچی سێنتراڵیی

سۆسیۆلۆژییە، بەڵام دەرکەوتووە زیادەڕۆیی تێدایە، هەروەك چۆن ئەخلاقگەراکان ئەوانەی کە لایەنگیری ژیانی بەردەوامن بەپێی پێوەری کۆمەڵایەتی، نەفرەت لەشەهوەتبازەکان دەکەن و شاعیرەکان بەمرۆیی تر دەزانن، چونکە سۆزدارترن بۆ ژیان، لەبەرامبەر ئەوەشدا ئایدیایەکی دیکە هەیە کە ئەم تێڕوانینە بەخۆشباوەڕی و خەونی کاتی دەزانێ و گاڵتەی پێدەکات، چونکە لەدەرەوەی مانا تەواوەکەی عیشق، فێڵێك هەیە بۆ بەردەوامبونی سۆزداری لەپێناو بەرژەوەندییەکی دیکەی نادیا رکە ژیان ئەخلاقگەراییە، ئەمەش لەلای رەگەزی مێینە زیاترە نەك لەلای پیاوان کە خاوەنی گوتاری زاڵی کۆمەڵگەن لەرێگەی ئاینەوە، چونکە ژن مەبەستی ئەوە نییە کە پیاو وەکو غەریزە گەرەکییەتی و دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی فشار لەسەریان، بەڵکو مەبەستی بەکارهێنانی ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەکارهێنانی هێزی جەستە و لەوێشەوە کۆنترۆڵکردنی عەقڵی پیاو، ئەگەر ژنانێك هەبن دژی ئەم ئایدیایە بن کە گوایە فێمێنیستن، ئەوا هەر خودی ژنان دەبن بەدوژمنیان، خۆ ئەگەر پیاوانیش چارەنووسی خۆیان رادەستی ئەو خورافیاتە کرد، ئەوا دوا بزماریان لە تابوتی ژیانی خۆیان داوە.

## چێژ و ئۆرگانەکان

گریکەکان هەڵەیان نەکردووە بۆ لەنێوان هونەری جوانی و خودی جوانی سپەیسێك هەیە، چونکە هیچ بنەمایەکیان نەدۆزیەوە پەیوەندییەك لەنێوان ئەو دوو بۆچوونە درووستبکەن کە ئۆرگانێکی راستەوخۆی ئیستاتیکیە، بۆیە ئەوەی کە تێبینی فراوانی لەسەرە ئەوەیە کە خودی جوانی نییە، بەڵکو هەڵوێستی جوانە و هەڵچوونی جوانییە.

جوانیناسی لەسەر دەستی فەیلەسوفانی جوانیناسی و دەروننناسی و کۆمەڵناسی بەرهەمهات، دیموکریتس پێیوابوو کە تێڕوانین جیاوازە لەبینینی شتەکان بەچاو، چونکە بینینی چاو هەمان مانای تێڕوانین نابەخشی، دوو تەعبیر هەیە بۆ ئیستاتیکا، یەکەمیان مەعریفەی کردووە بەپێوەر، ئەوەیدیکەیان چێژە بەبچووکی، لەکاتێکدا ئەرستۆ دەڵێت (شتەکان پشت بەقەوارەی گونجاوی خۆیان دەبەستن) ئەمە جێگەی سەرنجە کە بەیەك تەماشا چەند بۆچوونێکت هەبێت بەرامبەر بەشتێك کە چەند دیوێکی هەیە، ئەمە بەدەر لەوەی هەموو شتێك خاوەنی سێ دیوە واتە (3D).

چێژ تایبەتمەندییەکی خەیاڵی هەیە بۆ تاك، چونکە بەخێرایی تاك دەکەوێتە گومانەوە و پرسیار دەکاتەوە لەهەمان ئەو شتەی کە چێژی لێوەرگرتووە، ئەم شێوازە ئەزموونکراوە هەمیشەییە مێژووی هەیە، بۆیە پێش ئەزموونی بناغەیە بۆ بڕیاردان، بۆیە لەنێوان کانت و باومگارتن، ڕێسایەکی تایبەت و سرووشتی هەیە کە هەردووکیان لەململانێدا بوونە بەپرنسیپی یەکلاکەرەوەی چێژی شتەکان، تەنها سرووشت نەبێت کە پرنسیپێکە لەدەرەوەی هونەر.

ئەم بابەتە لەتێکستی ئەدەبیشدا ڕەنگیداوەتەوە کە خوێندنەوەی دەق چێژ وەرگرتنە، (رۆلان بارت) دبێژێ خۆشی دەق گوێ ناداتە ئایدیۆلۆژیا لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چاو نەترسییە لەبەر ئازادیخوازی نییە، بگرە رازیبوونی دەقە کە خوێندنەوەکەی  لەهەردوو باردا دابەشکراو و جیاوازن بەسەر خوێنەری یەکەم و خوێنەری دووەم، بۆیە ئەو شتەی سەر ڕێژە شکاوە کە ئەخلاقییە و کۆمەڵگە لەهەر بەرهەمێکی مرۆڤی دەوێ. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هونەر بەشێکی لاسایکردنەوەی سرووشتە، بەدیوێکی دیکەدا هونەر رەخنەیە لەژیان، چونکە ئەوە ژیانە بەهەموو قورسییەکانی و بەهەموو ململانێ جیاوازەکانییەوە، بریتیین لە رەخنە لەو ڕاستیە سەپێنراوەی کە ستەمی لە پشتەوەیە، بەهای هونەریش لەوێدا دەردەکەوێت وەختێك دەبینین کە جهانبینییەك لەگەڵ ئەویدی کە بەڵگەی پێکهێنەری پەیوەستی شتەکانە، پەیداکردنی شتە جوانەکانیش لەنێو فەزای

تێکچڕژاوی ژیاندا، گریمانەی شتێکی نوێیە و لەهەمان کاتیشدا رەخنەیە لە پێشووی خۆی.

"هەر هونەرێك خۆی سازداوە بۆ رادەستکردنی نموونەیەکی تایبەت بۆ ئەوەی دیکە کە دوای ئەو دێت، بۆیە هیچ وابەستە نییە بە لایەنگریی نموونە دەرەکییەکان، ئەمە تەعبیر نییە لە پێویستی ناوەوەی داهێنەر، (میشیل فۆکۆ) لە کتێبی (کلمات و الاشیاء ) لەبارەی تابلۆیەکی (دیگۆ فیلاسکین) کە هونەرمەندێکی ئیسپانییە و مۆدێلێکی نوێی هونەری داهێناوە، یەکێك لە تابلۆکانی ساڵی 1656 کاریگەری هونەری درووست کرد لەسەر کاری جیهانی، لەتبلۆکەدا دیارە کە پاشا و ژنەکەی خۆیان ئامادەکردووە تاکو هونەرمەندە شێوەکارەکە وێنەیان بکێشیّ، کەچی لەپشتەوە وێنەی پاشا و ژنەکەی هەڵواسراوە و لەدەرگای پشتەوەش پیاوێك دەیەویّ خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، تابلۆکە سیحرێکی ئیستاتیکی تێدایە و هەموو بینەرێك نایبینیّ، لەگەڵ ئەوەشدا تابلۆکە وەکو خۆی هەڵنەواسراوە، ئەم نواندنە لەبارەی تابلۆوە، لەرێگەی تێڕوانینی کەسایەتییە وێناکراوەکانەوە، بۆیە بینەر جێگەوڕێگەیەکی مۆدێلی کار وەردەگرێت، ئەم دابڕانە هونەرییە لەنێوان نواندن و بابەت وەکو مۆدێل، زەمینەی تێڕامان بۆ تابلۆکە ساز دەکات کە ئاماژەیە بۆ ئازادی مانایە، بەبیّ دیاریکردنی سەرچاوە لە پشت هەموو جوانیەك، زانستێك هەیە و

بەپێچەوانەشەوە لەپشت هەر جوانییەکەوە زانستێك هەیە، هەروەك چۆن بەشێکی زۆر لەو زانستانەی کە ئیستاتیکایان بەخشیوە بەژیان ئیستاتیکای زانستی.

یەکێك لە ماناکانی جوانی، بۆچوون نییە لە بارەی ماتریالێك کە ئایا جوانە یان نا، یان کەرەستەکانی نێو سرووشت بەپێی تیۆری چەندایەتی جوانە، راستە زانست پشت بە چەندایەتی دەبەستێت وەکو داتای ماتماتیکی، بەلاّم ئیستاتیکا چونکە پشت بەو یەکانە دەبەستێت کە خودی تاقیکردنەوەی بینین و لاسایکردنەوەی سرووشتی بەمەرج وەرگرتووە، تەنها چێژ بووە بە پێوەری ئیستاتیکی بۆ شتەکان، هەر وەکو (ریمۆن بایەر) دەڵێ " ئیستاتیکا زانستی چۆنایەتییە، ئەگەر لە زانستدا (علم) چەندایەتی بێت، ئەوا بۆ ئیستاتیکا چۆنایەتییە و تایپێکی خودێتیشی پێوە دەردەکەوێت کە جوانی هەمیشە رەنگدانەوەی بەسەر خوددا دەبێت، هەستکردن بەم شێوازە لە خەسڵەتی مرۆڤدا دەردەکەوێت، چونکە هونەر و جوانی سەلماندنی گەرەك نییە، وەکو زانست کە پێویستە لەنێو هۆڵی تاقیکردنەوەدا ماتریاڵەکە و هاوکێشەکە بسەلمێنرێت و دەرەنجامێك بدات بەدەستەوە".(26).

دۆزینەوە و ئاشکراکردن لە هونەری جوانیدا، وەکو بابەتێك و پێکهاتەیەکە لە عەقڵی وێنەیی و زەینی واتە فکری دایە، لێرەدا و لەم کۆنتێکستەدا جوانی

مانایەکی دیکەی هەیە، بریتییە لەشێوەیەك لەجەوهەر و ناوەڕۆکی شتەکان و دیاردەکان، نەك تەنها لە شێوازی جەستەییدا کۆببێتەوە کە هەندێکجار پەیکەرێکی مێژوویی، یان پارچەیەکی ئاسەواری کۆن بەهەموو تێکشکاوییە کەیەوە بەها هونەرییەکەی جوانتر دەکات کە ئەمە لەئاستی بازاڕدا مانای هەیە، چونکە لەرووی ماتریاڵییەوە لێرەدا زەمەن حوکم دەکات بۆ رەسەنایەتی یان چۆنایەتی کارە هونەرییەکە، نەك دەستکاری کردن و نوێکردنەوەی ماتریاڵەکە، هەروەك ئەوەی لە بازاڕی ئەنتیك هەیە و بەماتریاڵی جوان ناسراوە و گەشتیارەکان وێنەی لەگەڵ دەگرن، ئێمە دەبێت لەنێوان کردە سرووشتییەکان و پارچە کلاسیکییەکان جیاوازی بکەین، شاخێك کە وێنەی پیاوێکی پیری کوڕی زەمانەی وەرگرتووە لە چاوە هونەرمەند یان شاعیرێك، دارێك لە چەشنی ژنێکی سەماکەر خۆی ئالاندووە بەدارێکی دیکەوە یان شاخێکەوە، بەردێك کە لەشێوەی ماسی یان ئاژەڵێك دێتە بەرچاو، تەدارەکی جوانکاری ژنان لە کل و کلدان و جوانکاریی جل و بەرگ و هتد لە کەلەپورێکی دیاریکراودا، هەموو ئەمانە مەرجی چۆنایەتین بۆ ئیستاتیکای شتەکان، بەڵام لەرووی زانستییەوە ئیستاتیکا چەندایەتییە کە جیاوازە لەو پارچەیەی کە لەرێگەی کنە و پشکنینی زانستییەوە دەدۆزرێتەوە و لە پێشانگا یان مۆزەیەك نمایشی دەکەین، لە روویەکی دیکەوە ئیستاتیکا شێوازە، بۆ نموونە ئەو هونەرەی کە فانکوخ یان مایکڵ ئەنجیلۆ یان داڤینشی یان رێنوار و هتد ئەفراندوویانە، هەر ئەو هونەرەیە کە بەهای هونەری

هەیە لەرووی ئیستاتیکییەوە، بەپێچەوانەوە لاسایی کردنەوەی ئەو شێوازە مانایەکی نییە تاکو سیفەتی ئیستاتیکی وەربگرێت، هەر وەك ئەو پارچە هونەرییانەی کە لەبازاڕ بەقیمەتی هونەرە رەسەنەکە دەفرۆشرێت، کەچی پارچەکە لاسایکردنەوەیە و رەسەنەکە نییە، بۆیە لێرەدا قیمەتەکە جوانییەکەیە نەك ماتریاڵەکە.

لەسەرووی هەموو ئەو بۆچوونانەوە، پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە جوانی چۆنە و چ مانایەکی هەیە و بەچی دەگوترێت جوان، ئەمانە پرسیارگەلێکن کە لەمێژە مرۆڤ بەدوای چێژوەرگرتنەوەیە لەجوانیەکانی سرووشت و خۆشی وەکو کائینێکی جوان نمایش بکات بەرامبەر بەدیاردەکانی سرووشت، رۆژئاواییەکان لەرووی فکرییەوە وەڵامیان پێداوەتەوە و وڵامەکەش وەك میتۆدێك کاری پێدەکرێت، رێکەوتنێکی گشتی هەیە لەرووی تیۆرییەوە کە چەمکی جوانی فرە مانایە، بەو پێیەش بێت ئیستاتیکا چەمکێکی فکرییە بەرلەوەی زاراوەیەك بێت تەنها بۆ شتە جوانەکان، ئەم چەمکە لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە و لەهونەر و سیحری جوانی سرووشت دەکۆڵێتەوە، ئەگەرچی زۆر بیرمەند و فەیلەسوفی دونیا لەمبارەیەوە لەهەموو بوارەکانی جوانیناسی و ئەخلاقی جوان و هونەر و جوانی شوێن و جوانی تێکست و جوانی سێکس و شۆڕش و هتد نووسیویانە و تێزی تایبەتی خۆیان بەیان کردەووە.

هەموو فەیلەسوفەکان بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسی جوانیان کردووە، (دیڤید هیوم) پێیوایە "هەستکردن بەجوانی، واتە هەستکردن بەچاکەکاری کە ئەمە ئینتیباعێکی ئاسانە کە لەزەینی مرۆڤدا هەیە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی لەگەڵ هەڵبژاردەکانی دیکەدا هاودژ دەکەوێتەوە، هەروەها پێیوایە کە زەوقێکی مزرە و چارەسەرێکیشە بۆ ئازار و خۆشەویستی، بۆیە هەستەکان لەسەر جێگەو ڕێگەیەکی نێوانگیرانە کار ناکەن، بەڵکو بەتەنیشت ئەزموونەوەیە، هەروەها جوانی ویژدان بەیەکێك لەرەفتارە جوانەکانی مرۆڤ دەزانێ و بەرگری لێدەکات"(27).

کەواتە لێرەدا هەستدەکەین کە هیچ شتێك بەبێ مەبەست نییە و هەموو شتێك مەبەستێك و ئامانجێکی فکری مەبەستگەرایی لەپشتەوەیە، هەروەك چۆن بێدەنگبوونی شێتی وەکو دیاردە لەچەرخی کلاسیکدا، دوای چەندین سەدە بەئاراستەی جیاواز بەدەنگ هات و بوو بەدیاردەیەکی ئاشکرا و کەوتە بەردەم خوێندنەوەی هەمە جۆر، لەکاتێکدا ئێمە هەمیشە لەبەردەم دوو چەمکی لێکدژی وەکو شێتی و بلیمەتین، بۆیە کانت یش عەقڵگەرایی کردە درووشمی سەردەمەکەی خۆی، ئەمانوئێل کانت فەیلەسوفی ئاڵمانی (1804_1724) خاوەنی کۆمەڵێك چەمك و کتێبی فەلسەفییە و گرینگترینیان رەخنە لەعەقڵی پەتی یە، بەدوو جۆر ئاراستە تەماشای مەعریفەی دەکرد، ئەویش فکر و

هەستەکان بوو، ئێمە لەبەردەم هەستدا کە قەبوڵی دەکەین، دەکەوینە نێو شێوازێکی نیگەتیڤەوە، چونکە ماتریال وەکو شتێکی خاو دێتەبەردەستمان، ئەمما هەستەکان لەوێنەیەکی دەرەوەی خۆمان وڵاممان دەداتەوە.

بەڵام لەرووی فکریەوە ئێمە لەشێوازێکی پۆزەتیڤیدا دەژین، چونکە پرۆسەکە راستەوخۆیە و لەعەقڵەوە شتەکان دەگوازینەوە بۆ هەستی ماتریالی، لەوێشەوە بۆ قوڵایی مەعریفە "جوانی یەکێکە لەو مەبەستانەیە بابەتێك کەوا هەست بکەین لەهەستێکی دیاریکراوەوەیە، بۆ نموونە ئەگەر رووەکناسێك، یان وەرزێرێك بیری لەسوودی میوەیەك کردەوە لەکاتی بەرهەمهێنانێکی کوالێتیدا، یان بیری لەنرخە بازرگانییەکەی کردەوە، ئەوسا بیر لەبەها جوانییەکەی ناکاتەوە، چونکە پێشتر کاڵای بازاڕی نەبوو، بەڵکو بەرهەمی ئیستاتیکی بوو کە لەرێگەی کوالیتییەوە بەهای هەبوو، کەواتە لەسەر هونەرمەندە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن سەلیقەیەکی جوانی، پێویستە شتی جوانی خۆش بوێ و گوێ بداتە ئەو مەبەستانەی کە لەهەستێکی جوانیدا نەبێ، ئەوە هەڵناگیرێت کە مەبەست لەبوونیدا هەیە".(28). یان سەرسوڕمانی کەسێك بەرامبەر تەلارێك یان هەر کردەیەکی ئەندازیاری و هونەری، بۆ میکانیکەکە نییە، بەقەد ئەوەی بۆ جوانی دیمەنەکەیە کە بەچاو دەبینرێت و سەرنجڕاکێشە، میسرییەکان و سۆمەرییەکان بیریان لەوە کردەوە جارێکی تر بینای ڕاستی پێشکەش بکەن، یان تەعبیر لەهەست و چێژ و

خۆشی بینەر زیندوو بکەنەوە، هونەرمەندەکانیش بەهەمان ڕێگە ئەو کارانەیان پراکتیك کرد، میسرییەکان وێنەی ئەندازەیی هەڵگەڕاوە بۆ جیهانی ڕاستی بکەن بەشێوە، یۆنانییەکان بەپێچەوانەوە بەرهەمی بونیادی لێکجیابوونەوەی کاری هونەر و سرووشتیان کرد، لێرەوە مێژووی ئیستاتیکا لەلای یۆنانییەکان لەکاری دەستییەوە دەستیان پێکرد، کەوابوو مەبەست لەجوانی ناوەڕۆکی جوانییە کە بریتییە لەپشتەوەی لۆژیك، مەگەر گریمانەی فەلسەفی تێبکەوێ، وەکو ئەوەی گریمانە بۆ دیاردەیەکی فرە رەهەند بەکاردێت و زیاتر لە بیرکردنەوەیەك و خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت، چونکە مەبەست لێرەدا تەنها رواڵەتی جوانی نییە، بەڵکو وروژاندنی ئەو چالاکییەیە کە فکری مرۆڤ دەجولێنێ، وەکو بینەرێك لەئاسەواری بەرهەمێکی دیکە هاوسەنگی بکات، لەکاتێکدا ئێمە پێشتر ئەو سەرنجەمان داوە کە هونەر لەگەڵ دیاردەی مەبەستگەرا بەراورد ناکرێت، هیچ نرخێکی هونەریش لەگەڵ بەهای جوانی سرووشت باڵانس ناکرێت، ئەگەر هونەری باڵاش بێت وەکو ئەو هونەرمەندانەی لاسایی سرووشت دەکەنەوە، یان ئەو بیرمەند و نووسەرانەی کە داهێنان دەکەن، بەڵام ئەمەیان تێگەیشتنێکی دیکەی ئیستاتیکییە کە یاخییە لەئەخلاق و گیرۆدەی عیشقێکی هونەری دوور لەغەریزەیە.

چێژوەرگرتن لەئیستاتیکا چ وەکو فەلسەفە و چ وەکو کەرەستە پێویستەکانی ژیان لە دیاردە جوانەکان، هەمیشە لەبەردەم پرسیاردایە و پێوەر بۆ هەر کردەیەك یان گوتەیەك دادەنێت، لەدوای هەوڵی یۆنانیەکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی فەلسەفە کە هێشتا هونەر پیشەی هونەرمەند نەبوو، بەڵکو خەیاڵی کەسانێك بوو بۆ وێناکردنی خوداوەندەکانی سەر زەمین وەکو پوتێکی جوان، بەڵام لەدوای ئەم بونیادە فەلسەفییە، ئیستاتیکا بوو بەپێوەرێکی فرە رەهەند، بەتایبەتی بەر لەرێنسانس و دوای رێنیسانسیش، هونەر و ئەدەب کارێکیان کرد کە شۆڕشی ئاینی و سیاسی نەیانکردبێت.

شۆپنهاوەر پێیوایە خاوەندارێتی و ناوبانگ لەتوانای بوونەوەرە فانییەکان بەدەرە، بۆیە بەختەوەری مرۆڤ سنووردارکراوە و لەهەر پنتێکی تەمەندا لەسەر نوکی شمشێر دانراوە، واتە هەمیشە بەختەوەری و خۆشی مرۆڤ لەحزەیەك بەردەوام دەبێت و دواتر بە تراژیدیایەك کۆتایی پێدێت، گوێگرتن لەپارچە مۆزیکێك کە یادەوەری تێدا زیندوو دەبێتەوە، چرکەیەکی کورت خایەنە و مرۆڤ دەگوازێتەوە بۆ هاوسۆزییەك کە خۆی پێویستی پێیەتی، ئەم بونیادە فکرییە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی نیچە دانا بەرامبەر بەفەلسەفەی ئیرادە و ئەخلاق و مەسەلەی ویژدان و دەسەڵات و خودا.

ئەگەر لەڕوانگەی ئارکیۆلۆژی یەوە تەماشای چەمکی ئیستاتیکا بکەین وەکو ئۆرگان، دەبینین کە جێگەی لەنێو ئەدەب و شێوەکاری و سرووشتگەرایی و شۆڕش و ئەخلاقیات و تەلارسازی و جلوبەرگ و هتد کردۆتەوە، وەکو چەمکێکی نێوەندگیر و هەمەکار کاری پێکراوە، هیگڵ (1770_1831) لەکتێبی (مدخل الى علم الجمال) باسی گۆڕینی ڕاستییەت دەکات، هونەریش وەکو هۆکارێك بۆ گۆڕینی ڕاستییەت بە ئارگومێنێت دەهێنێتەوە، بەوپێیەی کە ڕاستییەتی راستەقینە، تەنها دەتوانێت جیهانی وەهمی لەجیاتی جیهانی راستەقینە ناوبنێت، لەلایەکی ترەوە باسی ئەوە دەکات بەکارهێنانی چەمکی ئیستاتیکا بۆ جوانی و هونەر دوو جۆر مەعریفەی لەپشتەوەیە، یەکەمیان مەعریفەی باڵا و ئەویتر دونیایی، سەرباری ئەوەی لەسەدە کۆنەکاندا لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی جوانی کراوە، لەشوێنێکی دیکەدا "هیگڵ دەڵێ بەرهەمی هونەری ئەگەر شێوازی گونجاوی خۆی نەبێ، ئەوە بوونی نییە، بەرهەمێکی هونەری هەر لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکێکی باش (تەنانەت زۆر نایابیش) ی هەبێت، نابێ پێی بڵێین راستەقینە و رەسەن، ئەمە بۆ هونەرمەند پاساودانێکی خراپە، تەنها ئەو بەرهەمە هونەرییەی کە ناوەڕۆك و شێوەکەی هاوتاو گونجاوە، ئەوە بەرهەمی هونەری راستەقینەیە".(29).

(ئەلکسندەر جوتلیب باوم گارتن (1714_ 1762) لەسەدەی هەژدە یەکەمین کەس بوو ئەم چەمکەی بەکارهێنا کە پێشتر یۆنانییەکان تەنها وەکو جوانی چاکە بەکاریان هێناوە و نموونەشیان ئەفلاتونە، بەلام بەکارهێنانەکە بۆ خوێندنەوەی چۆنایەتی مەعریفەی شتەکان بوو لەرێگەی هەستەکانەوە، بەهەر حالّ هەردووکیان لەناوەخندا وەکو پێناسەکەی دیموکریتیس ی کۆن، هونەری وەکو هەقیقەت و گەڕانەوە بۆ جوانی تەماشا کردووە، بەلام ئەو پێیوابوو جوانی بریتییە لەدەرککردن لەرێگەی هەستەکانەوە کە ئەمە کارڵ مارکسیش دووپاتی کردۆتەوە، بەلام ئەم وشەیە لەبنەچەدا وشەیەکی یۆنانییە (aesthesi) واتە هەست، واتە جوانی ئارەزووی مرۆڤ دەجولێنێت و هەستی رازیبوون و دلّنیایی پێدەبەخشێت، جوانی بەم مانایە بێت سیفەتێکی مێینەیەتی هەیە، بەلام شکۆ هەستکردنە بەهەیبەت و سام کە سیفەتێکی نێرانەیە، جوانی شتێکی ئاسان و روون و دەست لێدراو و هەستپێکراوە، بەلام شکۆیی شتێکی ئالّۆز و تەمومژاوییە، هەروەها جوانی پەیوەندی بەدۆخی سایکۆلۆژی و دیمەنێکی دیارکراو هەیە".(30). تیۆرەکەی باومگارتن لەسەر ئەوە بونیادنراوە کە پێوانەی نێوان سیستمی بەشەکان و ئامانجەکانی جوانی کردووە کە بەشی زۆری هاندانە بەرامبەر بەجوانییەکانی سرووشت."ئیستاتیکا وەك سووربوون و پێداگیری ئاستنزمی بانگەشەی ژین، جیهان بەسەر عەقلّی ئەبستراکتی باومگارتن دەستپێکرد و دەقاودەق هەر ئەم پرۆژەیەش کە ئەمرۆ شێوازی

ڕەخنەیی ریشەیی و رادیکاڵی لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا گۆڕیوە کە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا، یۆرگن هابرماس پێیوایە لەئەنجامی گەشەسەندنی دواتری کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هاتۆتە ئاراوە کە بەکارهێنانی عەقڵە زیاتر لەپێویست".(31).

ئیستاتیکا وەکو چەمکێکی فەلسەفی بۆ دابەشکردنی شتە بچووك و گەورەکان و دۆزینەوەی ئەو نهێنییانەیە کە بەچاوی ئاسایی و بەبێ هۆشیاری نابینرێن کە لەسرووشتدا کاری پێدەکرێت، بەو پێیەی کە هەموو ماناکانی جوانی لەیەك کات و لەیەك تێگەیشتندا پێکەوەنین، هەر یەك لەوانە لەکۆنتێکستی خۆیدا جێگەی بۆتەوە، ئەم بیرۆکەیە لەسەر دەستی ئەفلاتون لەنێو عەقڵدا کاری لەسەر کراوە کە بەشێکی تێگەیشتنەکە تێڕوانینی میتافیزیکی بوو بۆ ئیستاتیکا، واتە لەرووی روحییەوە تەماشای شتە جوانەکانی سرووشت کراوە و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بەخودەوە هەبووە، ئەفلاتون بەدوای فکری جوانی و لەنێو بووندا بۆ بزواندنی هەستەکان دەگەڕا و پشتی بە جوانی ئایدیالیستی بەستبوو کە ئیدراکە، (فەزیلەت) واتە چاکەکاری کە وەزیفەی مرۆڤە و وەکو ڕەگەزێکی ئەخلاقی کە ڕەنگدانەوەی بەسەر زەوی و سرووشتەوە دەبێت و بەشێکیشە لەکردەوەی ئیستاتیکی، ئەرستۆ لەدوای ئەو هات و گرینگی بەم چەمکەدا و فەلسەفەی بەئاراستەیەکی دیکەدا برد، ئەو کۆتایی بەو بیرۆکەیە هێنا کە ئەبستراکتە، ئەم بیرکردنەوەیەی گواستەوە لەجوانی ئەبستراکتەوە بۆ هونەرە

جوانەکان و لەکتێبی (الفن الشعر) ئاماژەی بەشیعریش داوە کە جۆرێکە لەجوانی، لەکاتێکدا پێشتر ئەفلاتون هەم هەڵوێستی هەبوو لەبارەی شاعیر و هەم شیعری لەکۆمارەکەی خۆیدا شاربەدەر کردبوو، لەبەرامبەردا تیۆری ئەرستۆ ئەوەبوو کە ئەدەب وەکو جۆرێك جوانی کە لەسرووشتدا هەیە و یەکسان نابن بەیەك کە ئەم بابەتە لەبەشێکی دیکەدا بەفراوانتر باسی دەکەین، هەروەك ئەوەی لۆژیکی خەیاڵی هونەری لەبەرامبەر ئیدراکی هەستەکی راگرتووە کە لەرێگەی ئەزموونەوە هاتووە، هەر ئەم دەستاودەست کردنە بوو کە جوانی گواستەوە بۆ زانست و ئەدەب و گوتار کە ناوی نرا ئیستاتیکا.

کانت جگە لەوەی مەبەستی لەرەخنە ناوەڕۆکەکەی رەخنە بووە لەمێژوو و عەقلانیەت، بەڕوویەکی دیکەدا ئەوەیە فەلسەفە دەبێ چۆن حوکم بکات، ئەمە ئەو دۆخەیە کە مادام حدسێك نییە، بۆیە لەپێناو دۆخەکەدا کتێبی رەخنەیی بەناونیشانی (نقد ملکە الحکم). واتە (رەخنەی بەهرەی حوکمداری) یە بەمانایەك لەماناکان رەخنە جوانییە، بەمانایەکی تر جیاوازی لەنێوان هەردوو رێگەی نمایش و شێوازی حوکم دەکات کە پەیوەندییان بەئیستاتیکاوە هەیە وەکو کردەیەکی هیومانیستی، لەلایەکی تریشەوە لەچەند هەڵقەیەکدا و بەچەند شێوەیەك لەرێگەی رەخنەوە، چارەسەری کێشەی جوانی کردووە کە لەچوارچێوەی عەقڵی مرۆڤیدا بووە و سەربەخۆییەکی تەواوی داوە بەزانستی

جوانی كه یەكێك لەگەورەترین جوانیناسە كلاسیكییە ئاڵمانەكان ناسراوە، بەتایبەتی لەكتێبی (رەخنە لەعەقڵی پراكتیكی)، رەخنەی میتۆدی بەكارهێناوە و دواتریش رەخنە لە عەقڵی پراكتیكی دەگرێت، ئەو عەقڵەی كە هەموو شتێكی كرد بەئایدیاڵی سیاسی، ئەو وەكو فەیلەسوفێكی مۆدێرن كە بڕوای بەئەزموونگەری خود هەبووە، لەو كتێبە بەناوبانگەدا ئەوەندەی باسی حوكمی دەركراوی جوانی لەخودی سرووشتیدا كردووە، یان لەسەر كاری هونەری كە گرێدراوی ئەخلاقە، ئەوەندە باسی لاسایی هونەری نەكردووە، بۆ نموونە هونەر و ئەفسانە كە بەشێكن لەمێژووی ئەدەب و فەلسەفە، باسی جوانیناسین و كێشەی ویستی مرۆڤن، بۆیە ئیستاتیكا لەرووی حوكمی عەقڵەوە بەمانای وشەی ئەخلاقی جوانی دێت كە ئینگلیزییەكەی kalon، لێرەوەیە كە كانت ئەوەندە باسی هەقیقەتی رەهای نەكردووە كە بەشێكە لەفەلسەفە، هەروەها لەو كتێبەدا جوانی دابڕاندووە لەبەختەوەری و چاكە و هەقیقەت. ئەم تێڕوانینەی لە دەركەوتنی جوانییەوە بۆ هاتووە كە دەبێ بەبێ بەرژەوەندی و قازانج بێت، ئەمە بەشێكە لەو سەربەخۆییەی كە لەنێوان گشتی و تایبەتدا هەبووە بەرامبەر ئیستاتیكا، لەبەرامبەر ئەم چەمكەدا بڕوایەكی جیاوازی تەنهای هەیە كە دەیكات بەدوو بەشەوە و جیاوازییان دەكات لەیەكتر، بەشێكیان بەبابەت و بەشەكەی دیكە بەشكۆ و هەیبەتەوە وەكو ئایدیایەكی هونەری نەك عەقڵانی، چونكە پێی

وابوو كە ئیستاتیكا وەكو بابەتێكی هونەری، خۆ بەدیارخستنە و بەزمان پێناسە ناكرێت.

"شیلەر لەنامەكانیدا لەبارەی پەروەردەی ئیستاتیكییەوە بۆ مرۆڤ كە لەژێر كاریگەری كانت نووسیویەتی، هەوڵێكی زۆر گرینگی داوە بۆ گەڕانەوەی بونیادی شارستانی لەرێگەی ئەو هێزە ئازادكراوانەی كە وەزیفەی ئیستاتیكیان وەرگرتوە، كاریگەری فەلسەفەی شیلەر بۆ ئیستاتیكا و بەتایبەتی لەرێگەی دەورو وەزیفەی ئیستاتیكا و هونەری رەخنەیی لەسەر ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەو دۆخە دیفاكتۆیەی كە سەپێنراوە و جێكەوتە بووە، بووە بە موژدەیەك بۆ دوارۆژی مرۆڤ". (32).

(كانت) بەهۆی عەقڵەوە حوكمی بەسەر دوو بەشدا كردووە، ئەویش لەرێگەی پێناسەكردنییەوە دابەشیكردوون، لەوێشەوە باس لەلێكۆڵینەوەی گشتی و حوكمی تێڕامانی كردووە، هەر ئەو حوكمەشە بۆ جوانی هەیەتی كە گرێدراوی خود و بابەتە، خود وەكو كارەكتەرێكی خۆ ئەزموونكەر، بابەتیش وەكو كایەی جیاواز لەپەیوەند بەخودەوە، چونكە هیچ بابەتێك نییە پەیوەندی بەخوودەوە نەبێت، مەگەر خودێك هەڵگری ئەو ئەخلاق و خەیاڵ و چێژە نەبێت كە بابەت خوڵقاندوویەتی، بەومانایەی خودێك لەدەرەوەی لێپرسراوێتی مومارەسەی ژیان بكات و پرسیار بكات، یان خودێكی بۆهیمی بژی، وەكو بۆهیمییەكانی ژاپۆن،

یان ئەو رەوتە نوێیەی کە لەرۆژئاوا سەریهەڵداوە و شێوەیەکن لەرەوتە ئەدەبی و هونەرییەکانی بەر لەرێنسانس، چونکە مرۆڤ بۆ خوار ئاستی مرۆیی دادەبەزێت و بەبریق و باق دایدەپۆشێت، ئەم شێوازە لەدوای هاتنی جیهانگەرایی و تێکشکاندنی بەهاکانی مرۆیی لەرێگەی تەکنۆلۆژیاوە بەرهەمهێناوە و دەرکەوتووە، بۆیە هیچ ئەلتەرناتیڤێکیشی نییە بۆ گەڕانەوەی بەها مرۆڤیەکانی ژیان، ئەم شێوە بۆهیمییەتە شێوازێکی دیکەی سەرهەڵدانی یاخیگەرێتییە کە بەر لەهەر شتێك، دژ بەو فەزا نائاساییەی کە دونیای سیستمی سەرمایەداری نوێ بۆ بەبازرگانیکردنی هەموو شتەکان بەخودی مرۆڤیشەوە درووستی کردوون.

لەبارەی حوکمی جوانی بەسەر سرووشت و بابەتدا، پنتێك هەیە بۆ گواستنەوەی بنچینەیی لەبەرامبەر زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا و لەئاستی مرۆڤیش، لێرەدا دوورکەوتنەوەی هەوەس لەچێژی خود ئەزموونکردنی گشتی و چالاك کردنی حوکمی ئیستاتیکی، مەسەلەیەکی ئەخلاقییە لەهەناوی فەلسەفەدا ماوەتەوە، نەك چێژ کە لەشوێنێکدا جیاوازی لەنێوان جوانی و گەورەیی بکات و بەمانای هێزی دینامیکی و گرێدانی بەلۆژیکەوە، " گفتوگۆکردن لەگەڵ جیهانەکەی دیکە و جیهانی ئەوانی تر لەبارەی ئەخلاقەوە، حوکمێکی بە بەهایە کە لەهەوەسی خودەوە دەردەچێت، ئەمە مومکین نییە بسەلمێنرێت کە ئایا ئەم حوکمە راستە یان درۆ، بۆ نموونە چۆن دەتوانین سنووری ئەوی تر ببەزێنین کە ئەخلاقیاتێکی

تێکچووە، یان ئەگەر هەڕەشەکردن بێت، یان کەسەکە حەزی بەئازاردانێکی سەیر هەبێت بۆ بەرامبەرەکەی، لەکاتێکدا دەمانەوەێ دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە لەگەڵ تایبەتمەندی ئەوانی تر، بۆیە ئەمانە هەر ئەوکاتە نەدەتوانن خۆیان مەحروم بکەن و نەدەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، لەکاتێکدا لەباری ئەخلاقییەوە شعوری هونەرمەندیش بریندار دەکەن".(33).

هانا ئارێندت پێیوایە کتێبی (رەخنەی بەهرەی حوکم) ی کانت، بەشێکی کتێبەکە بریتییە لەرەخنەی حوکمی جوانی، چونکە بەرهەمدارترین بنەما بۆ بونیادنانی تیۆری حوکمی سیاسی، دیدی بینەری حوکمدەرە، چونکە گرینگی بەجیهانی دیاردەکان دەدات و خاڵی دەستپێکی خۆی بەهێزی زەوقە لەسەر بەرهەمە ئیستاتیکییەکان، وەکو هێزێك لەهێزەکانی سوبێکتە و کۆنکرێت و بەرجەستەبووەکانە. هەروەها پێیوایە حوکمی جوانیناسی تەنها لەرێگەی ئەزموونکردنی شتێکی بەشەکی تاقیکارییانەوە دەتوانم لەهەڵگرێکی یۆنیڤێرساڵی جوانی تێبگەم، بەمشێوەیە لەکاتی رووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ گوڵێك یان دیمەنێکی ناوازە، یان تابلۆیەکی تایبەتیدا، دەتوانم بڵێم نموونەیەکی جوانییە، ئەمە خاوەنی رەوایی نموونەی تاقیکارییەکانە.

ئیدراکی هەستەکی لەوێنەی زەمەنی شوێنەوە دیاریکراوە، ئەمە خوێندنەوەیەکی ئەحکام ی هەڵواسراوە کە گرێدراوی چێژی ئیستاتیکی یە بۆ خود، جیاوازی

لەنێوان بەرهەمی هونەری و زانست، جیاوازی نێوان جەوهەری حوکم لەکاری هونەریدا نییە، بەڵکو لەسەر حوکمێکە دەرکراوی ئیستاتیکییە کە لەخودەوە بۆ سرووشت و لەسەر کاری هونەرییە، دەستکەوتی حوکمیش سیفەتێکی خودییە بەرامبەر بە بابەت، حوکم لەلای کانت گرێدراوی نێوان خود و بابەتە و چێژیش لەبینین و بیستن و هەستەوەرەکانی دیکەیە بەسەر بابەتەوە، کانت ئەم جەوهەرە دابەشی سەر چەند لەحزەیەك دەکات،" لەحزەی یەکەم حوکمی چێژە بەپێی کەیف و سەفا کە ئەمە جیاوازیە ئەگەر شتێك جوان بێت، یەکەم ئاماژەش بۆ وێناکە لەرێگەی خەیاڵی خود و شعور بە چێژ و ئازارەوە هەیە. لەحزەی دووەم حوکمێکی تری جوانییە کە پەیوەندی بەتاکەوە هەیە، تاك حیکمەتێکی تایبەتی هەیە و بەپێچەوانەوە جوانیش کە حوکمی تاکە بەسەر ئەوانی ترەوە، وەختێك تاك بەشتێك دەڵێت جوانە، پێیوایە کە گشت لەگەڵ ئەودا رێکەوتوون، لەکاتێکدا ئەمە راست نییە، بەپێچەوانەوە جوانی بۆ تاك نییە، بەڵکو بۆ گشتە بەبێ بەکارهێنانی تێڕوانینی عەقڵی کە manای پشت بەستن بەحوکمی جوانی لەسەر چەمکەکانی بنچینەی جێگیر و پێوەری رەها، لەحزەی سێیەمیش پەیوەندی بەوێناکردنی عەقڵییەوە هەیە".(34).

ئەو سێ چرکەساتە سایکۆلۆژییە کە مەسەلەی چێژە کە بەلای کەسی تاکەوە وەکو نموونەیەکی نائاسایی نێو کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئەو کەیف و سەفایەی کە

کۆمەڵگەی زاڵ بەسەر تاکدا دەیسەپێنێ و دەیچەپێنێت و کەسێکی ناتەواوی لێبەرهەمدێت و دەیکاتە کەسێکی ئەخلاقی، لەحزەی دووەم مەسەلەی تاکگەراییە بەسەر ئەو شتانەی کە تاک بەلایەوە جوانە و بەلای کۆمەڵگەوە ناشیرین یان بێ بەها، ئەوەی لەحزەی سێیەمە عەقڵە کە ئەم بابەتە گرینگییەکی لەوێدایە عەقڵ لەرۆژهەڵات تەنها پشت بەجوانی نابەستێت، بەڵکو پشت بەتوانای ئەوانی دیکە و بەمەسەلەی ئابووری دەبەستێت، هەروەك چۆن لەرۆژئاواش لەپەنا عەقڵ و لۆژیك، جوانی وەکو پێوەرە بنچینییەکان وەرگیراوە، تەنها بۆ کەڤەری کەرەستە پێویستییەکانیش، چونکە دەرکەوتووە جوانی زامنی کۆمەڵایەتی بۆ چێژوەرگرتن لەیەکەکانی ژیان و گرێدانی بەعەقڵەوە، عەقڵیش بەئەخلاقەوە، ئەمە دیاردەیەکی شازە و مومکین نییە لەرێگەی هونەرە جوانەکانەوە، کەسێکی هونەرمەند یان عەقڵمەندێك لەپێناو جوانی حوکمی عەقڵ بەکاربهێنێت، بۆیە ئەم چرکەیە مەحاڵێکی فەرهەنگییە بەر لەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت، چونکە پێوەر کۆمەڵایەتییەکە ئابورییە نەك ئیستاتیکی، بەڵام هەرگیز ئەخلاقی نییە.

بەپێی ئەو بنەما یاساییانە جیاوازی لەنێوان هونەر و زانست بێت، هونەر بلیمەتییە و زانستیش بەرهەمی تێگەیشتنە، هونەر و کاری هونەری بریتیین لەئازادی و ئەم ئازادییەش لەدەرەوەی لۆژیك ویستێکی سنووردار نییە، بەڵام

زانست بوارێکی سنووورداری هەیە کە زانستگەرایی حوکمی لەسەر دەکات، چونکە پشت بەهاوکێشەی پێکهاتە کیمیاییەکان دەبەستێت، یان ژمارە ماتماتیکیەکان و لۆژیك و هتد. بندیتۆ کرۆچیێ (1866_1952) خاوەنی تیۆری نموونەی رەهایە. لەفەلسەفەکەیدا بابەتی زیندەوەری مردووی هیگڵی وەرگرتووە، هەروەها لە فیکۆوە تەواوی جوانیناسی رارەوی فەلسەفەیەکی تری خستۆتە روو، کرۆچیێ چوار لق دادەمەزرێنێ بۆ ئیستاتیکا، لەوانەش داکەوتنی جیهانی گیانی. تەواوی جوانیناسی. بەرجەستەبوونی گیانی جوانی.تیۆری جوانیناسی کرۆچە زۆر کاریگەری خستە سەر هونەری بۆرژوازی و هێنانەوی هۆشەکی دژی ئەو بۆچوونە بوو هونەر وەکو تێڕوانینێکی بێ بەهرەیی بێ، هەروەها راڕەوی ئاکارەکی ئەوەیە، هەوڵی شاردنەوەی بنچینەی کۆمەڵایەتیی و سرووشتی چینایەتی و دابونەریتی ئاکاریانە دەدا.

کرۆچیێ بەگشت تیۆرە کلاسیکییەکاندا رادەپەڕێت لەپەکخستنی نێوان هونەر و چێژ یان بەرژەوەندی خوازی دا، ئیتر دەڵێن رەنگە ئەو شێوەیە بێت کە تابلۆکە بە خۆشەویست بۆمان وێنا دەکات، دواتر رەنگە لەدڵماندا هەندێ بیرەوەری جوان بورووژێت، وەلێ لەگەڵ ئەوەدا رەنگە تابلۆکە لەخۆیدا لەرووی هونەرییەوە ناشیرین بێت، نەك ئەوەی لەلایەکی دیکەوە رێگری بکات لەوەی تابلۆکە لەڕووی هونەرییەوە جوان بێت، لەگەڵ ئەوەدا لەهەمان کاتدا وێنەی دیمەنێك بێت لەسەر

ناخ قورس و گران بێت، چونکە کرۆچێ نکوڵی لەوە ناکات کە گرینگیپێدانە کردەییەکانمان، بەو هەموو خۆشی و ئازارانەوە هاو رەوتین، هەندێ جاریش لەگەڵ گرینگیپێدانەکە ئیستاتیکییەکانماندا ئاوێتە دەبن، وەلێ لەگەڵ وتەیەدا جووت نابێت کە چێژوەرگرتن بریتییە لەجەوهەری گرینگی پێدان بەئیستاتیکا".(35).

کرۆچە دوو کتێبی گرینگی لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە، کتێبی یەکەم (زانستی گشتی ماناکان) ساڵی (1902) کتێبی دووەم (کۆ زانستی ئیستاتیکا) ساڵی 1911 نووسیوە، لەهەردوو توێژینەوە ئیستاتیکیەکەدا، باسی لەچالاکی روحی و وێنەی روحی کردووە کە بریتین لەوێنەی زانست و وێنەی کار، هەردوکیان ئاماژەن بۆ ئەو مەعریفە مرۆییەی کە خەیاڵ و زانین لەرێگەی هزرەوە زانینی تاکایەتی بەرهەمدێنن.

کرۆچێ لەکتێبی کۆ زانستی ئیستاتیکا پرسیارێکی هەیە لەچییەتی هونەر بۆ چێژ و هەوەس، دەڵێت "دیارە هونەر بریتییە لەبینین fantome ئیتر لێرەوە ئەوا هەر کەس چێژ لەهونەر وەربگرێت، چاو دەخاتە سەر ئەو لایەنەی هونەرمەند پەنجەی بۆ رادەکێشێت، بۆ ئەوەی لەو دەلاقەیەوە تەماشا بکات کە هونەرمەند بۆی ئامادە کردووە، بەهەوڵی ئەوەی کە ئەو وێنەیە دووبارە لەخۆیدا درووست بکاتەوە".(36).

بەو مانایە بێت کرۆچێ تەماشا و بینین لێك جودا دەکاتەوە، چونکە هونەری ڕاستی بریتییە لەشێوازی فیزیکی یان ڕووداوێکی سرووشتی وەکو هەرەسی بەفر و شێت بوونی ئۆقیانووس و روبار و دەریا کە شێوازی نائاسایی سرووشتین و زۆر مەترسیدارن، وەکو تسۆنامی، هەروەها تێکچوونی کەشو هەواو لەوەش خراپتر تێکچوونی کارەبا، ئەمە ئەو فەزایە دەخوڵقێنێ کە چیژبەخشە، بەتایبەتی پرسیارکردن لەسیحری ئەدەب، یان هونەرێك کە مرۆڤ لەمانا و بەرهەمهێنانی ئەو هونەرە تێناگات، ئێمە بۆیە کرۆچێمان وەرگرتووە، "چونکە مەزنترین شیکەرەوەی ئیستاتیکایە وەکو زانست و پێیوایە کاری هونەری رۆمانسی یان پەیامێکی تایبەتە، ئەمە یەکەمین شێوازی مەعریفییە کە داروینییەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە، چونکە تیۆری ئەزموونی ئەدەبی گەشە دەکات، بەو پێیەی کە مرۆڤ بە مەسیرەی ژیان گەشە دەکات و رەخنەگر و تیۆریستینی ئەدەبیش پەیدا دەبن".(37).

ڕاستیەکی هەمیشە بینراو بۆ چێژوەرگرتن هەیە، ئەو مانایەی وەرگرتووە کە هەر شتێك، یان بزواندنێکی جەستە بەئاراستەی خۆشی واتە چێژوەرگرتنە، ئەگەر چێژەکە لەڕێگەی نووسین و خوێندنەوەش بێت، بەلام پێچەوانەکەشی راستە کە رەنگە هەندێکجار خۆئەزموون کردن بەویستێکەوە کە سایکۆلۆژیا یان جەستە گەرەکیەتی، لەبەرچاوبگرین ئەویش چێژێك دەبەخشێت، بەپێچەوانەوەی هەموو

ئەمانەوە کە نیگەتیڤە و قبوڵکراو نییە، ڕەنگە هەندێکجار مرۆڤ لەڕێگەی چێژوەرگرتنەوە چێژ وەربگرێت.

## رەخنە و هونەری رەخنەیی

پەیوەندی رەخنە و رەخنەگر لەگەڵ هونەردا، پەیوەندییەکی کۆمەڵناسانەیە، لەهەموو روویەکەوە ئەو دەستگرتنەی هونەرمەند هەیەتی بەسەر هەموو شتەکاندا، ئەو کێشانەیە کە لەژیانی رۆژانەدا ئامادەن، ئەوکاتەی هونەرمەند کار دەکات، دەبێ ڕەچاو بۆ پێوەرێك بکات کە هەم دەنگییە و هەم مانایە، چونکە وێنە و وێناکردن هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لەگەڵ خەیاڵ و جیاوازییەکانی بینین.

رەنگە چێژوەرگرتن لەجوانی بەشێك بێت لەنامۆبوون کە تائیستا ئێمە لەژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەخلاقی جوانیداین و دوور کەوتووینەتەوە لە ئەخلاقی مرۆڤی کە نامۆبوون چ وەکو ئەوەی فرۆید باسی دەکات وەکو شێوازی سایکۆلۆژی. "هەر بەرهەمێکی هونەری کەم تا زۆر رەخنەیەکە لەژیان، هەوڵێکە بۆ رزگارکردنی ژیان لە پشێوی، لۆژیك تر و رۆشنتر ئەگەرچی نەك پوختەتر کردنیەتی، بەبێ ئەم هەستە کە جیهان هەر جارێ (وون گوگ) واتەنی بە (بەرنامەیەك کە پیادە نەکرا) رەنگە هیچ توانایەك بۆ ئەفراندنی هونەری بوونی نەبێ".(38).

ڕەنگە هونەریش لەم سۆنگەیەوە بێت ئەگەری کراوە بەکار بهێنێت، ئەگەر پەیوەندی بەڕاستییەوە نەبیٚ، کارەکە نیگەتیڤ دەربچێت، واتە ئەگەر فیلمێك لەبارەی جینۆساید و ئەنفالەوە بەرهەمهات ڕاستییانە مامەڵەی لەتەك جوگرافیا و مێژووی بابەتەکەوە نەکرد، ئەوا لەدەرەوەی مانایە، یان بەو مانایەی کە مافی ئەو کارەکتەرانەی فەرامۆش کردووە کە کارەکتەری چالاك و بەشداربوونە لەو بابەتە هەستیارە، لەحاڵێکدا لایەنێکی گرینگی هونەر ڕەخنەیە لەڕاستی کە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو بەرهەمانەیە کە جیهانی ڕاستی وەکو کەرەستەی زیندوو بەکاری دەهێنێت، ئەمە بەشێکی لێکدانەوەی ماتریالی و بەشەکەی دیکەی لێکدانەوەی سایکۆلۆژییە. چ وەکو ئەوەی مارکس باسی دەکات لەکایەی ئابورییدا، وەختێك کرێکار وەکو تاکێکی چالاك بەهۆی بەهرەمەند نەبوونی بەبەرهەمی کاری خۆی، نامۆیە بەو ژیانەی کە چینی سەرمایەدار گوزەرانی تێدا دەکات و ڕەگوڕیشەی ململانێکەش لێرەوە دەست پێدەکات، لەهەردوو بارەکەدا خود کە نامۆ دەبێت، یان بەهۆی سەرمایەگوزاری و بەکاڵاکردنی مرۆڤەوەیە، یان ئەوەتا ململانێی سایۆکۆلۆژیای کۆمەڵگەی بەسەردا دەسەپێنرێت کە ویستی خۆی نییە، لێرەدا جوانی نامۆبوونی مرۆڤ لەو پەیوەندییەدا دەبینرێت کە خود یان تاکی چالاك لەسایەی حوکمی زۆرینە و حوکمی سیستمدان، ناچار بە ئەمری ڕاستی دەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە مارکس هەموو دیاردە و بابەتەکانی دیکەی بەئابورییەوە گرێدابێت و کێشەی ستەمی میللی و ئەدەبی

ناڕاستی پشتگوێ خستبێت، بەپێچەوانەوە لەبارەی مەسەلەی هونەر و ئەدەب و پەیوەند بەجوانیناسییەوە کە لەلای ئەو بەشی زۆری کێشەکان کە لەفەلسەفەدا بووەتە گرێ، بابەتییە نەك خودی،"مارکس جوانی لەماتریالیزمی ئابوورییدا کۆکردۆتەوە کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە بنچینەیە بۆ جوانی، چونکە ئەم گرێیە بوونێکی بابەتییە نەك خودی".(39).

ئەمە مانای ئەوەیە کە چالاکی لەبابەتی بەردەوامدایە و بەرەو پنتێکی جێگیر دەڕوات، لەکاتێکدا هەموو ئەو بابەتانەی کە ئاڕاستەی بیر و هۆش و تێڕوانینمان دەگۆڕێت، ئەوە ماناکانی دەرەوەی جوانییە بۆ ڕووداوەکان، چونکە ڕووداوەکان شتێکی دەگمەن نین لەبووندا، تاکو ئامانج لەگۆڕینی ڕووداودا بەکردەنی بیسەلمێنێ پێکهاتە ماتریالییەکان لەیەك ڕەگەزەوە هاتوون کە بەرهەمهاتووی بوونە، لەحالێکدا من پێموایە کە جوانی هەندێکجار لەدەرەوەی گۆڕانی ماتریالە، مەبەستم لەپەیوەندی سێکسی مرۆڤە لەگەڵ خودی مرۆڤ کە پارچەیەکی دیکەیە لەخۆی، یان لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر، ئەو پەیوەندییانەی کە شێوەزاری ژانی جەستەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، بەوپێیەی کە فرۆید سێکسی وەکو شێوازێکی ماسۆشی بۆ جەستە دۆزیوەتەوە، ڕاستییەکەشی هەروایە کە ئەمەش ڕێژەییە، چونکە هەموو ڕەگەزێك ژن یان پیاو، لەو شێوازەدا ناژێ بۆ ئەوەی چێژ

وەربگرێت لەخۆشی و جوانییەکانی ژیان، بەڵکو بەشێکی زۆری کردەی تەواوکردن و پێویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە.

رەخنە و خوێندنەوەی بابەتە هونەرییەکانی شێوەکاری کە پەیوەندییان بەخودێکی چالاکەوە هەیە، لەوێوە دەردەکەوێت کە پەیکەر و وێنەی مێژوویی بۆ خوداکان کراوە و گرێدراوە بەسایکۆلۆژیا و زانستی مێژوویی کە وەکو کۆمەڵێك یەکەی هونەری پێناسە کراون، یان ئەوەی کە ئەفسانە و چیرۆکە ئاینییەکان پشتگیرییان کردووە، ئەمە بەشێکی دیکەی چیرۆکی ئیستاتیکایە بۆ مێژوو کە هونەر کەڵکی لێوەرگرتووە، یان لانیکەم دۆزینەوەی نهێنیەکانی سرووشتە، ئەم بابەتە بەهۆی ئەوەی بەر لەرێنسانس وەکو گرینگترین کێشەی ئازادی و پێشکەوتن بوو بۆ لەناوبردنی نەخۆشی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگە، بەڕادەیەك گەشەی کرد، سوریالیزمی لێبەرهەمهات و دواجار بوو بەرەوتێکی رەخنەیی فەرهەنگی سیاسی، چونکە ئەوان لەرێگەی نیشاندانی ناشیرینییەکانی دەسەڵاتەوە، ئیستاتیکایان کرد بەرەچەتێك بۆ رەتکردنەوەی هەموو ناشیرینیەکان کە ئەوکات سیستمی کڵێسا و قەشایەتی جلەوی ستەمکارییەکەیان بەدەستەوە گرتبوو، چونکە ئەو سیستمەی جیهانی بەڕێوەدەبرد لەرۆژئاوا، پشتی لەهەموو جوانییەکانی سرووشت کردبوو، دونیایەکی سەرزەمینی ستەمکاری دەستکردی بەرهەمهێنابوو کە بریتی بوو

لەجەنگی مەزهەبی پرۆتستانتی و کاسۆلیکی و جەنگی دژە ئایدیۆلۆژییەکان و ئێستاش جەنگی تەکنۆلۆژیا، بۆیە رەخنەگرەکان لەرێگەی هونەرەوە رەخنەیان لەو دونیایە ستەمکارییە دەگرت.

پشتگوێ خستنی ڕاستی لەهونەردا، ئەوەنییە باس لەنەبوون بکرێت، یان باس لەجیهانێکی نوێ بکرێت و هەڵچوونی مرۆڤی دژ بەو رووداوانە لەبەرچاو نەگیرێت، فرەیی بیرکردنەوە لەقوتابخانە هونەری و ئەدەبییەکان بەتایبەتی ئەوانەی وەکو شۆڕشگێڕ خۆیان نمایش کرد، گرینگیدان بوو بەمیراتی کولتووری مرۆڤی کە گەشەسەندنەکەی لەڕووی رۆشنبیرییەوە بەخۆڕسك تەماشا کراوە، قوڵبوونەوە لەم نموونانە، گەڕانەوەی بەهای سیمبولییە بۆ رابردوو، کەوابوو سڕینەوەی خود لەم ساتەدا بۆ سڕینەوەی شوناسی مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆ گەڕانەوەی بەهای مرۆڤییە وەکو کۆمەڵ کە لێرەوە جوانییەکەی دەردەکەوێت.

(هێربرد رێد) رەخنەگرێکی شێوەکاری سەدەی رابردووبوو، زۆر گرینگی بەئیستاتیکا داوە و زۆربەی کردە هونەرییەکانی بەهەستەوەرییەوە گرێداوە، بەتایبەتی لە لاسایکردنەوەی سرووشت لەرێگەی شێوەکارییەوە، ئەو کتێبێکی هەیە بەناونیشانی (معنی الفن) واتە مانای هونەر کە لێکۆڵینەوەیەکی فکرییە و پێیوایە کە جوانی یەکەیەکی پەیوەندییە لەنێوان شتەکانە، ئەوانەش کە دەرکیان پێدەکەین لەرووی هەستەوەریەوەیە، رێد ئەم تێزەی بەسەر جۆرەکانی

جوانی و هەستکردن بەچێژی جوانی پراکتیك کردووە، لەوێشەوە دابەشی سەر کۆمەڵێك یەکەی جۆراوجۆری هونەری کردووە، لەوانەش (هەستی جوانی و پێناسی جوانی و هونەری بینین و ئایدیالی کلاسیك و جوانی هونەرەکان و شێوە و دەربڕین و هاڕمۆنیای هونەری و نەخشاندن و رەگەزەکانی هونەر و جوانی و جەوهەری جوانی)، بۆ هەر یەك لەو یەکانەش بیانوویەکی هێناوەتەوە بۆ پەیوەندی هونەری میللی و کلاسیکی و مێژووی هونەر و کاری ئەبستراکت و سرووشتگەرایی، هاوکات مانایەکی تایبەتی بۆ ئیستاتیکا هەیە."جوانی شتێکە و هەستکردنی جوانی ئەبستراکتی کە پایەیەکی سەرەتایی چالاکی هونەرییە شتێکی تر، بەبێ هونەر و پێوەرە هونەرییەکانیش ناکرێ باس لەئیستاتیکا بکرێت، بەوپێیەی ئەگەر بۆ ئەدەب زمان پێوەر بێت، ئەوا بۆ جوانیش هونەر پێوەرە".(40). بەومانایەی ئەوەی کە هەیە لەسرووشتدا جوانە و ئەوەش کە مرۆڤ پایەیەکی هونەری پێدەبەخشێت وەکو شێوەیەکی دیکەی جوانی نەبینراوە.

باسێکی بنچینەیی ئادۆرنۆ جوانیناسییە (mimesis) کە دەکری بە لاسایی و لێکسوویی تەنانەت نمایشکردنیش وەربگێردرێت، ئەم چەمکە لەتیۆری رەخنەگرانەی ئادرۆرنۆ، رەهەندی جۆراوجۆر و تادوایی ئاڵۆز وەردەگرێ، لاسایی یان رەفتاری لاساییکەرانە بەمانای لایەنی هاوبەشی هونەر، جادو یان خاڵی

بەرامبەری ئەقڵی ئامرازییە، بەلای تیۆدۆر ئادۆرنۆوە (لاسایی و عەقلانییەت دوو لایەنن، یان چرکەساتی دانەبڕاوی بەرهەمی هونەرییە کە وەکو دیالیکتیکی نێوان جەوهەری مێژوو و هونەرە، ئەوەی کە هونەرێکی دەربەست واتە (ملتزم) بەرهەمدێنێ، زۆر جیاوازە لەوەی لاسایی دەکاتەوە، چونکە لاسایی کردنەوە هەڵسوکەوتە لەگەڵ فکری ئەوی دیکەی داهێنەر کە لاسایکردنەوە تەنها نمایشی بابەت و فکری رابردووە، بەڵام بەشێوازێکی جیاواز، لاسایکەران فاکتەکان کورتدەکەنەوە و لەبری ئەوە پێویستی هونەری دەپارێزن)، بەو مانایەی کە لاسایکردنەوە بەرهەمی هونەری دەگۆڕێت بۆ سەر زمانێکی تر کە تەنها گوتاری هونەرەکە دەبێتە مانای جیاواز، تا ئەو رادەیەی کە هونەرمەند لەئەنجامی راییکردنەوەی بەرهەمێکی رابردوو، لەڕووی سایکۆلۆژییەوە کەسێکی وەسواس و ڕاڕایە و ناسرووشتییە لەرووی دەروونییەوە، ئەمە بۆ گوتاری ئاینییش وایە کە هەر یەکەیان لاسایی ئەوی پێشووتری خۆی کردۆتەوە.

"لقێك لەتەڤگەرە سیمبولیستی و جوانییەکانی سەدەی نۆزدە، هونەر بۆ هونەر بوو لەبواری ئەدەبیدا، بزووتنەوەی سیمبولیزم لەساڵانی دەیەی 1840ی بەدواوە بۆ ناڕەزایەتی لەهەمبەر کۆمەڵگەی بۆرژوازی فەرانسی سەریهەڵدا، لەسەر توخم گەلێك وەکو سەرئێشەی درێژخایان، تاویاو بێزاربوون لەدونیا، ئەویش لەتێڕوانینی سیمبولیستیانە بوو بۆ شیعر و هونەر، داکۆکی دەکرد و

باوەڕی بە بەڵێنی ئەخلاقی هونەرمەند هەبوو، درووشمی پەڕەپێدانی ئەم بزووتنەوەیە وتەیەکی بەناوبانگی ژان نیکۆلاس ئارتۆر رامبۆ (1854_1891) شاعیری فەرانسی بەتێکدانی هەمیشەیی و چڕ و بەڵگەداری سەرجەم چەمك و واتاکان، خۆی وەکو چاودێر و بینەرێك نیشاندا".(41). دواتر هەر بزووتنەوەکە خۆیان تێگەیشتن و هەستی دژە نۆرمی و بێ بەڵێنی و بێهواییی و کۆتایی سەدە، نزیکایەتیان لەگەڵ بزووتنەوەکانی دیکەدا نیشاندا. ئەمە بووە مایەی هەژێنەری هەستی کولتووری و دابڕان لەگەڵ و سوونئەت شەقار دەبێ، بۆیە رەخنەیان لەو رێچکەیە گرت و لەنێوان هونەر بۆ هونەر و هونەر بۆ سیاسەت، پنتی ناوەڕاست هەڵبژێردرا کە دەبێ هونەر پێوانە بکرێ و جگە لەئیستاتیکا شوناسێکی تایبەت وەربگرێت، ئەویش گوتاری پشت ئەندێشەکانە کە لەتابلۆ و شانۆ و موزیکدا هەیە.

ئەم فەزایە بۆ بیرکردنەوە کەسانی وەکو شکسپیر و بتهۆڤن بەرهەمیانهێنا، بیرۆکەکە بووە هۆی بەرهەمهێنانی ئازادی کار، ئازادی کاری هونەریش تێپەڕاندنی هونەر نییە لەفکر و ئایدیۆلۆژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی، چونکە هونەرمەند لەژینگەیەکی فکریدا خەیاڵی بەکاردەهێنێت و دەیکات بەماتریاڵێکی فرەمانا و دەربڕینی هەقیقەتێکی دیکەی ئەو دیاردەیەی کە لەدەرەوەی هەقیقەتە باوەکەیە، بەو پێیە بێت هونەر ئەوکاتە دەستپێدەکات کە

لاساییکردنەوە کۆتایی پێدێت، چونکە لاساییکردنەوە هونەرێکی راستەقینە نییە بەبێ ئەوەی هونەرمەند پێی بزانێ، بەڵکو دووبارەکردنەوەی زانینێکی رابردووە بەزمانێکی تر، یان بە رەنگێکی تر، بەڵام رەنگە جیاوازی لەواتاکاندا هەبێت، هەروەك ئەوەی دووبارە بوونەوەی مێژوو لەڕاستیدا یەکێکە لەهۆکارەکانی سرووشتی مرۆڤ، خۆ بەپاڵەوان کردنی مرۆڤ لەنێو سرووشت و کاریگەری دەوروبەر، ئەو هۆکارانەن کە بەناچار جارێکی تر مرۆڤ خۆی تێدا ئەزموون دەکاتەوە، ئەوەی کە لەمنداڵیدا جوانە و خولیایەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەیاڵەی هەیە، لە گەورەبووندا دووبارکردنەوەی ئەو حەزەیە بۆ پڕکردنەوەی ویستە غەریزییەکان کە جارێکی تر نایبێنێتەوە، واتە هەموو ئەو حەزو خەیاڵەی کە لەمنداڵییەوە هەبووە، لەگەورەبووندا دەکوژرێت.

دیستۆفسکی دەڵێ (ئەوەی دونیا رزگار دەکات فەلسەفەی جوانییە)، ئەوەش کە رێگر بووە لەبەرامبەر جوانی، ئەوەیە کە تائێستا وەکو پرسێکی دەستەبژێری رۆشنبیری و سیاسی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەمە وادەکات کە جیهان لەئەنجامی دژەکان رزگاری نەبێت، چونکە رێگەی شۆڕشکردن بەسەر ئەخلاقی باو و ئایدیۆلۆژیای باوو دەسەڵاتی باو بەگشتی، تەنها لەکردارە سیحراوییە چاکەکارییەکەیدا لەتوانایدا هەیە فەلسەفەی ئیستاتیکا پراکتیك بکات.

"یەکەم پرسیار کە رووبەڕوومان دەبێتەوە لەبارەی چێژی جوانییەوە، ئەوەیە کە سەرەتا لەکوێوە دەست پێبکەین و بەچ ماتریالێك یان کردارێك دەست پێبکەین، لەوێوە کە شوێن وەکو سێگۆشە و چوارگۆشە و پێوستی بەسەلماندن هەیە کە لەزانستی ئەندازەییدا هەیە، یان لەوێوە کە پەیوەندی بەبوونی خۆر و ئەستێرە و دیاردەکانی دیکەی موگناتیسی و هتد کە لەفیزیادا هەیە؟، ئەمانە گرینگی بەبوون دەدەن لەم جیهانەدا، رەنگە ئەسڵی بابەتەکان لەدیاردەناسی موگناتیسیدابێت، بەجێگای ئەو شتەی کە ئێمە بەیانی دەکەین، بەڵام لەچوارچێوەی فەلسەفەشدا بۆمان هەیە گومان لەو بوونە بکەین، بۆ نموونە لەرووی سایکۆلۆژییەوە لەمەزهەبی روحی لەروی پراکتیکیەوە، ئایا دەتوانین پرسیار لەبوونی دەروونی بکەین؟، یان بۆ کائیناتی خودی کە ماتریالی نییە، هەروەك ئەوەی پرسیار لەلاهوت بکەین کە ئایا بوونی خودا چۆنە، ئەوکاتەی شتەکان لەسرووشتدا هەن".(42).

کێشەی سرووشت کە بەشێکە لەکێشەی خودی مرۆڤ، لەگەڵ خۆی و لۆژکێك کە کاری پێدەکات، تەنها لەو دیاردانەوە نییە کە دەتوانێ مامەڵەیان لەتەکدا بکات و وەڵامیان بداتەوە، بەڵکو لەو نهێنیانەوەیە کە وڵامیان بووەتە هۆکارێك بۆ شڵەژانی دەروونی مرۆڤ، هەروەك ئەو لوغزە جوگرافییانەی وەکو بەڕازیل و مەکسیك و سێگۆشەی بەرمۆدە و لەکوردستانیش شوێنگەلی وەکو توونی بابای

سلێمانی و جامۆ لەکشمیر و هتد هەیە، تائێستا ئەمانە بابەتێکی روحانی و فەلسەفی و بگرە سیحر ئامێزی سیاسین، چونکە لەسنووری تێگەیشتنی عەقڵدا جێگیر نابێت و بۆ هەر یەك لەو سیحرە ئیستاتیکیانە مانایەك هەیە، یان چیرۆك و ئەفسانەیەك هەیە، ئەوەی کە عاریف و روحانیەکان وەکو چەمکێکی دیکەی ئایدیالی ئیستاتیکی، بڕوایەکی دیکەی جوانی بەرهەمهێناوە کە پەیوەندی مرۆڤە لەگەڵ خودا، عاریفەکان گوتوویانە مرۆڤ دەبێت هەولی جوانیناسی خۆی بدات و رۆلی هەبێت هەتاوەکو جوانیناسی خۆی لەگەڵ جوانیناسی خالقدا یەکبگرێتەوە، ئیدی کە تەسەووفەکە گەیشتە ئەم شێوازە، ئیتر ئەو شتەی کە خەڵکی لەبەر حەرام و حەلاڵ و بکەو نایکەن، ئەوا ئەم لەبەر ناشرینی نایکات، بۆیە پێویست ناکات بلێ ئەمە حەلاڵە و ئەوە حەرامە".(43). لێرەوە تێدەگەین کە بۆچی ئەوانەی بەروح لەگەڵ خودا مامەڵە لەگەڵ جوانییەکانی سرووشتدا دەکەن، دەرەنجامیان گرتووە و گرینگییان بە خەسڵەت و کامڵبوونی مرۆڤایەتی داوە، ئەم هارمۆنیایە لەنێوان ئاکاری عاریف و سۆفی و خالقدا، نەك وەکو هەقیقەتێك، بەڵکو وەکو دیوێکی دیکەی تابلۆکەیە کە هونەرمەندێك نەخشاندوویەتی و خۆی دەزانێ چۆن و چ بینەرێك دەورووژێنیت، تێڕوانین و دۆزینەوەی ئەو پەیوەندی و هارمۆنییەش، بۆ بینەرێك دەشێ کە دەتوانن نهێنی و باگراوندی فەلسەفەی جوانییەکە بدۆزنەوە کە سۆفیگەرەکان بەروح وێنایان کردووە.

## وەهمی بینین

وەهمی بینین هونەرێکی ئیستاتیکی ئەبستراکتیە، هونەرێکە پشت بەزانست دەبەستێت، تیۆری کم ی محمود صبری لەسەر بنەمای ئەم شێوازە کاری کردووە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو تیۆرە لەدایك بێت، لەروسیا و ئەوروپا تیۆری ئایندەگەرایی (النقریه المستقبیلیه) هەبوو، پرسیارەکەی بەردەم ئەم بابەتە ئەوەیە، لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە و چۆن بووە بنەمای هونەری زانستی، لەئیتاڵیا جوڵانەوەی ئایندەگەرایی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، ئەم جوڵانەوەیە هەوەسبازانە بوو، لەکاتێکدا بوو کە بزووتنەوە و دینامیکیەتی شتەکان لەسەرووبەندی مۆدێرنەدا خۆی نوێ دەکردەوە، هەر لەوکاتەدا بوو کە تەکنۆلۆژیا کاریگەری هەبوو لەسەر جیهانی نوێ کە هەموو دونیای کۆنی رەتدەکردەوە، بۆیە ئەمە وەکو سەرەتاییترین تەعبیر بوو کە ئایندەگەراکان کاریان پێدەکرد، ئەوەبوو سەرەتا بۆ زەنگی ئاگادارکردنەوەی باڵیۆزخانەکان بەکارهات".(44).

کاریگەری ئەم تیۆر و جوڵە ئایندەگەراییە لەسەر هونەر و تەکنۆلۆژیا، فکرێکی بوونگەرایی، دوو جۆر لەکات و شوێنی بەرهەمهێنا، یەکەم ئەوکاتە بوو کە چرکە

و کاتژمێری وەکو زانست بەرهەمهێنا، دووەم ئەو زەمەنە زەینییە بوو کە رابردوو و ئێستا و ئایندەی لەیەك کاتدا پێکەوە گرێدەدا. ئەم هونەرەش وەکو هەر قوتابخانەیەکی دیکە لقی جیاوازی هەیە، یەکێك لەوانە شێوازگەراییە، واتە هەر هونەرمەندێك بەئامانجێك شێوازی کارەکانی خۆی دەگۆڕێت، لەلایەك بۆ ئەوەیە بناسرێتەوە، لەلایەك بۆ دەوڵەمەنکردن و پاڵپشتی ئەو هونەرەیە کە جێکەوتە نەبوو.

"لەنموونەی ئەو دۆخەوە کە وەکو ڕاستی تەماشاکراوە لەهونەردا، شێوازگەرایی دەبێتە باشترین یاسا و پرنسیپەکانی ئیستاتیکای وەهمی، ئەم پرنسیپە کە ئەزموونی ئیستاتیکا دەگوازێتەوە بۆ پلەیەکی ژیانی راستەقینە و لەڕاستی پراکتیکیدا هەیە، بەڵام سەرەنجام دەبێتە خاوەن جوانییەکی تایبەتمەند لەئەزموونێکی خەیاڵییەوە بۆ بەئارگۆمێنت کردنی شتەکان و وەهمی تەواو کە شەبەنگە، ئامانجی ئەمەش جگە لەگۆشەگیری مرۆڤ بەولاوە کە مانای دوورکەوتنەوەیە لەکۆمەڵگە، هیچی تر نییە".(45).

لەلایەکی ترەوە کە هونەرمەندی ئەو سەردەمەی کە تیۆرە لەنوێ هاتبوو، لەوانەش (جیاکۆمۆ بالا) لە (1871_1958) گرینگی بەو فکرەیەدا و هەوڵیدەدا لەڕێگەی تابلۆوە مرۆڤ لەزەمەنی زەینی تێبگات، هەروەها لەرێگەی ئەو تەیرانەی کە زیاتر لە 7 باڵیان بۆ دروست دەکرا، یان وێنەی مرۆڤ کە

چەندین پێی هەبوو، بەو مانایەی کە لەجوڵەدایە و گوایە ئەمە پەلەیەکی ئەبستراکتییە، تاکو گەیشتە وێناکردنی ماشین، بەڵام چونکە ماشین وەستاوە و ناجولێت، ئەمە بوو بەدژکاری ئەو بزووتنەوەیە، بۆیە ناوی لێنرا هونەری (کاتی بەسەرچوو).

ماشین دروستکردن لەرووی هونەرییەوە لەلای ئیتالّییەکان، درووشمێك بوو بۆ بەرهەمهێنانی تەکنۆلۆژیاو بەمۆدێرنە کردنی سەدەی بیستەم، چونکە ئەوکاتە ئیتاڵیا لەگەرمترین کێبەرکێی پیشەسازیدا بوو لەگەل ئاڵمان، بۆیە ئیتاڵیا لەو کێبەرکێیەدا بردییەوە، دواتریش لەنێوان پاریس و مەدرید کرا، بەڵام دواتر لەلایەن بوردەوە سڕایەوە، چونکە رێگەی گوندەکان بەکەڵکی ئەو ئەو شێوازە لێخوڕینە نەدەهاتن، بەوپێیەی کە شەقامەکان و جادەکانیان لەسەرەتادا بوون و دووچاری کێشە و بەریەك کەوتن دەبوون.

(مارینتینی) کە (تریستیان تزارا و کورت شفایتزەر و واڵتەر روتمان) بەکاریان دەهێنا، فکرەی ئایندەگەرایی گەیاندە ئەو ئاستەی کە تیۆرەکە لەجیهانی تایبەت بەئیتاڵیا کاری پێبکرێ، بەڵام لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك دژکاری هەڵگرتبوو، بیرۆکەی نەتەوەپەرستی و نیشتیمان پەروەری، هاوکاری ئەوەیان دەکرد کە ئیتاڵیا بگاتە شێوازی ناسیونالیزم و دەرفەتی ئەوە ببەخشن کە نەتەوەی سەربەخۆ بن، دواتر مارینتینی گەشتی بۆ تەواوی وڵاتانی ئەوروپا کرد، تاکو

کەڵك لەو تیۆرە هونەرییە زانستییە وەربگرن، دواتر بوو بەقوتابخانەیەکی تایبەتی هونەری، هونەرمەندانی ئەوکات پێشوازیان کرد و حەواڵەی هونەری نەتەوەییان کرد، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی بەئیتاڵیاوە هەبوو، ئەوەبوو دواتر هونەرمەند مارگرێت کە هونەرمەندێکی سوریالی بوو، بۆ هونەری سینەما کەڵکی لەو تیۆرە وەرگرت و داهێنانی تێداکرد. ئیدی ئەوەبوو لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیادا کاریگەری زۆر لەسەر تێڕوانینی فۆتۆگرافیش دانا، دوابەدوای ئەمەش بۆ دیزاینی ماشین کەڵکی لێوەرگیرا.

وەهمی بینین ئەو ناونیشانەیە کە زۆرجار بۆ هەردوو کاری هونەری و ئەدەبیش بەکارهاتووە، بەڵام هەرکەس بەشێوازێك بەکاریهێناوە، چونکە وەهم لەبیناکردنی هونەر و زانستیشدا بەکارهاتووە، هونەری بینین بەرلەوەی ئەو وەهمە بێت کە لەدوورەوە شتێکە و لەنزیکەوە شتێکی ترمان پێدەبەخشێت، زانستێکە پشت بەکردەی ئەندازەیی دەبەستێت، بەڵام (ڤیکتۆر ڤازاریلی) شارەزا لەم هونەرە، کردەکەی گواستووەتەوە بۆ ئیستاتیکای هونەری، ئەویش بەئینگلیزییەکەی پێی دەگوترێت (optical art). (ڤیکتۆر ڤازاریلی) هونەرمەندێکی هەنگاری یە لەساڵی 1908 لەدایکبووە کاریگەرترین کەسە کە بەتەکنیکی نوێ توانی ئیستاتیکای ناو شاری هاوچەرخ درووست بکات کە لەئێستا لەژێر کاریگەری ئەم

داهێنانە زۆرترین شاری دونیا، ئەم شێوە تابلۆیانەی تێدایە کە پێی دەگوترێ هەڵخەڵەتانی چاو، هەتاکو لەدوورەوە نەیبینی، ناتوانی لەنزیکەوە بیخەملێنی.

(ئۆپتیك ئارت) شێوازێکی هونەری بینینە، سەرەتا لەشێوە و ئەندازەیەکی دوو سەرەی قەراخی هێڵ، یان باونەوە دروست دەبێت، بەومانایەی شێوەکان بەدیاری کراوی و تازەگی بەکاردێن، ئەگەر بەوردی تەماشای بکەین، دەبینین ئەم قەراخانە خاوەنی شێوەیەکی دژ بەیەکن، دواتر لەجیاتی شێوازی خۆڕسکی، سرووشتێکی ئەندازەیی وەردەگرن، شێوازی دووەم شێوەیەکی ئەبستراکتی وەرناگرێت، جگە لەوەش شێوازێکی دیاریکراو دەبێت بۆ بینین، بۆ نموونە ئەو وێنانەی لەدوورەوە شتێك و ڤیگەرێکن، لەنزیکەوە شتێکی تر کە جگە لەفەوزای بینین هیچی تر نییە، بەڵام هونەرێکە پشت بەلێکچونی بینین دەبەستێت و وەهمێك دروست دەکات بۆ بینە رکە لانیکەم جوانییەکی هونەری تێدایە.

(نیکولاس وید) لەژێر ناونیشانی هونەرەکەی کە وەهمی بینینە و زۆرترین بیانووی فکری هونەری بۆ هێناوەتەوە، باسی گەمەکردن بەرەنگ و هێڵ دەکات. بۆ نموونە بەکارهێنانی رەنگەکانی رەش و سپی لەتێکهەڵکێشکردنێکی هونەریی و ئەندازەییدا، هەستدەکەین دژەکان لەنێو هێڵەکاندا دەگەنە خوارووی رەهەندی بینین، دواجار بەهای کاریگەری بینینەکە تێکەڵ دەبێت و شێواوی لەزۆربەی بینینەکاندا دروست دەکات.

"هونەر خۆراكێكە و مافی گشت كەسی تیایە، ئەم هونەرمەندە رەوتێكی نوێی هێنایە كایەوە و بەناونیشانی (ئۆپ ئارت) كە بریتییە لەشێوەسازی ئەندازانەی (رەنگ و هێڵ) و (میكانیزمی چەنبارەیی) واتە تكرار. شێوە و رەنگ لەئەنجامدا وەهمێك دەخوڵقێنێ كە وێنەكە لەبەرچاو دەجوڵێت، ئۆپ ئارت واتە هونەری نیگایی. هونەری چاو هەڵخەڵەتێن، چاو لەو شێوازەدا دەكەوێتە بەر كاریگەری شەپۆلاوی و وێنە و شێوەكان وەكو خۆی نابینیێ. بۆیە كەسەكە یان بینەرەكە هەست دەكات شێوەی ئەندازەییەكانی سەر تابلۆ لەجوڵەدان، بەتایبەتی ئەگەر رەنگی ئەو شێوانە رەش و سپی بن، لەناو روتاریدا واتە ئەبستراكت هەیە، ئەم هونەرە لقێكی سەربەخۆیە بەلازمانێكی خۆماڵی كە زمانی گشتە و دوورە لەزمانی هونەری، پێی دەگوترێت (رەشكەو پێشكە).

ئەم هونەرە لەلایەن ڤازاریلی یەوە بەتێكەڵكردنی زانست و ئەندازە و شیعر و ڤیستیڤاڵی نیگایی، شێوازێكی نوێی هێنایە كایەوە كە لەرێگەی هێڵ و رەنگەوە چاو هەڵدەخەڵەتێنێ، هەروەها لێك شێواوییەك لەهەستەكانی بینین و تێڕوانین بۆ شتێك دەستپێدەكات، تادەگات بەهونەری ئایرۆنی كە پێچەوانەكەیەتی.

جیاوازییەكی دیكە لەنێوان هەردوو هونەری ئەندازەیی و ئایرۆنی كە بینەر ناتوانێ ئایرۆنی بجوڵێنێ، واتە وەستاوە هونەرەكە، بەڵام بەپێچەوانەوە دەتوانێ لەتابلۆی (ئۆپتیكار ئارت) تابلۆكە بجوڵێنێ و لەبزوێن رایبگرێ، "چونكە

چاوەکان لەبینینی شتەکاندا یان تابلۆکاندا کۆنابێتەوە، بەڵام لەتەماشاکردندا ئاڵوگۆڕ دەکات، هەروەها چاوی بینەر بەشێکی کەمی زیندوو لەپێکهاتەکان پێکدێن".(46).

دیاردەیەکی تری بینین هەیە پێی دەگوترێت لادانی بینین، ئەم دیاردەیە بریتییە لەکۆمەڵێك هێڵی بەئەنقەست دروستکراو، بەرەو ئاراستەیەك کە زۆرترین تەم لەڕاستییەکەدا دروستدەکات، بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی جوڵەی چاو دەڕوات، ئەمە بەنموونەی راستەوخۆی بزواندنی بازنەیی فۆکس کراو دەخولقێت، جاری واهەیە ستوونییە و جاری واهەیە ئاسۆییە، بزواندنی ستوونییەکە لەڕێگەی هێڵە ئاسۆییەکانەوە تەماوی دەبن، ئەوکاتەی دەبینین شیش بەئاراستەی دژ بەیەکتری ئاسۆیی دانراون". (47).

ئەندازیار و هونەرمەندی عێراقی (محمود صبری) خاوەنی تیۆری ریالیزمی چەندایەتییە لەهونەردا، ئەم تیۆرە بەرەگەزێکی هەڵەی توند ناوبردووە کە دژە خۆیەتی و تێکەڵ بەخۆشی دەبێت، ئەم تیۆرە لەئەنجامی شڵەژانی نیگاییەوە بۆ بینین پراکتیزە دەکرێت، لەم کارەدا هەردوو چاو کێبەرکێ دەکەن لەپەیداکردنی بزاوتی چالاك و تایبەت.

سەبارەت بە (واقعیە الکم) کە ناونیشانی تێزەکەی محمود صبری یە. هەوڵدانێکە بۆ نزیك کردنەوەی رەهەندی دیالۆگی ئەو ناوەرۆکەی کە هونەرمەند مەبەستگەرایی، چونکە شێوەی نوێی سەر بەواقعیەت لەمیانەی رەفتارکردن لەگەڵ مادەیەکی بەرجەستە و بەردەستە، دەربڕینە کیمیاوی تیشکاوییەکانیەوە، هەروەها رەهەندی (کم) کەشی لەگۆشەی پەیوەندی ناخ بینینەوە (بصری) وەدەست دەهێنێت، رەهەندەکەی دیکە لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی قوڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەپێکهاتەی مادده کە ئەویش لەکێشی گەردیلەیی و هاوکێشە دیاریکراوەکانی ناو چەمکی تەواوکەری شیکاری زانستیانەیە، لەلایەکی دیکەوە دەبێ ئەوە بزانین کە زەمەنی (واقعیە الکم) حەتمییەتێکە و بەڕێوەیە، مرۆڤایەتیش بۆخۆی بەهەمان رێگە هەڵدەبژێرێت کە رۆژێك لەرۆژان ئایندەی سۆسیالیستی هەڵدەبژێرێت، هەروەکو ئەو تێزەی مارکس پێشبینی دەکرد".(48).

تیۆری (واقعیە الکم)، واتە ریالیزمی چەندێتی، توانی پێگەیەکی تیۆری بدات بەو نموونەیەی کە زەمەنێکی درێژ بوو لەمەیدانەکەی نەبوو، ئەمە هەڵوێستێکی فکری بوو کە محمود صبری دایهێنا، ئەگەر نموونەی یەکەمی هونەری دەگمەن بۆ جەواد سەلیم بگەڕێتەوە، ئەوا نموونەی دەگمەنتر بۆ تیۆرە هونەریەکەی محمود صبری دەگەڕێتەوە کە جوانییەکی زانستی بەهونەری شێوەکاری

بەخشی، پێشنیارکردنی ئەو فکرە، بازدان بوو بەسەر توانای هونەری تاکایەتی کە رەهەندێکی ئیستاتیکی تێدایە، ئەمە ڕاستی رۆشنبیری و سۆسیۆلۆژی بوو، بۆیە نابینین فکرێکی دیکە وەڵامی ئەو داهێنانە بداتەوە کە لەکارەکانی صبری، بەڵام جەواد سەلیم وردتر و دەگمەنتر بوو لەکارەکانی خۆی، کەواتە ئەوە رەخنەگرە کە کاری دەگمەن دەدۆزێتەوە لەنێو هونەری لاسایی کردنەوە".(49). لەکاتێکدا ئەم هونەرمەندە پشتی بەریالیزم نەدەبەستی وەکو چۆن هونەرمەندانی دیکەی وەکو (فائق حەسن و جەواد سەلیم) کە خاوەنی بیرۆکەی ناسیۆنالیستی عەرەبی بوون و لەکارەکانیاندا رەنگیدابۆوە.

لەسەر ئاستی تیۆری و کردەیی، (واقعیه الكم) وەکو نموونەیەکە لەتیۆر، بەشێوەیەکی فیزیایی خۆی وەسف دەکات "ئەویش گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە پرۆسەی تیشکدانەوە یان هەڵمژینی وزە لەلایەن تەنە گەردیلەکانەوە، بەشێوەیەکی نابەردەوامی تەواو دەبێ، هەروەها تیشکدانەوە یان هەڵمژینی لەسەر شێوەی سنوردار و چەندەکی دیاریکراوە لەوزە، بەدرێژی شەپۆل و لەرەلەری دیاریکراو روودەدات، هونەرمەند (محمود صبری) لەسەر ئەو بنەمایە دوو چەمکی زانستی دەکاتە بناغە بۆ دووبارەبوونەوە، ئەویش داڕشتنەوەی دەربڕینی شێوەکاری لەسەردەمی تەکنۆ نەوەوی کە بریتین لەچەمکی وەلانانی چەقگیری ماددە، یان وای دابنێ کە شتێکی ئامادە و بەردەستە بەڵکو بەلای

ئەوەوە سیستمێکە بەرئەنجانی چەندان کار و کردەوەیە، رەهەندی دووەم دۆزینەوەکەی ئەنیشتاینە کە دەڵێ "وزە شێوەیەکە لەشێوەکانی مادده، بەتێکەڵکردنی ئەو دوو چەمکە، دەگەینە ئەو ئاستەی کە هەردوو مادده لەسەر ئاستی بینراو، بریتییە لەقەوارەیەك لەکردەوەی پێکهاتوو بەچەندان یەکە لەوزەی کارلێك لەگەڵ یەکتر بەشێوەیەکی بەردەوام دەمێنێتەوە، یەکەمیان خاسیەتی گەردیلە هەڵدەبژێرێت و دووەمیان شەبەنگ" (50).

ئەمە سەرچاوەیەکی نوێی هونەرییە کە محمود صبری دۆزییەوە لەگەڵ زانست و فیزیا تێکەڵی کرد و ناو نرا هونەری کردەوەییەکان، بۆ ئەمەش پێویستە دوو گەردیلەی هایدرۆجین و یەك گەردیلەی ئۆکسجین تێگەڵ بکرێ و هونەرمەند ئەوکات کار لەسەر ئەو شلە بەردەستە ناکات، بەڵکو کار لەگەڵ ئەو شێوەی کارلێکە دەکات کە بەرهەمی هێناوە کە لەکۆتاییدا دەگەینە پیتە ئەبجەدییەکانی هونەر کە بریتین لە 92 پیت کە تیۆری (واقعیە الکم) لێپێکدێت، کەوابوو هونەرمەند تابلۆکانی لەسەر ئەم بنەما گەورەیە دامەزراند.

ئەگەرچی شێوازە هونەرییەکە نەبووە مۆدێلی کاری هونەری، بەڵام محمود صبری بۆ ئەوەی شرۆڤەیەك بەکارە هونەرییە ئەندازەییەکەی بدات، باسی تێکەڵ بوونی ئەم دوو هونەرە کۆنکریتی و جوڵەرە دەکات، لەلای ئەو جوان و جوانی وەکو دوو مانای تێکئالاون لەیەکتر بۆ شتەکان، هەردووك لەکۆنتێکستی

یەك مانادا كۆبوونەتەوە، بیرۆكەكە لەزانستێكدا جودا كراوەتەوە كە هەندێكجار بەلای ئەندازەییدا دەچەمێنەوە، بەوپێیەی كە مەعریفە لەدەرەوەی بیركردنەوەی ئاساییەوە لەشتەكاندا بەرجەستەی كردوون.

هەڵبەت هیچ تێزێكی فكری یان كیمیایی نییە لەدونیادا رەخنەی لێنەگیرابێت، ئەم مانیفێستە ئەندازەییە هونەرییەی صبری پێشتر مومارەسە كرا، بەڵام ئاستێكی قوڵتری لەخۆی نەبینی، هەروەها نەبوو بەتیۆرێكی جیهانی و كیانێكی هونەری تایبەت بخوڵقێنێ بۆ خۆی و لاسایی بكرێتەوە،"چونكە ئەگەر رەنگ روناكی بێت، روناكیش هێز بێ، كوتلەش توانایەكی چڕ، كەواتە رەنگ دەبێتە بنەمای كەون، كەوابوو محمود صبری جیهانی تایبەتی كۆمەڵایەتی و مێژوویی بەتەنها دەخاتە خەتێكی شەبەنگی زەرەر و هیچی تر، بەڵام دەركەوتووە كە ئەم تێزە تەنها رێگەیەكی زانستییە لەبواری هونەر و هیچی تر، بەبێ ئەوەی بەلای ئەوەدا بچێت كە مرۆڤ بەشێكە لە درووستكەرەوەی سرووشت".(51).

ئەگەرچی ئەو تێزە جێكەوتە نەبوو لەنێو هونەر و زانست و بینەر چێژی ئیستاتیكی لێنەبینی، چونكە ئەو بانگەشەی ئەوەی كرد كە هونەرمەند باسی ئاو ناكات كە شتێكی هەستپێكراو و ڕاستییە، بەڵكو وەكو هاوكێشەیەكی ماتریالی رەنگی بۆ پێكهێنانی ئاوی كیمیاوی تەماشای دەكەن، بۆیە پێیوایە نابێ وێنەی ئاو وەكو ئاو بكێشین، بەڵكو وەكو پرۆسەیەكی كیمیاوی بۆ سنووردارکردنی

کیمیاوی وێنا بکەین، کە ئەمە مامەڵە کردن نییە لەگەڵ شلەمەنی، لەکاتێکدا هەموو دەزانین و ڕێکەوتووین لەسەر ئەوەی ئاو پێکهاتووە لە هایدرۆجین و ئۆکسجین کە پێویستی مرۆڤە، بەڵام دەریخست کە زانست و هونەر هەردووکیان دەچنە نێو یەکتر و دەبنە یەك، لێرەدا شتێك دروست دەبێت ئەویش (زانستی هونەری و هونەری زانستی) یە.

وەهمی بینین لەرەنگەکانیشدا مانای خۆی هەیە، بۆیە رەنگەکان بەگشتی لەگەڵ ئەوەدا کە سیمبولی جولانەوە و ئایدیا و پرنسیپە ئایینی و فکرییەکان و سیمبولی وەرز و دیاردە سرووشتیەکانی دونیان، لەگەڵ ئەوەشدا وەهمێکی خورافیشی درووستکردووە کە ئەمە هێزێکی مێژوویی لەپشتیەوە راوەستاوە، ئەم خورافیاتە کاریگەری تا ئەو رادەیەی هەیە کە هەندێك رەنگ پیرۆز کراوە و هەندێکی دیکە نەفرەتی لێکراوە، چونکە مانای ئەو ئایدیا و جولانەوەیە دەسەلمێنێ لەلای ئەو گروپەی کە خاوەنی ئەو پرنسیپەن، ئەمەش بەهاوکاری ئەفسانە جێکەوتە بووە، لەلای هەر گەل و گروپ و کۆمەڵگە و توێژێك مانایەك بۆ رەنگێك دۆزراوەتەوە، بۆ نموونە رەنگی سوور کە رەنگێکە مانای جەنگ و شۆڕش و خوێن دێت، کەچی لەلای هیندییەکان سیمبولی گۆرانی و جوانی و شادی و خۆشییە و بۆ بوك گواستنەوە بەکاردێت، وەختێك کچ شوو دەکات، دەستی بەرەنگی سووری خەنەیی رەنگاو رەنگ دەکرێت، رەنگی سوور لەلای

چینییەکان مانای بەرەکەت و خێر و خۆشییە، بەڵام لای ئافریقییەکان مانای قوربانیدان و ستەم و کێشەیە، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە سوور رەنگێکی گەرمە و ئەوانیش هەم جوگرافیاکەیان گەرمە و هەمیش خۆیان گەرمن، لای میسرییەکان رەنگی زەرد بەمانای مۆمیا و مردن دێت، لەلای ئەوروپییەکان بەمانای خیانەت و ئیرەیی دێت، بۆ نموونە لەسەدەکانی رابردوو کەسێك خیانەتی بکردایە لەنیشتیمان، ئەوا دەرگای ماڵەکەیان زەرد دەکرد تاکو بناسرێتەوە، لە یابان بەمانای ئازایەتی و پاڵەوانی دێت لە سەدەکانی رابردوو رەنگی زەرد هێما بوو بۆ سەرکەوتن، مێژوویەکیان هەیە باسی ئەوە دەکات ساڵی 1375پیاوانی جەنگاوەر ئەو رەنگەیان بەکار دەهێنا، چونکە لەجەنگەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە لەبەرامبەر بەدوژمن، رەنگی شین لەلای ئەوروپییەکان بەمانای پاراستنی حەسودی دێت لەلای یەهودیەکان و بەمانای رەنگی خودا دێت، بۆیە سیمبولەکەیان کە ئەستێرەیەکی 7 گۆشەییە، بەڕەنگی شین نەخشراوە، رەنگی شین لەلای ئەوروپای رۆژهەڵا بەمانای حوزن و خراپی ژیان دێت، بۆیە بەکاری ناهێنن، لەهەندێك وڵاتیش بەمانای هێمنیش بەکاردێت، بەوهۆیەوە شین بۆ ماڵەکانی پاشا و سەرکردەکان بەکارهاتوونە، شین لەلای چینییەکان بەمانای رەنگی کچان و سێکس دێت، لەلای ئامریکییەکان زۆر بەکاردێت بۆ مەرێمی عەزرا بەکاردێت، لەلایەکی دیکەوە سیمبولێکە بۆ بانکەکان بەکاردێت گوایە رەنگێکی پڕ بەرەکەت و باشە، لەلای رۆژهەڵاتی شین

خراپە، بۆیە چاوی شین بەمانای کەسی خراپ و حەسود دێت کە ئەمە لەبەغدا ئیدیۆمی بۆ درووستکراوە و لەلای کوردیش رەنگیداوەتەوە لەکولتووری هەموو تیرە و عەشیرەتێك، رەنگی سەوز بەمانای بەهار دێت لەلای هەندێك گەل، بۆ نموونە لەلای هیندیەکان و رۆژهەڵاتییەکان، بەڵام لەلای ئاسیاییەکان مانای نەمری و بەپیتی زەوی دێت، لەئامریکا بەمانای مردن دێت، چونکە نزیکن لە دارستانەکانەوە، رەنگی رەش مانای مردنە و نموونەش هاتنی سەردەمی داعشە کە بەڕەنگی رەشەوە هاتن، لەلای ئامریکیەکان خراپە چونکە بۆ پیلاو بەکاردێت، رەنگی سپی بەمانای پاك و خاوێ‌ی و ئاشتی دێت و بۆ بووك گواستنەوە بەکاردێت، پرتەقاڵی بەمانای بزر بوون و مردن دێت گوایە سیمبولی پایزە بۆ مرۆڤ، لە ئاسیا بەمانای تەندروستی باش و ژیان دێت، هەموو ئەم پێناسە و شیکردنەوە خورافیانە لەلای گەلان و ئایینەکان، وای کردووە لەرێگەی تیۆرەوە بخوێنریتەوە، بۆ نموونە تیۆرێك هەیە باس لەوە دەکات کە ئەم رەنگانە جگە لەوەی ئەفسانە تۆماری کردوون، بەشێکی پەیوەندی بە پەروەردەی منداڵیی هەیە لەناو گەلان و نەتەوەکان، پەیوەندییەکی دیکە هەیە لەنێوان رەنگ و زمانیش، بۆیە کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی قسەکردن لەلای هەموو نەتەوە و گروپە ئاینییەکان، بۆ نموونە رەنگی شین لەلای ئێزدییەکان ناحەزە، بەڵام رەنگی سپی خۆشەویستە، بۆیە خۆیان دەڵێن ئێزیدینە و جلك سپینە، بۆیە رەنگی شینیش ناحەزە، چونکە بە بڕوای ئەوان کاتێك

زەردەشتییەکان هاتوون بۆ ئەنفال کردنیان بەئاڵایەکی شینەوە هاتوون، لەلای کاکەییەکان رەنگی زەرد خۆشەویستە، چونکە سیمبولی ئاینی یارسانە و بریتییە لەرەنگی هەتاو، لەلای سابیئەی مەندائیش رەنگی سپی، چونکە رەنگی پاکو بەرائەتە لەبەرامبەر خودا، بۆیە بەگشتی رەنگی سپی دەپۆشن.

هەڵبەت ئەم خۆشەویستی و ناحەزییەی رەنگەکان لەلای گەلان و گروپ و ئایینەکانی هەموو دونیا، تەنها بەپێی خورافەوە قەبوڵ کراوە یان بەپێچەوانەوە، بەڵام راستییەکەی ئەمە وەهمێکە بۆ بینینی رەنگەکان کە رەنگە بنچینەییەکان سرووشتین و دەستکرد نیین، بەپێی لۆژیکیش بێت ناکرێ رەنگ تایبەت کرابێت بە نەتەوە یان گروپێکی ئاینی، بەپێچەوانەوە دژایەتی سایکۆلۆژیای ئەو گروپ و نەتەوانە بکات، بەوپێیەی سرووشت خاوەنی یاسای نەگۆڕی خۆیەتی و لەسەرووی لۆژیکی مرۆڤە و بەعەقڵ مامەڵە لەتەك رەنگەکان ناکرێ بۆ خراپی و باشی، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم وەهمی بینینە بۆ رەنگەکان، لەئایدیای نەگۆڕ و تێنەگەیشتن لە لۆژیکەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە هەم برەوی هەیە و هەم بڕوایەکی نەگۆڕە.

# ئاین و ئیستاتیکا

کە باس لەپەیوەندی نێوان جوانی و ئاین دەکەین، مانای ئەوە نییە ئاین جوان بکەین و بەو ئاراستەیە قسە بکەین کە خودا بۆیە جوانە، چونکە دەقە ئاینیەکان لەپشتیەوە راوەستاون، بەڵکو بەو مانایە دێت ئێمە بەدوای بەشێك لەو ئیستاتیکایەوە وێڵین کە لەکۆنتێکستی ئاینیدا شاردراوەتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئاین بریتی بێت لەگوتارێکی ستەمکارانەی دژ بە ئازادی و بیرکردنەوە بێت، ئەوا لەشوێنێکی دیکەدا فەزایەکی کراوەیە بۆ پاکژ کردنەوەی روح، ئەگەر بێت بۆ توندڕەوی بەکارنەیات، لەکاتێکدا ئێمە دەبینین مێژوو چۆن چیرۆکی سەرهەڵدانی ئاینی نووسیوەتەوە ئەگەر بەنیوەناچڵ و فلتەریش بێت، بەڵام ناکرێت هەموو ئاینەکان وەکو یەك گوتاری بۆ خوداناسی تەماشا بکەین و یەك شێوە پێوەریان بۆ دابنێن، هەروەك ئەوەی لەهیندستان و چین و ئامریکای لاتین هەیە.

کورد لەم پانتاییە فەلسەفییەدا کە بکەر و بنەچەکەی بۆ پێش سوکراتیش دەگەڕێنێتەوە و هیچ بەڵگەیەکی ماتریاڵی و مێژووییشی نییە، کەسانی وەکو شەمسی تەبریزی و باباتاهیری هەمەدانی و مەولەوی تاوگۆزی و مەلای جەزیری و

مەحوی و مەولانا خالید و شێخی نەهری و تەریقەتەکانی نەقشەبەندی هەبووە، جگە لەمەش قوتابخانەی سۆفیزمی کوردی هەبووە کە جوانی هەموو ژیان و ئیستاتیکای سرووشتی لەدەستکردەکانی خالقدا کۆکردۆتەوە، ئەمە دەرخەری جوان بینی مرۆڤی کوردە بەرامبەر هەموو ئەو دیاردانەی لەسرووشتدا هەیە.

ئەم فەلسەفەیە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە هەموو ئاینەکان یەك لەدوای یەك، جەختیان لەسەر شێوە بینینێکی ئیستاتیکی روحانی کردۆتەوە و بەڵگەشیان بۆ هێناوەتەوە، لەلای کۆنفشیۆس و لەلای بوداش جۆرێك لە وەرزش و تانتریك و ئاوازی خوێندنی نووسراوە پیرۆزەکان، مانایەکی دیکەی فەلسەفەی ژیانی ئیستاتیکییە، لەلای سۆفیزمی ئیسلامی کە شێوازی مەولانایە جۆرێك لەسەما، لەلای هیندۆسییەکان مۆزیکی کلاسیکی و سەمای ئەفسانەیی و ستایشی خودا بۆ کارە جوانەکانی سرووشت کە مار لەلای ئەوان سەرەتای ئاشکرا کردنی فەلسەفەی ژیانە، بەوپێیەی کە لەسفری بووندا مار بکەرێکی هەمیشە ئامادەی لەشوێنانەی مرۆڤ تێدا دەژی، بۆیە دەتوانێ مرۆڤ هەڵبخەڵەتێنێ و بیکات بەدژی خۆی، هەروەها لەلای جووەکان لەهۆش خۆچوونی فیداییەکان کە لەخەیاڵیاندا سەمایەك هەیە و خودا بانگ دەکەن، لەشوێنێکی دیکەدا رزگارکەرە، چونکە بەنێو کەشتیدا کاتێك ئاو دزەی کردۆتە نێو کەشتیەکە، مارەکە خۆی پەپکەداوە و کونەکەی گرتووە، ئەم ئەفسانە فەلسەفیە لەداوود پێغەمبەرەوە بۆیان جێماوە

که لەجەژنی تەورات بەرپای دەکەن، بەڵام هیچ ئامێرێکی مۆزیك بەکار نایەت، جگە لەنزای مرۆڤ.

لەئاینی کریستیانی واتە (مەسیحی) تەراتیل و خوێندنی ئایەتەکانی ئینجیل بەکۆرس لەسرووتێکی روحیدا دەخوێنرێتەوە کە بەتێڕوانینی خۆیان، ئەمە کۆمەك بەروحی هەموو مرۆڤ دەکات کە عیسای مەسیح لەپێناو هەموو هەڵەکانی مرۆڤ خۆی لە خاچدا، ئەم هونەرە واتە سەمای سۆفیانە، خەسڵەتێکی سیحراوی ئەو مرۆڤانەیە کە هەستی هونەریان تێدایە بەرامبەر جوانی و خۆشەویستی خالق، کاریگەرییان بۆ بەشداربووانی سرووتەکانیش هەیە کە مەزهەبی ئاینی دیاری کردووە.

هونەری ئاینی کە هۆکاری گواستنەوەی روحە لەرێگەی سەما و بەرجەستەکردنی خۆشەویستییەوە بۆ خودا، ئەگەر مۆزیکی لەگەڵ بێت یان نا، کە بۆ نموونە سۆفیزمی کوردی دەف و تەپڵی لەگەڵە، بەپێچەوانەی سۆفیزمی هیندی و میسری کە شێوازێك لە سەمای لەگەڵدایە، دەرەنجام هەردوو شێوازەکە لەچوارچێوەی ئیستاتیکایەکی سەربەخۆیە بۆ خوداناسین،"ئەوەش روونە کە ئیستاتیکا لەناوەوە هەڵدەقوڵێت، لەجەستەیەکی دیاریکراودا هەڵدەچێ و لەدەرەوە نایات".(52). ئەمە کرۆکی قسەبەناوبانگەکەی قەشە ئۆگەستینە کە

پێی وایە خێر لەخودەوە بڵاودەبێتەوە، ئەم وتەیە پێویستی بەباوەڕ هەیە کە لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆ تاکەکان وەکو پێدراوێك هاتووەتە خوارەوە.

ئەگەرچی هیگڵ بەشێکی فەلسەفەکەی بۆ خودا و مەسیحیەت تەرخان کردووە و وەکو ئایدیالیزم نەخشاندوویەتی، بەڵام بەوپێیەی کە ماتریالیزم دژی ئایدیالیزمە و ئارگومێنتەکانی ئایدیالیزم بە ماتریالیزم پوچەڵ دەکاتەوە بەپشتبەستن بەفیزیا، بۆیە لەلای مارکس بەپێچەوانەوە ئیستاتیکا لەسەرەتاوە گرێدراوی پەیوەندییە فرەییەکانە، ئەمە وەکو وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی سنووردار، ململانێی چینایەتی لەکۆمەڵگەی سۆسیالیستی لەشۆڕشی رۆشنبیری سۆسیالیستی دایە، هەموو ئەمانە دۆزێکی هیومانیستین، لەهەمان کاتدا پێش ئەوەی ئیستاتیکابن، ئەمە سەلمێنراوە کە مارکس بیرۆکەکانی لەناواخندا بیرۆکەیەکی تیژتێپەڕ و فریاگوزارین، لەو کاتانەی کە بەسەرماندا تێدەپەڕێت، لەکاتێکدا ئەو ئەخلاقیات و تیۆرەی مارکسیش بۆ خۆدوورخستن لەهەر تەماحکارییەك بۆ ژیان و چاوچنۆکی، هەروەها دوورکەوتنەوە لەهەر شێوازێکی گەندەڵی، بەقەولی مارکسییە نوێخوازەکان شێوازێکە لەسۆفیزمی ڕاستی دونیایی، چونکە جگە لەجوانی بۆ گشت، بڕوانەبوونە بەهیچ موڵکیەتێك لەژیاندا، جگە لەو موڵکیەتەی کە هەمووان بەهەرمەندن و خۆشگوزەرانی تیادەبینن.

مارکس کارەکەی خۆی سنووردار کردووە و چوارچێوەیەکی بۆ بونیاد و ڕێکخستنێکی نوێی ڕەفتاری جوانی داناوە، سەرەنجام کاریگەری ئەرێنیشی هەبووە لەسەر ئەدەب و هونەرناسی، بۆ نموونە ئەم تیۆرە زەمینەی بۆ جۆرج لۆکاچ سازکردووە کە لەلێکۆڵینەوەکانیدا بۆ فکری هونەری پێشکەشی کردووە و بەسەرچاوەیەکی مەزن تەماشا دەکرێت، ئێمە لەچاپتەرێکی دیکەدا بەدرێژی باسی لێوە دەکەین.

کێشە یان گرێیەك لەنێوان ئاین و هونەردا هەیە کە من بەدیکتاتۆریەتی ڕوحی لەقەڵەمی دەدەم، لەوێوە نییە کە هەڵگرانی گوتاری ئاینی خاوەنی فکری دواکەوتوون، بەڵکو لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە هەڵگری فکری ئایدیالیزمی، ئەفسانەیان وەکو کارتێکی بەرجەستە و وەڵام بۆ هەموو شتێك بەکارهێناوە، دەرهەق بەهێزی زەمینیی، واتە دژ بەو هێزە سرووشتیەی هەیە بەکاریان هێنا، بۆیە پشت بەو خەیاڵە دەبەستن کە هێزێکی ئاسمانی دەرەکی لەپشت عەقڵی مرۆڤەوەیە، ئەمە بەپێی تێڕوانینی ئایدیالیزم بێت، هێزی زەمینی، تابعێکی ئاسمانی و میتافیزیکی وەرگرتووە، هیگڵ پێیوایە فکری لاهوتی لەمێژە وەستاون و دوورکەوتوونەتەوە لەدژایەتی هونەر، بەڵام ئەم نەخۆشییە ریاڵیستییە بۆ هونەر کە وەهمی بۆ جیهان درووستکردووە، سیستمێکی ناجۆری بۆ رەگەزەکان داناوە کە بریتییە لەشوێن و کات، خاوەنی ئەم جۆرە بیرکردنەوە

و تێڕوانینە بۆ هونەر، لەوێدا کۆکردۆتەوە کە ئەو نمایشەی لەسەر زەمیندا هەیە، پێوەرێکی رەهایە بۆ هێزەکانی نا زەمینی کە تەحەکوم بەسەر هەموو شتێکدا دەکات، بۆیە بەرامبەر ریاڵییەتی هونەر دوورترین سنووریان بۆ پێوەرە مرۆڤییەکان داناوە کە هەر دەبێ بگەڕێنەوە سەر ئایدیالیزم، بەبێ ئەوەی ڕەچاو بۆ عەقڵی مرۆیی بکرێ بەرامبەر ئیدراك بۆ فەلەکێك کە داخراوە، هەروەك ئەوەی لەرابردوودا پەیکەرییان تەنها لەوێدا قبوڵ کردووە، تاکو بپەرسترێت، نەك وەکو کردەیەکی هونەری تەماشا بکرێت لەپەرستگا و مۆزەخانەکاندا، شانۆ تەنها بۆ زیندووکردنەوەی سرووتی خوداپەرستی قبوڵکرواوە نەك هونەر، تابلۆ تەنها بەراگرتنی خەیاڵی مرۆڤ قبوڵ کراوە، نەك خەیاڵی پشت ئاین و خوداکانی پەرستگا، بۆیە ئەم تێگەیشتنە سوکایەتی بە ئامانجەکانی مرۆڤ دەکات کە هەموو ئاینەکان بەو مێژووەدا قۆناغییان بینیووە و پەشیمانیش نەبوونەتەوە.

من لێرەوە کێشە ئیستاتیکیەکە وەکو خۆی دەبینم، چونکە ئامانجی ئەم تێگەیشتنە ئەوەیە مرۆڤ بەبێ ئەوەی هیچ گوناهێکی کردبێت، بەپێی چالاکیەکانی لەژیانی رۆژانەی هەڵدەسەنگێنرێت و گوناهبار دەکرێ، لەکاتێکدا پەیوەندی جەوهەری نێوان ئاین و هونەر، لەوێدا کۆبۆتەوە کە هونەر سیستمی مرۆڤی لەبەرجەستەکردندا دەبینێتەوە، لەبەرامبەردا ئاین بەدیاردەیەکی خودایی دەیبینن و رێگەیەکیان نەهێشتۆتەوە بۆ ئەوەی دابەزێتە ئاستی پێوەرە

لۆژیکییەکانی مرۆڤ، هەموو ئاینەکان لەسەردەمێکدا مامەڵەی توندیان لەگەڵ هونەر و داهێناندا کردووە، جووەکان لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندی پەیکەرتاش، کەنیسە و قەشە کریستیانەکان لەگەڵ زانست و هونەر، دواجاریش تێڕوانینی ئیسلامی بەرامبەر داهێنانی شیعری، لەزۆربەی ئایەتە قورئانییەکاندا کارپێکراوە، بۆیە بەفۆتۆکردنی جەستە لە تێکستدا حەرام کراوە لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی گوتاری ئاینی ئیسلام، ئەمە هەڵوێستێکی نیگەتیڤە دەرهەق بەهونەری نووسین و فۆتۆ، بەڵام پرنسیپێکی پۆزەتیڤیشە بۆ ئایین و خوداپەرستی بەو لۆژیکەی کۆمەڵگە بەگشتی قەبوڵیەتی.

هۆکاری بنەڕەتی بۆ قبوڵنەکردنی هونەر لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە، بۆ ئەو ترسە دەگەڕێتەوە کە دەبێتە دیکۆمێنت بەسەر بەشداربوونی شەیتانەوە دەرهەقە بەگوناهەکانی مرۆڤ، لێرەوە بیرۆکەی بەرجەستەکردنی هەستەکانی مرۆڤ وەکو نەبینراوێك، بەدوای سەرچاوەکەیدا دەگەڕێت کە چەند سەدەیەکە چارەسەری بۆ نەکراوە، ئەمە وەکو عەیبێك تەماشاکراوە کە شانۆ و تابلۆ و پەیکەر و تەنانەت مۆزیکیش، دژایەتییەکی ناڕاستەوخۆی سیستمی پەرستگایە، بەومانایەی پەرستگا وەکو خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی نەگۆڕ و بێ خەوش و بێگەردە، ئەوە هونەرە کێشە بۆ مرۆڤ دەخولقێنێ، نەك ئاین و موژدەبەخشەکانی ناو ئاین، هەر

ئەمەشە ڕێگەی لەگەشەسەندنی هونەر و داهێنان و دیالیکتیکی ئەدەبی گرتووە لە دونیای عەرەبیدا.

پرسیارەکە لێرەوەیە کە نادیدەگرتنی جوانی و چێژوەرگرتن لەهەست و ئایکۆنە ئیستاتیکییەکانی مرۆڤ کە لەئەنجامی چالاکییەوە بەرهەمهاتووە، لەجەوهەری ئایندا نییە کە لەتێکستەکاندا باسی دەکات، ئەی بۆچی نەفرەتی لێکراوە، بۆچی هەوڵی دوورخستنەوەی جوانبینیەکان دەدەن لەهونەر، لەکاتێکدا هونەر تەنها نیازی بەوێناکردنەوەی ڕاستییانەی فکری لاهوتی هەیە نەك دژایەتی کردنی، خۆ ئەگەر هونەر نەبوایە دیزانی تەلارسازی پەرستگاکان ئەو ڕاستییەی وەرنەدەگرت کە ئێستا پێی گەیشتووە، تێکستەکان ئەو چاپەیان بەحۆیانەوە نەدەبینیی کە ئێستا تێکەڵ بەدونیای ئەلیکترۆنی و داتای نوێی میکانیکی بووە، ئەگەر ئەو هۆکارانەی گەیاندن نەبوایە وەکو ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن و رادیۆ و هتد، خەڵك بەگشتی بێئاگا دەبوون لەهەواڵی نویێ، کەواتە ئەم بازنە ئایدیۆلۆژییە چییە سنووری بۆ تێگەیشتنی خەڵك داناوە و بەپێچەوانەشەوە ڕێگەی داوە خەڵك لەزانکۆکان زانست بخوێنن، گفتوگۆی ئێمە لەسەر ئەو پنتە وەستاوە کە مادام ڕێگە لەهونەر ناگیرێ، ناکرێ فشار لەسەر خەڵك دابنرێت ببن بەهێزێك دژی چالاکیەکانی خۆیان.

هونەر وەکو یەکێك لەکەرەستەکانی ئیستاتیکی بەشێکی لاسایکردنەوەی سرووشتە، بەدیوێکی دیکەدا هونەر رەخنەیە لەژیان، ژیانیش بەهەموو قورسییەکانی و بەهەموو ململانێ جیاوازەکانییەوە، بریتییە لەرەخنە لەو ڕاستیە سەپێنراوەی کە ستەمی لەپشتەوەیە، بەهای هونەریش لەوێدا دەردەکەوێت وەختێك دەبینین کە جیهانبینییەك لەگەڵ ئەویدی کە بەڵگەی پێکهێنەری پەیوەستی شتەکانە، پەیداکردنی شتە جوانەکانیش لەنێو فەزای تێکچڕژاوی ژیاندا، گریمانەی شتێکی نوێیە و لەهەمان کاتیشدا هونەر رەخنەیە لەپێشووی خۆی، "هەر هونەرێك خۆی سازداوە بۆ رادەست کردنی نموونەیەکی تایبەت بۆ ئەوەی دیکە کە دوای ئەو دێت، بۆیە هیچ وابەستە نییە لەشێوەی نموونە دەرەکییەکان، ئەمە تەعبیر نییە لەپێویستی ناوەوەی داهێنەر، میشیل فۆکۆ لە کتێبی (الکلمات و الاشیاء) باس لەوە دەکات "هەر تابلۆیەك لەتابلۆ ناودارەکان، کاریگەری هونەری درووست کرد لەسەر کاری جیهانی، مانای وایە ئەو نواندنە لەبارەی تابلۆوە، لەرێگەی تێڕوانینی کەسایەتییە وێناکراوەکانەوە خۆی بەرهەمدێنێتەوە، بۆیە بینەر لێرەدا جێگەوڕێگەیەکی مۆدێلی کار وەردەگرێت، ئەم دابڕانە هونەرییە لەنێوان نواندن و بابەت وەکو مۆدێل، زەمینەی تێڕامان بۆ تابلۆکە ساز دەکات کە ئاماژەیە کە ئازادی مانایە بەبێ دیاریکردنی سەرچاوە".(53).

چونکە ئەو نامۆبوونەی کە مارکس لەژێر سایەی سیستمی سەرمایەداری بۆ مرۆڤی پێناسەکردووە، مەحرووم کردن و ئیستیغلالی هێزی کاری مرۆڤە لەو بەرهەمەی کە هەیەتی، ئەمە بۆ ئەدەب و هونەریش هەمان مانایە، بەوپێیەی کە هەلومەرجی ژیانیان زەمینە بۆ ئەو خراپ کەڵك وەرگرتنە سازدەکرێت کە دوورە لەهەر پێوەرێکی ئەخلاقی لەلای کەسانی سەرمایەدار، ئەوەی کە تەکنۆلۆژیا بەرهەمی دەهێنێ و چێژی سارد دەبەخشێت، بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەوەی کە کاری دەستی و هێزی کار بەرهەمیهێناوە.

## (دیزاین) یەکەیەکی ئیستاتیکی

دیزاین و مۆدی دیزاینکردنی ماتریالە ئیستاتیکیەکان، یەکێکە لەتوخمە سەرەکیەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی دیکۆری هونەری لەپێناو ئیستاتیکای کەرەستە، ئەو شێوەکارییە دیزاینەی کە لایەنێکی مەجازییە و پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ هێماو ئاماژە هەیە کە تەعبیرە لە هەڵسوکەوتی وشیارانەی رەخنەیی، سەبارەت بەو توخمانەی کە مۆدێل و دیزاین بەرهەم دەهێننەوە، بەگشتی جیاوازییەکی دژ بەیەکن و لە هەمان کاتیشدا دەبن بە توخمێکی سەربەخۆ لەپێناو ئیستاتیکا "هەموو توخمەکان دەبێ پێڕەوی لۆژیکی ناوەکی بەرهەم و پرۆسەی کرانەوە و پەرەسەندنی بەرهەم بکەن، هەڵبەت ئەم هاوکێشەیە هیچ کات بەتەواوی نایەتە دی و ئایدیالێکە بەرهەم بەرەو ئەوە دەکشێ و رووی لێیەتی، بەڵام رێك هەر لەبەر ئەمەشە کە ئامادەیی توخمی زیادی وەك توخمی دیکۆری پاشماوەی بڕوا و زەیینییەتی هونەرمەند یان ئەو تەکنیك و فێڵانەی لەمۆدەی ئەدەبی باو وەردەگیرێن".(54). شێوەکاری و دیزان و فۆتۆگراف بواری دیکەی ئیستاتیکان، بۆ نموونە هونەری فۆتۆگرافی یان تەلارسازی کە پێشتر کەپر یان ئەشکەوت، یان شوێنە ئاساییەکان وەکو

شوێنێکی نیشتەجێبوون بوون، دیکۆمێنتکردنی هونەری دیزاینکردنی تەلار و خانووبەرە و تەلاری پەرستگا و کۆشکی قەیسەر و پادشاکان بوون، یان ئەو دیوارانە بوون کە سنووردانان لەگەڵ جوگرافیای ئەوانی تر درووستکرابوون، ئەم بوارە لەدیزاینی قۆناغە جیاوازەکانەوە دەستیپێکردووە، یان دیزاینی کۆتەرە دارێك بەمەبەستی پەڕینەوە لەدەریا، ئەمە بەشێکە لەژینگە و جوانییەکانی ژینگە کە هەندێکیان بەچاو دەبینرێن و هەندێکیشیان بەگوێ دەبیسترێن، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە هونەری زەخرەفە واتە (decoration) کۆنترین هونەرە کە مرۆڤ لەکۆنەوە بۆ پەڕینەوە بەرەو سەدەی گەشەسەندن بەکاری هێناون، ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە هەست بەجوانی ژینگەکەی و دەوروبەری بکات، بریتی بوونە لەئازادی نێوان خودی خۆی و خۆی لەقەوارەیەکدا کە شوێنی نیشتەجێبوون بووە، تاکو گەیشتووە بەو قۆناغەی ئێستا پێیگەیشتووە. دیزاینی بنچینەیی بۆ نوێنەرایەتی کردنی ئەلیۆنی یەکێك بووە، ئەوەی کە بەئەشیرە ناونرا، Asherah وەرگێڕدراوە و لەکتێبی پیرۆزدا بەوشەی (ساری یان سواری) هاتووە، ئەم ساریەیە سیمبولی عشتروت بووە، واتە عشتار، ئەمە سیمبولی خودای ئەندامی نێرینە و مێینە بووە لەلای ئاشورییەکان، ئەمە لەدار درووست دەکرا، لە ناوەڕاستیدا کونێك هەبووە، ئەو شوێنە بەشێوەیەکی بارز دەرپەڕیوە و بەدەرگای ژیان ناسراوە، لەسەرووی کونەکەوە نوێنەرایەتییەکی سیمبولی هەیە کە سیمبولی بەرزە و دابەشی سەر حەوت بەش

کراوە، ئەمە دەربارەی دەرگای ژیانە و داتاشراوە بۆ خوسڵی پرچ، ئەمەش ژمارەکانی سێزدە خوسڵاتە کە ئاماژەیە بۆ نێوانی بەپیت بوونی ساڵانەی ژنان کە منداڵی دەبێت".(55). لەم جۆرە دیزاینە زۆرە لەسەرتاسەری دونیا و پیرۆزکراوە و دەپەرسترێت، ئەم دیزاینە لەوەسەنییەتە داتاشراوەکانی موسڵ هەیە و لەشێوەی بەردەوام و لەنزیکەوە دیزاینەکە وێناکراوە کە لەپاشا و هاورێکانی وەرگیراوە، ئەوەی کە لەدەستی ئەکواز و سنەوبەر هەڵکەنراوە و وەکو نزیکایەتی لەسیمبولی سێکسە، ئەو دیزاینە لەشێوەی ئەندامی نێرنە و مێیەنی سێکسە، بەکارهێنانی ئەم سیمبولیزمە بەناوی (رامی سوهامی) بەکارهاتووە، ئەمەش تەنها لەپێناو پەرستنی پیرۆزیی شاخ یان شوێنەکەیە کە لەزۆر شوێنی دونیا هەیە و بەتایبەتی لەهیندستان و نیپاڵ و ئامریکای لاتین و ئەوروپا، بۆ نموونە "بۆ یەکگرتنی خودای خۆشەویستان و گروپی سێکسی، شاخێك هەیە وەکو رێزلێنانێکی لێهاتوو حەماسەتێکی پیرۆز لەفەزای کۆتاییەکەی و لەنێو ئەشکەوتێکی بچووکە، ئەمە نزیکییەکی هەیە لەوەسەنییەت، لەکتێبی پەیمانی پیرۆزی جووەکانیش بەبەردەوامی لەپەیکەرەکاندا و لەلای ئاشوری و کلدانی و میسرییەکانیش هەیە و دەپەرسترێن. ئەم رێزە بۆ بەرزاییەکانی سرووشت کە بەزۆری هەڵدەکشێت بەرەو شاخەکان، هەندێك لەگرووپە ئیتنییەکان تا ئێستاش شاخەکان دەیپەرستن وەکو سیمبولێك بۆ خودا و دروستکەرێکی مێینە، لەئاڵمان بۆ

نموونه شاخێکی ناودار هەیە بەناوی (هۆرسیلبرگ) بەزمانی میللی پێیدەگوترێت (فینوبیبرگ) یان شاخی ڤینۆس، ئەم شاخە بەئەفسانەی تاننهاروز گرێدراوە، ئەوانەی کە مەعریفەیان لەبارەی ئەفسانەی سیدرکون هەیە. گرینگییەکی لەرادەبەدەر دەدەن بەناوهێنانی ئەو شاخە، چونکە دەرچەیەك یان کەرتێك یان کونێکی تیایە لەو ئەشکەوتەی کە دەکەوێتە بەرزایی شاخەکە، بۆیە لەسەدەکانی ناوەڕاست وەکو سیمبولێکی پیرۆز ناسراوە و ناوی شاخەکە نایات".(56).

لەبارەی میوزیکیشەوە هەمان ئەفسانە و داستان و چیرۆك هەیە کە پیرۆزن و دەپەرسترێن، بەڵام گەشەسەندنی هونەری میوزیك قۆناغی بڕیوە، چونکە مرۆڤ بەپێی قۆناغەکان گەشەی بەکایە جیاوازەکانی داوە وەکو زەروورەتی ژیان، میوزیکی هەوایی کە داهێنانی تێداکراوە و بووەتە ژێی موزیکی و دواتریش بۆ ئەلکترۆنیك و هتد، پانتاییەکی گەورەی لەژیانی مرۆڤ داگیرکردووە و پیرۆز کراوە، تائێستاش شتێکی نویێ نابینرێت کە درێژەپێدەری هونەری مۆزیکی کۆن نەبێت و لەلای گروپە ئیتنییەکان پیرۆز نەبێت، نموونەش دەف و نەی و باڵەبان و شمشاڵ و هتد، هەموو ئەو ئامێرانەش لەشکڵی ئەندامی نێرینەی پیاون، بۆیە پیرۆزکراون و دەپەرسترێن، ئیدی بۆ هەر یەك لەو ئامێر و دیمەنە سرووشتیانە، بیانوو و ئارگومێنێتێك هاتووە و وەکو چیرۆك کاری پێدەکرێت و

سۆسیۆلۆژیستەکانیش بەنموونەی زیندوو وەریانگرتوون، چونکە لەژیانی رۆژانەدا ئەو چیرۆکانە کاریان پێدەکرێن.

بەوپێیەی کە ماتریاڵەکان لەنێوان پاشماوەی کەرەستە و هونەری دیکە بوونە کە هەریەکەیان پنتێکن بوونە لەئیستاتیکا و سەنتەری جیاوازیەکانی بۆچوون، بۆیە تەنها لەکەسایەتی فەیلەسوفەکاندا نەبێت شتێکی جیاواز هەست پێناکەین، بەپێی فەلسەفەی کۆنیش بێت، مۆزیك سەرەتایەکە بۆ تێگەیشتن لەسرووشتی کەون، هەروەکو ئەفلاتون گوتوویەتی مۆزیك لێکسووی جیهانی ڕاستییە، بەڵام ئەرستۆ و ئەوانەی لاگیری ئەون پێیانوایە بەرزبوونەوەی ئایدیای ڕاستییە، بۆیە لەدوای ئەوانیش لاهووتییەکان وەزیفەی هونەری موزیکیان بۆ بڕواکانی خۆیان بەکارهێنا، هەڵبەتە لێرەدا مۆزیك وەکو کەرەستەیەك بۆ نزیك بوونەوەی خۆیان و خودا".(57). هەروەك ئەوەی کە دەف و تەپڵ و زنجیر بەکار دەهێنرێن لەکاتی سرووتی تەسەوفی یان دەروێشیدا.

بۆچی مۆزیك وەکو لقێك لەهونەرە جوانەکان گەشەی کرد، ئیدی مۆرکێکی پەتی یان بابڵێین ئەبستراکتی وەرگرت کە بەتایبەتی لەلای سەمفۆنیاکان دەردەکەون، ئەمە پرسیارێکی درووست کرد و زۆر کەس دەیانگوت لەم موزیکە سەر دەرناکەین، هەر وەکو دەیانگوت لەو شانۆیانەش تێناگەین کە دابڕانێکە لەگەڵ شانۆی رۆمانی و کلاسیك و هتد. بەڵام خودی هونەرمەندەکان بەبیانووی دابڕانی

هونەری و داهێنان لەنێوان دوێنیّ و ئەمڕۆ، ئەم هونەرەیان بەشێوازێکی سرووشتی پێناسە کرد و وەکو بەردەوام بوونی هونەر لەشێوەیەکی دیکە ناسێنرا، تا ئەو جێگەیەی کە بەشێك لەسیمفۆنیاکان و شانۆکان و ئۆپێراکان، مانای خۆیان وەرگرت بۆ شێوازێکی نائاسایی.

سیمفۆنیای سێیەمی (ئۆریکا) ی بتهۆڤن مارشێکی جەنائیزی یە، بتهۆڤن خۆی جەنازەی ئەو پاڵەوانانە هەڵدەگرێتەوە کە لەجەنگدا گیانیان لەدەستداوە و لەبەردەم جەماوەردا دایاندەنێت، بۆیە جیاوازی لەنێوان مۆزیك و هونەرەکانی دیکە هەیە، مۆزیك هەندێکجار چارەسەری کێشەی هونەری گەورەی کردووە، هەروەك چۆن لەهونەری شێوەکاریشدا پەیکەر یان تابلۆیەك مانایەکی تایبەتمان پێدەدات، بۆ نموونە تابلۆی جۆرنیکای پیکاسۆ، یان کاتژمێرە تواوەکەی سلڤادۆر دالی، یان گوڵەبەڕۆژەکەی ڤان کوخ و هتد، لەنێو کوردەواریدا هونەری تەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنا وەکو هۆکارێك بۆ بەختەوەرکردنی چەند چرکەساتێکی کۆمەڵگە لە نەهامەتییەکانی رابردوو، یان زەماوەندی کۆمەڵایەتی بەتەپڵ و گۆرانی ئاسایی، بەتایبەتی لەئاهەنگی بووك گواستنەوە و شێوەکانی تری خۆشبەختی سوونەتی کولتوورە کلاسیکییەکان، وەکو ئەو هەستە هونەرییە وایە کە ئافریقیەکان وەختێك مۆزیکی جاز بەکاردێنن بەهەموو تواناکانیانەوە چێژی لێدەبینین، ئەم هونەرە لەلای ئەوان مانای تایبەتی خۆی هەیە، کە

شێوەیەکە لەبەرانگاری کردن لەدژی ئەوانی تر کە دژی هەستە هونەرییەکانی ئەوانن، رەنگە لەلای کوردیش هەمان مانای هەبێت، هەروەك چۆن لەلای لوڕ و کرماشانی و ماچۆ و شێوەزارە کوردییەکان کە هەمیشە ژێر دەستەی نەتەوە و مەزهەبە دەسەڵاتدارەکان بووە، وەختێك مردوویان لیٚ دەمرێت، ئەوان لەبەرمبەردا بەشایی و بەهەلهەلە و پێکەنین و گۆڕانی تایبەت، لەبری تازیە و ناخوشی ئاهەنگ دەگێڕن.

ئیستاتیکا شوێنێکی گەورەی داگیرکردووە لەنێو هونەر، بۆ نموونە دیزاینی رۆژنامە و گۆڤار و کەلوپەلی نێو ماڵ و جلوبەرگ و شێوەی دیکۆری ستۆدیۆی تەلەفزیۆن و ماشین و تەلارسازی و هتد هەمان شتن، کەواتە ئەوەی نوێخوازی کردوویەتی بەگەشەسەندنی کار و ژیانی لادێکان بەرەو شار و تێکەڵبوونی کولتوور و ئاین و نەتەوەکان و هتد، هەروەها گەشەسەندن لەرووی پیشەییەوە کە دواجار بەبیانووی پێشکەوتنخوازییەوە بووە بەنەگبەتی بۆ مرۆڤ و شێوازی چەوساندنەوە، هەروەها ئەوەش کە پۆست نوێخوازی لەدوای ئەو دابڕانە مێژووییەوە کە لەرابردوودا کردوویەتی، ئەو گواستنەوە فکریەیە کە لەنەریتخوازی و لاساییکردنەوە بۆ مۆدێرن ماوەتەوە، هەروەك (یۆرگن هابرماس) ناوی لێدەنیٚ تەواوکاری پرۆسیسی سیاسی و فەرهەنگی مۆدێرنە، بەقسەی ئەو بێت هێشتا مۆدێرنە کارەکانی تەواو نەبووە، ئەم قۆناغە تەواوکاری

بەرلەخۆیەتی، یان مۆدێلێکی دیکەی سیستەمە کە لەنێو هونەریشدا ڕەنگیداوەتەوە، بەوپێیەی کە تائێستا ستەم و چەوساندنەوە لەڕێگەی تەکنۆلۆژیای ئاسایی و تەکنۆلۆژیای سەربازی ماوەیەکە بەبارتەقای تەکنۆلۆژی تەندرووستی لەپاشەوەیە. بۆیە ئەم سیستەمە هێشتا کارەکانی لەهەمووبوارێکدا تەواو نەکردووە.

مۆدێل کارێکی دیکەی هەیە کە جوانییەکەی لەخزمەت بازرگانیدایە، بۆ نموونە هەموو ئەو کەرەستانەی کە پێویستی ماڵن، هەر لە تاقمی مۆبیلیاتی نووستن و دانیشتن و پێویستی خۆراك و هتد بگرە، هەموو ئەمانە کاری داهێنەرانەن، لەکەسی هونەرمەندەوە دەکڕدرێن بەپولێکی هێجگار کەم، ئەم شێوە مۆدێلە لەدوای ئەو هەوڵە جددیەی سیستمی سەرمایەداری هات کە هەموو شتێکی بەهونەر و ئەدەبیشەوە خستە خزمەت سەرمایەگوزاری و بازاڕی ئازاد و موڵکیەتی هونەری نەهێشت و وەکو کاڵا کڕیتی، ئەمە سەرەتای سوککردنی بەهای کاری دەستی و خودی هێزی کاری کرێکار و داهێنانی هونەری و تەکنۆلۆژی و بیرکردنەوە بوو، بۆ دیزاینی نوێ کە پێویستی ڕۆژانەی مرۆڤە، بەرهەمەکەی لەئیستاتیکای داهێنانەوە گوازرایەوە بۆ کڕین و فرۆشتنی کاڵا لەبازاڕدا، بەبیانوی ئەوەی کە مرۆڤ پێویستە بەهرەمەند بێت لەهەموو کارە داهێنانەکان کە لەرابردوودا بەهای تایبەتی خۆیان هەبوو و بۆی فەراهەم نەکراوە

و ئێستا ئازادە لەکڕین و بەکارهێنانی، ئەمە لەگەڵ پۆست مۆدێرنەدا تەکانێکی نەرێنی بوو کە لەبازاڕدا بەهای بۆ هیچ شتێك نەهێشتەوە و کردی بەموڵکی گشتی، بەناوی نەهێشتنی موڵکی تایبەتی کە کەرەستە کلاسیکی و کۆنە و ئەنتیکەکان هەیانە و سەرمایەدارە گەورەکان کڕیان و بازرگانی گەورەیان پێوەکرد، تا ئەو ئاستەی بەناوی مۆدێلەوە هەموو شتێك بوو بەکاڵای بێ بەها.

لەرووی تیۆرییەوە ئەمە تەنها بازرگانی و کار و خەرجگەرایی نییە لەلایەن خەڵکەوە بۆ شتومەك، بەڵکو تێڕوانینە بۆ شتی جوانتر کە بەرهەمهاتوون، (جان کۆهن) مامۆستای زانکۆی سۆربۆن بەر لەمردنی ساڵی 1994 کتێبێکی لەبارەی بونیادی زمانی شیعری نووسیوە، لەوکتێبەدا باس لەلایەنێکی دیکەی تێڕوانین دەکات بۆ ئەو شتانەی بریتین لەهونەری جوان، ئەو پێیوایە تەماشاکردنی جوانی بۆ هونەری جوان، تەنها لەسەر جوانی خۆی نەوەستاوە، بەڵکو تەماشاکردنی نوێخوازییە بۆ جوانی خۆی و ئاشکراکردنی هەقیقەتی زانست کە لەشتومەکدا مەوجوودە.

کەواتە تێگەیشتنی خەڵك بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لەنوێ دێنە بازاڕەوە تەنها جوان نین، بەڵکو مۆدێلێکی دیکەی نوێیە کە نوێخوازی بەرهەمیهێناوە و کردوویەتی بەکاڵای پێویستی ماڵ، ئەلێرەوە ئەو تێبینییەی کە لەسەر مەسرەفگەرایی هەیە بەتایبەتی لەلای خەڵکی رۆژهەڵاتی، تەنها ناچار کردنی

بازاڕ نییه بۆ پێویستیەکان و ڕاکێشانی خەڵك بۆ خەرجکردن، بەڵکو نوێکردنەوەی شتەکان وەکو پێویستییەك بۆ ماڵ بەشێکی ئەو جوانییە کە دەیکاتە بازاڕێکی بەنرخ و بەهای زانستی، وەکو کەرەستە نوێییەکان کە ئاسانکاری کردووە بۆ مرۆڤ و جوانی تێدایە و تەنها دیزاین و شێوە کلاسیکییە بێ ڕوحەکەی نییە، بەڵکو جوڵانەوەیەکی هونەرییە لەنێو شتومەکەکان، مێز و تاقمی نووستن و تاقمی دانیشتن و تاقمی چێشتخانە و کەرەستەکانی تر و تەلەفزیۆن و جلشۆر و هتد، دیزاینەکەی لەپەنا جوڵە کارەباییەکەی بۆ زیاتر بەجوڵەخستنی جوانییەکەی وای کردووە خەڵك زیاتر کڕیار بێت، ئەمەش بەرهەمی نوێخوازییە بۆ جوانی.

هەموو نەتەوەکان خاوەنی کوولتوور و دیزاینکردنی کەلەپووری خۆیانن، تا ئەو جێگەیەی کە بۆ مەیسەرکردنی ژیانی سادە و خاکێتی لەهونەر و کەرەستەی هونەردا کۆدەکرێتەوە، ئەو یەکەانە بەکاردێت کە مانای جوانیناسی وەردەگرن، ئەویش بریتین لەدیزاینی کەرەستەی خاو بۆ هونەرکاری و پێداویستی ڕۆژانە بەنموودێکی جوان، ئەم کارە لە کەلەپووری هەموو گەلاندا هەیە، بەردەوامی مەعریفە و هونەریش بریتییە لەکۆمابوونی مەعریفەی گەلان و هەموو گەلێك و کۆمەڵگەیەك پشکدارە لەجوانکردنی کولتوور بۆ مرۆڤ، جیاوازی نێوان جلوبەرگ و شێوەی ژیان و باری کۆمەڵایەتی و شێوەی قسەکردن و ئاین پەرستی جیاواز و

تەلارسازی و هتد، باشترین نموونەی دەوڵەمەندی کولتووری مرۆڤە کە بەشێکی زۆریان جگە لەئافریقاییەکان لێکچوونیان هەیە لەگەڵ یەکتر، لەکەلەپووری کوردیدا بایی ئەوە هونەر هەیە کە جێگەی باس یان بەراوردکاری بێت، هەر لەپێداویستیی رۆژانەوە بگرە، تا دەگاتە کەرەستەی هونەری وەکو شمشاڵ و نەی و دەف و تاڕادەیەك موزیکی دیکەشمان درووستکردووە، بۆ نموونە دەهۆڵ و تەمبوور کە بەهاوبەشی لەگەڵ گەلانی دیکەدا لێکچوونی هەیە، هەروەها لەباری جلوبەرگیشەوە ئەگەرچی لێکچوون هەیە لەگەڵ هیند و ئەفغان و بەشێك لە ئێران و ئازەری و هتد، بەڵام تاڕادەیەك خاوەنی دیزانی تایبەتە، تاکو بناسرێتەوە لەنێو کولتوورەکانی دیکەی هاو شێوەی.

سەبارەت بەشوێنەوارە کۆن و ئەشکەوتەکانی کوردستان کە لێرەدا مەبەستێك هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و لێکچوونیان پێکەوە، هەستدەکرێت بەنوێکردنەوەی شوێنەوارەکان بۆ شێوازێکی دیکەی ئاسەواری و درووستکردنی پەیکەری وەهمی کە بەشێکن لەجوانییەکانی ئەم جوگرافیایە، لانیکەم ئەو هونەرە بەهایەکی دیکەی پێدەدات، ئەمە پێچەوانەی کردارە سرووشتییەکانە کە لەخۆڕسکەوە جوانترن لەوەی دەستکاری بکرێن، یان بەهۆی داگیرکارییەوە شێوێنراون و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، ئەوەی کە ئێستا لەئەشکەوتی قزقاپان و شانەدەر و هەزار مێرد و هتد لە کوردستان هەیە، رەنگە هەمان دیاردە و شوێنەوار

لەوڵاتانی دەورووبەر هەبێت و جوانتریش لەو ئەشکەوتانە، بەڵام وەکو مێژوو دەیگێڕێتەوە شەڕ و پشوێی و داگیرکاری شێوازەکانی گۆڕیون، هەرچی ئەو ئاسەوار و شوێنەوارانەی وڵاتانی دەروەی کوردستان هەن بەهاکەیان ئەوەبێت کە چیرۆکی پشت ئاسەوار و شوێنەوارەکان ئیستاتیکین، ئەوەی کوردستان تەنها رەهەندێکی سیاسی وەرگرتووە، بەوپێیەی کورد نە کۆمەڵناس و نە ئەنترۆپۆلۆژیستی هەیە تاکو خۆی بخوێنێتەوە، یان لانیکەم بەهای ئیستاتیکی بۆ بگەڕێننەوە و ببێتە جێگەی سەرسوڕمانی گەشتیار و میوانانی بیانی.

دیزاینی شوێنی دەستکرد لەشێوەی شوێنەوار، وەکو دروستکردنی شێوازێکی سرووشتی بۆ باخچەی ئاژەڵان و بۆ گەشتوگوزار و دروستکردنی گۆمە ئاو بۆ گەشتیار و هتد، هەموو ئەوانە جیاوازییەکەیان لەوێدایە کە خاوەنی شێواز و دیزانی تەلاری رەسەن نین، لەهەموو شوێنەوارە مێژووییەکانی دەوڵەتان، زیاتر لەلای کورد دەبینرێن و موڵکی نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکی فرەیی نین، یان لانیکەم وەکو موڵکی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیەن کە پێی دەگوترێت میزۆپۆتامیا یان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەوپێیەی کوردستان دەوڵەت نەبووە تاکو بیپارێزن، یان لەرێگەی خەڵکی بیانی سەردانی بکرێن بۆ ئەوەی لە نهێنی ژیانی هەمەلایەنی ئەم کۆمەڵگە تێبگەن و بیگوازنەوە بۆ دەرەوەی کورد، مەگەر گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسەکان بۆ گواستنەوەی چیرۆکی کۆمەڵناسی و سیاسی کە

بەدەیان دەرچە و کردەی فەرهەنگی جوانی تێدایە، ئەم داتایانە ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکەنەوە کە هونەر بەهۆکاری تێکەڵبوونی کولتوورەکان و کۆمابوونی مەعریفەی گەلانە کە ئیستاتیکاکەی غیابی موڵکییەتە، بۆیە بەردەوامی هەیە و هەرگیز ناگاتە ئامانجی خۆی و گەیشتنێك کە پنتی کۆتایی بەدوا خاڵی جوانکردنی ژیان دەرەنجامێك بەدەستەوە بدات، هەروەها دابڕان لە خەون و خەیاڵ بۆ هونەرێکی دیکە کە هێشتا سەریهەڵنەداوە و شوناس بەدەست بهێنێت، وەکو بابل ی نەینەوا و منارەی سامەڕا و حەدبای موسڵ و پردی چوار ڕێگای ئەسفەهانی ئێران و حەلەبی سوریا و دەیان نموونەی دیکە کە مێژووەی درووستکردنیان دیارە لەسەر دەستی کام ئیمپراتۆر و کام دەسەلآت درووست کراوە.

## چەندایەتی و چۆنایەتی

لەپشت هەموو جوانییەکەوە زانستێك هەیە و بەپێچەوانەشەوە لەپشت هەر ئیستاتیکایەکەوە زانستێك هەیە، هەروەك چۆن بەشێکی زۆر لەو زانستانەی کە ئیستاتیکای بەخشیوە بەژیان ئیستاتیکای زانستییە، یەکێك لە ماناکانی جوانی، بۆچوون نییە لەبارەی ماتریالێك کە ئایا جوانە یان نا، یان کەرەستەکانی نێو سرووشت بەپێی تیۆری چەندایەتی، راستە زانست پشت بەچەندایەتی دەبەستێت وەکو داتای ماتماتیکی، بەڵام ئیستاتیکا چونکە پشت بەو یەکانە دەبەستێت کە خودی تاقیکردنەوەی بینین و لاسایکردنەوەی سرووشتی بەمەرج وەرگرتووە، تەنها چێژ بووە بەپێوەری ئیستاتیکی بۆ شتەکان، هەر وەکو (ریمۆن بایەر) دەڵێ " ئیستاتیکا زانستی چۆنایەتییە، ئەگەر لەزانستدا (علم) چەندایەتی بێت، ئەوا بۆ ئیستاتیکا چۆنایەتییە و تایپێکی خودێتیشی پێوە دەردەکەوێت کە جوانی هەمیشە رەنگدانەوەی بەسەر خوددا دەبێت، ئەمە لەخەسڵەتی مرۆڤدا دەردەکەوێت، چونکە هونەر و جوانی سەلماندنی گەرەك نییە وەکو زانست کە پێویستە لەنێو هۆڵی تاقیکردنەوەدا ماتریاڵەکە و هاوکێشەکە بسەلمێنرێت و دەرەنجامێك بدات بەدەستەوە".(58).

دۆزینەوە و ئاشکراکردن لەهونەری جوانیدا، وەکو بابەتێك و پێکهاتەیەکە لەعەقڵی وێنەیی و زەینی واتە فکری دایە، بۆیە مانایەکی دیکەی جوانی، بریتییە لەشێوەیەك لەجەوهەر و ناوەڕۆکی شتەکان و دیاردەکان، نەك تەنها لەشێوازی جەستەییدا کۆببێتەوە کە هەندێکجار پەیکەرێکی مێژوویی، یان پارچەیەکی ئاسەواری کۆن بەهەموو تێکشکاوییەکەیەوە بەها هونەرییەکەی جوانتر دەکات کە ئەمە لەئاستی بازاڕدا مانای هەیە، چونکە لەرووی ماتریاڵییەوە لێرەدا زەمەن حوکم دەکات بۆ رەسەنایەتی یان چۆنایەتی کارە هونەرییەکە، نەك دەستکاری کردن و نوێکردنەوەی ماتریاڵەکە، هەروەك ئەوەی لەبازاڕی ئەنتیك هەیە و بەماتریاڵی جوان ناسراوە و گەشتیارەکان وێنەی لەگەڵ دەگرن، ئێمە دەبێت لەنێوان کردە سرووشتییەکان و پارچە کلاسیکییەکان جیاوازی بکەین، شاخێك کە وێنەی پیاوێکی پیری کوڕی زەمانەی وەرگرتووە لەچاوە هونەرمەند یان شاعیرێك، دارێك لەچەشنی ژنێکی سەماکەر خۆی ئاڵاندووە بەدارێکی دیکەوە یان شاخێکەوە، بەردێك کە لەشێوەی ماسی یان ئاژەڵێك دێتە بەرچاو، تەدارەکی جوانکاری ژنان لەکل و کلدان و جوانکاریی جلوبەرگ و هتد لەکەلەپورێکی دیاریکراودا، هەموو ئەمانە مەرجی چۆنایەتین بۆ ئیستاتیکای شتەکان، بەڵام لەرووی زانستییەوە ئیستاتیکا چەندایەتییە کە جیاوازە لەو پارچەیەی کە لەرێگەی کنە و پشکنینی زانستییەوە دەدۆزرێتەوە و لەپێشانگا یان مۆزەیەك نمایشی دەکەین، لەروویەکی دیکەوە ئیستاتیکا شێوازە، بۆ نموونە

هونەرمەندانی کلاسیکی هەر ئەو هونەرەیان هەبووە کە بەها و بنەمای خۆی هەیە لەرووی ئیستاتیکییەوە، بەپێچەوانەوە لاسایی کردنەوەی ئەو شێوازە مانایەکی نییە تاکو سیفەتی ئیستاتیکی وەربگرێت، هەر وەك ئەو پارچە هونەرییانەی کە لەبازاڕ بە قیمەتی هونەرە رەسەنەکە دەفرۆشرێت و لاسایکردنەوەیە.

جۆرە لاسایی کردنەوەیەکی دیکەی هونەری هەیە کە دەبێتە رێبەری هونەرمەند، ئەویش ئەو دەنگانەیە کە بەلاتەوە خۆشن، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی کە کاریگەری هەیە لەسەرت، وەکو (جۆرج فریدمان) دەڵێ (ئەوەی کە خۆشم ویستووە و هەستاوم بە لاسایی کردنەوەی، بەڵام ئەوەی کاریگەر بوو، تەنها لاسایی کردنەوەی دەنگی نەبوو کە لەناوەوەی مندا بوو، یان لەنێو هەستەکانم بوو، کاتێك بیرم لەنموونەکەی کردەوە، چوومە ناو کەسایەتی ئەوەوە و وەکو کەسایەتی ئەو مامەڵەم دەکرد)، ئەم شێوازە بوو بەهەقیقەت، ئەم ئەزموونە بچووکە لاسایکردنەوەی سایکۆلۆژی بوو، گرێدراوی ئەو شێوازەی دووەم بوو، کە فشاری بو هێنام بچمە ناویەوە، دواتر تێگەیشتم ئەمە نیوە خۆشییەکی وەکو خاوەندارێتی وایە".(59).

هەندێك جار ئەم شێوازە بەداهێنانی هونەری لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام ڕاستیەکە جیاوازە، بەبڕوای هێربرد مارکۆزە، رەهەندی ئیستاتیکی لەئازادیدا، ئەو

ڕاستیەیە کە ئاسەوار بۆ شارستانییەت بەجێدەهێڵێت، ئەوەی کە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانی هاندا لەڕێگەی ئازادییەوە بچنە نێو دەزگا سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، دۆزینەوەی مەحرومییەتی مرۆڤ بوو لەکێشە ئەخلاقیەکان و رزگارکردنیان لەو دۆخە، بۆیە ئەوەی کە مرۆڤ ئازاری پێدەخوات، ئەو کێشەیە بوو کە ئیستاتیکا بەهەموو مانا و ڕەهەندەکانیەوە خولقاندویەتی، هەر بۆیە لەڕێگەی جوانییەوە گەیشتن بەئازادی، بەتایبەتی ئەو جوانییەی کە مرۆڤ لەڕێگەی ژیانێکی شایستەوە شعوور بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان و هیواکانییەوە دەکات، شێوەیەکە لەبەدەستهێنانی جوانی ژیان". نووسین بەشێکە لە چۆنایەتی هونەری ئیستاتیکا، چ لەبارەی داهێنانی گوتنەوە بێ، چ وەکو دیکۆمێنتکردنی گوتارە مێژووییەکان بێ،"نووسین مەعریفییەکەی پراکتیکییە لەچوارچێوەی خەیاڵ یان تەکنیکی خەیاڵیدا، هەمیشەش بەم شێوەیە دەورووژێنرێت و لاسایی دەکرێتەوە، نووسین لەچوارچێوەی ئارەزووی خەیاڵیدا دەتوانێت ببێتە ئەزموونێکی بەکۆمەڵ، ئیدی بەشداریدەکات لەپێکهێنانی دەستەیەك، یان کۆمەڵێك وەك ڕەگەزێکی ناسك، یان بەجۆرێك لەجۆرەکان وەك ڕەگەزێکی ئەنارشیستی، نووسین ئا لەو کاتەوە بۆتە ڕابەرێك کە لەدەشتێکی نادیاردا پێشەنگایەتی کاروان دەکات".(60). نموونەی ئەوانەش وەکو خۆنووسینەوە دیستۆڤیسکی و بێکت و کافکا و هتد کە بازنەیەکی بەرفراوانیان لەدوودڵی و وەسوەسەی تاکدا کێشا، جوانی ئەم شێوازە

لەنووسین، لەوێدایە کە هەم ترسی دوورخستۆتەوە لەخوێنەر، هەم دروستکردنی شەفافییەت بۆ نەهێشتنی پاساوگەلێکی ناشایستە، بەپێچەوانەوە یاخیبوونی بەرهەمهێنا کە جوانترین لایەنی ئەم کردە ئیستاتیکیەیە، کە تاکی ئاستنزمی کرد بەتاکی بالاَ.

سەبارەت بەتێکستی جوان و جوانی تێکست، بەهەمان شێوەی پارچە کلاسیکیەکانی پێشووە کە وەکو شێواز، پەیوەندی بەرەسەنایەتی و موڵکییەتەوە هەبووە، لەمێژووی نووسراودا نووسین لەسەر بەرد دوو وەزیفەی هەبووە، یەکێکیان شیوەکاری و ئەویتر دیکۆمێنتکردنی نووسین و دەقی یاسایی، وەکو کارە یاساییەکەی حامورابی و نووسینی گاتاکانی زەردەشت لەسەر پێست و چەندین دەقی دیکە کە ئێستا بۆتە ئاسەواری نەتەوەیی و کولتووری کۆمەڵگەکان، یان ئەو نووسینانەی سەردەمی ئیمبراتۆرییەتی ژاپۆنی و هاتنی جەنگیزخان بۆ رۆژهەڵات و هتد کە لەسەر پێستی ئاژەڵ نووسراونەتەوە، هەموو ئەمانە بوونەتە زەخیرەیەك بۆ ئەدەب و هونەر" لەهونەردا پێوەرەکان پەیوەندییان بەریالیزمەوە هەیە، بێگومان هەر بەو جۆرەی کە هەر تیۆرەیەکی زانستی کە نادرووست دەردەکەوێ، بایەخی خۆی دەدۆڕێنێ، ئەگەر هونەریش لەگەڵ شێوازەکانی ریالیزم بەتەواوەتی بێگانەبێ، وەك چۆن لەچڤاتی مۆدێرن روویدا، بایەخی جوانیناسانەی خۆی بەتەواوەتی

دەدۆڕێنیٚ، ئەگەرچی جیاوازی نێوان زانست و هونەر ئاشکرایە، بەڵام ددانی پێدادەنێن بەپێی ئەو شتەی لەسەرەوە گوترا، نەدەتوانین مانای ئەکسیۆلۆژی ریالیزم دیاری بکەین و نەئەو پێوەرانەی کە لەمەڕ ریالیستی کاریگەریان دەبێت، چونکە جوانیناسی بەجۆرێك ناکۆکی چارەسەرکراوی نێوان فرەچەشنی و بەرهەست دەزانن، لەلایەکی دیکەوە ئەم بەهایە بەیەکێتیەك دەزانن کە پێکهاتەی گونجاو تۆکمە دەکات".(61).

پێشتر حاڵی ئەدەب تەنها حیکایەت و شیعری سەرزارەکی بوو، بەکارهێنانی کەرەستەکانی ژیان باشترین رێگەچارەی بەدیکۆمێنتکردنی تێکستەکان بوون، ئیدی ئەدەب لەوێوە هەوڵی بۆ بەدیکۆمێنتکردنی درا، قەول و تێکستە ئاینییەکانی وەکو تەورات و ئینجیل و قورئان و ئاڤێستا و قەول و جیلوە و مەسحەفا رەشی ئێزیدی و کەنزا رەبای سابیئی و هتد، تائەو جێگەیە وەکو قەول مایەوە کە نووسرایەوە، جوانی ئەم کارە لە بەکارهێنانی زەینییەت و عەقڵدایە، هەموو ئەمانە پێشتر وەزیفەی بەرگری و بوونگەرایی و کێشەی سەلماندنی بوونیان هەبووە بۆ خودی تێکستەکە و ئەو گروپەش کە باوەڕیان پێی هەبووە، بەڵام دواتر بوو بە ئەدەب کە یەکێك لە هۆکارەکانی بەدەستهێنان و دۆزینەوەی جوانیی لەنێو زماندا، ئەو تێکستانەن کە بوون بەبنەمای کاری ئەدەبی.

ئەو کاتەی کە شیعرە شانۆییەکانی سۆفۆکلیس و مەزموورەکانی داوود پێغەمبەر و تێکستەکانی شکسپیر دەخوێنینەوە، ئەو کاتەی رۆمانەکانی دیستۆڤیسکی و دانتی و سێرڤانتس و حافزی شیرازی و خەییام و لەکوردیدا مەولەوی و نالی و مەحوی و لەعەرەبیدا ئومروئلقەیس و موتەنەبی و ئەبو عەلائی موعەڕیی و هتد دەخوێنینەوە، وەکو تێکستی رەسەن یان ناسراو بەتێکستی بنچینەیی، هەر ئەوکاتە تێدەگەین کە بۆچی خوێندنەوەی ئیستاتیکی پێویستە بۆ تێکستی ئەدەبی، تاکو جوانی لەنێو تێکستەکاندا بدۆزرێتەوە و موڵکییەت وەربگرێت، بەمانایەکی تر ئەوەی تێکستەکە بەگوتار گوتوویەتی، لەرێگەی شرۆڤەوە ئاشکرا دەکرێت، هەڵبەت بەبێ شیکردنەوە بۆ ئەدەب، کێشەیەکی دیکەی ئەدەبی دەخولقێت کە فرە تێڕامانە، ئەمەش تێگەیشتن بەلاڕێدا دەبات بۆ خوێنەری نەشارەزا.

لێرە ئەفسانەناسی دەور دەبینێت لە دۆزینەوەی چۆنایەتییە ئیستاتیکیەکانی دەرەوەی تێکست، یان پەیکەر یان چیرۆکێکی ناوداری وەکو (کەلیلە و دیمنە و هەزار و یەك شەوە) کە بۆماوەییەکی هیومانیستییە و هەر یەك لەفارس و عەرەب و هتد، بگرە رۆژئاواییەکانیش بەموڵکی خۆیان دەزانن، بەپێی تێگەیشتنی رۆژئاواییەکان بێت، هەزار و یەك شەوە تێکستێکی کۆنە و بەهیچ شێوەیەك موڵکی عەرەبی نییە و هیچ بەڵگەیەکیش نییە لەمبارەیەوە، چونکە

لەکاتی خۆیدا عەرەب ئەو شارستانییەتەی نەبووە تاکو بتوانێ بەو شێوەیە چارەسەری کێشە بکات و جەدوا بدات بەچیرۆکێکی درێژی فرەلایەن کە بۆ ژیان وانەیەکی گرینگە و بینووسێتەوە، بەڵام کە بەعەرەبی نووسراوەتەوە، بووەتە موڵکی عەرەب، مانای دووەمی ئەم بابەتە ئەوەیە کە عەرەب ئەم تێکستانەی بەزەبری ستەم و زۆر لەرێگەی فتوحاتی ئیسلامییەوە کردوونی بەموڵکی خۆی، مەسەلەی وەرگێڕانەکەشی لەوێدایە، ئەوان بەهۆی فتوحات و بازرگانییەوە زمانناسییان وەکو پیشە وەرگرتووە، یان شارەزایان لەنەتەوەکانی تر بەبارمتە وەرگرتووە یان بەزۆر بەکاریان هێناون بۆ خزمەتی عەرەب و زمان و رۆشنبیری عەرەبی، هەروەکو ئەوەی کە ئیمامی غەزالی و فارابی و ئیبن سینا و ئیبن خەلدوون، چۆن توانیویانە شیکاری نوێ بۆ فەلسەفەی یۆنانی بکەن، هەمان ئەو شێوازەی سەهرەوەردییە کە خوێندنەوەیە بۆ ئیسلام، لێرەوە تێدەگەین کە جوانی بەمانای وشە بەشێکی مێژووە کە بۆ خزمەتی دەسەڵات تۆمار کراوە، هەروەك ئەوەی کە پەیکەری پادشا و کەرەستەی جەنگ و دەزگاکانی دیکەی دەسەڵات کراوە بەکەرەستەی سەلماندنی مێژوو و لە مۆزەخانەکاندا نمایش دەکرێن.(62).

ناکرێ جوان لەشێوازی شتە گەورەکاندا بێت، بەڵکو لەشتە ووردو بچووکەکانیشدا هەیە، ئەمە رەهەندێکی جیاواز و بابەتێکی چۆنایەتییە کە زیاتر

لەڕامانێکی گەرەکە، هەروەك ئەوەی لەوردەواڵەی جوانکاری ژنان و کەرەستەی پادشا و شازادەکانی سەردەمی بەر لەدایك بوون هەبوون، بەشێکیان تا ئێستاش ماون و لاسایی دەکرێنەوە کە لەتێکستی هەزار و یەکشەوەدا هەیە، بەشێکی دیکەیان بۆ ئەفسانە ماوەتەوە، بەپێی تیۆری ئەدەبی بەراوردکاری بێت، دەیان تێکستی ئەدەبی هەن لاساییکردنەوەی هەزار و یەکشەوە و کەلیلە و دیمنەن، بەڵام شێوازەکەی گۆڕاوە و باوی ئەدەبی بەراوردکاریش نەماوە، تاکو وەکو پێوەر کەڵکی لێوەربگیرێت.

بۆچوونێکی سەلمێنراو هەیە کە تێگەیشتنی (مارسیل پرۆستە)، ئیستاتیکا پەیوەندی نێوان ئەدەب و هونەرە، ئەو هەستاوە بەپەیوەندی نێوان ئەدەب و هونەری وێنەگرتن لەلایەك و ئەدەب و مۆزیکیش لەلایەکی تر و مۆزیك و ئەفسانەش لەلایەکی تر، مۆزیك پانتاییەکی فراوانی لەئەفسانە داگیرکردووە و بۆ ئەمەش هەریەك لە (کلۆد لیڤی شتراوس و ئارنۆڵد توینبی و فراس السواح) زۆریان لەم بابەتانە دیکۆمێنتکردووە و شرۆڤەیان کردووە، (مارسیل پرۆست) پێیوایە کە تێڕوانینی هونەری تێڕوانینی شۆڕشگێڕانەیە و تەنها لەلای بەشێکی کەم لەداهێنەرانی سەدەی بیست دۆزراوەتەوە، ئەمەش لایەنێکی دیکەی چۆنایەتی ئیستاتیکی شۆڕشە لەنێو هونەردا، ئەم تێگەیشتنە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە هونەرمەند و بیرمەند و داهێنەرانی رابردوو بەچاوێکی

تەواو شۆڕشەوە تەماشای نوێخوازی و رووبەڕوبونەوەی ئیشکالیاتە کۆمەڵایەتییەکانیشیان دەکرد، نموونەی بزووتنەوەی رێنسانس و رەوتی سوریالی و دادابیزم و تادەگاتە تێزەکەی هێربرد مارکیۆز و شۆڕشی 1968 خوێندکاران و شۆڕشی رۆشنبیری سەر شەقامی سارتەر، بۆ پاڵپشتیکردنی شۆڕشی کرێکارانی تێزە بەناوبانگەکەی مارکس و هتد، بەشێك لەو داهێنانەی کە لەسەدەکانی پێشوو مێژوو شاهیدێتی، هەموو ئەوانە شۆڕش بوون بەسەر تێڕوانینی کلاسیکی و سەپاندنی شێوازی ژیان بەبێ جوانی، بۆیە لەزۆر شوێنیشدا ئەم بابەتە داهێنەری لەسەر تیرۆر کراوە کە نموونەی گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس بوون، هەروەکو پرۆست لەو بڕوایەدا بووە کە کاری بلیمەتی و داهێنەر، کاری تێپەڕاندنی سەدەی رابردوو بووە کە پڕبوو لەسانسۆڕی فکری، چونکە سەدەی ناوەڕاست و رابردوو سەدەی ململانێی نێوان مەعریفە و دەسەڵات بووە و ئازادی بیرکردنەوە کردەیەکی قورس و مەحاڵ بووە، چونکە ئەوکات دەسەڵات ترسیان لەگروپی رۆشنبیر هەبووە کە هێزێکی مەعنەوی پێشکەشی خەڵك بکەن و دەسەڵات لەدەستەبژێری سیاسی وەربگرنەوە، بەڵام ئاڵوگۆڕی سیاسەت و هاوکێشەی نێوان هێزە پیشەسازی و خاوەن سوپا داگیرکەرەکان، کارێکیان کرد کە رۆشنبیر چیتر نەتوانێ ئەو ململانێیە بەردەوام بکات، جگە لەپیشەیەك بۆ خزمەتی زانکۆکان و تەکنۆلۆژیا و بازاڕی جۆراوجۆر.

بینەر و چاودێریکردنی هونەر لەکاتی خۆیدا بڕوای بەشێوەی داهێنانی نوێ نەبوو، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە سەردەمێك و زەمەنێك بەسەر کارەکەدا تێپەڕ دەبوو و نۆستالیژیایەك بۆ ئازادی کارکردن لەبەرچاو دەگیرا، هەر وەك ئەوەی لەمۆزەخانەی رۆما و فلۆرانسای ئیتالی و ئەسینای یۆنانی و مۆزەخانەی نیشتیمانی فەرانسە و مۆسکۆ و گوندی فیرعەونی میسر هەیە، ئەمانە بەشێکن لەچەمکی داهێنانیش شێوەیەکن لەنۆستالیژیای کار کە لەنێو شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری سۆسیۆلۆژی سیاسیان جێهێشتووە، لەکاتێکدا هەر ئەو نوستالیژیایە بۆ ئازادی کار دواجار دەبێتە مایەی مەترسی بۆ سەر ژیانی داهێنەر و جواننانس، بەڵام هیچ کام لەو شۆڕشانە بەبارتەقای شۆڕشە بەردەوامەکەی گالیلۆ نابێت کە تەواوی بیری مرۆڤایەتی گۆڕی، "ئەوەی گالیلۆ کردی برێخت بە شۆڕشی بەردەوام پێناسەی کردووە، جەختکردنەوە لەسەر شۆڕشی بەردەوام، گواستنەوەی ئەو مەبەستەیە کە شانۆی زۆرداری سەرمایەداری بوو بۆ چارەسەری گاڵتەجاری و فاشیزم، ئەمە کتوپڕ نەبوو، برێخت شانۆی بە فێرکاریەوە گرێدا وەکو پێشنیازێکی نوێ، ئەمە جگە لەوەی کە گەشەیەکی شێوەکاری شانۆیی فێرکاری کردە باو، وەختێك نەفی کرابوو بۆ شوێنە دوورە دەستەکان، وەرگرتنی ئەم تەدبیرە هونەرییە لەژێر رۆشنایی ئەو ململانێ نێوخۆییە بوو کە لەبارەی ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژییەت بوو لەنێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئاڵمان بەرپابوو"(63).

ئەوەی برێختیش لەنێو شانۆدا کردی کە هەم فێرکاری و هەم بڕوابوون بەشۆڕشی کۆمەڵایەتی، هیچی لەشۆڕشە بەردەوامەکەی گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس و نیوتن کەمتر نەبوو، چونکە ئەو هەم وەکو بیر سەرسام بوو بە (کارل کۆڕش* و رۆزا لۆکسمبۆرگ) و کۆمۆنیستەکان، بەوپێیەی ئەوان لەو سەردەمەدا چالاکی سیاسی و رۆشنبیریان هەبوو دژ بەو ململانێ نادادپەروەرییانەی لەنێوان سۆڤیەتی ئەوکات و ئاڵمان هەبوو، هەم وەکو ئیستاتیکی فکری بۆ شانۆ و بۆ شیعر کە شێوە گوتارێکی دیکەی دوای رۆمانسیەتی بزووتنەوەی ئەدەبی روسیا بوو. (64).

ئیستاتیکا لەزۆر بواری دیکەی ژیاندا وەکو چەمکێکی سەر بەکایەی سۆسیۆلۆژی لێکۆڵینەوەی کردووە، بۆ نموونە مەسەلەی کار و بەرکارهێنانی هێزی کار لەسرووشت و لەمەیدانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا کە ئەمەیان دەکەوێتە نێو فەلسەفەی چەندایەتییەوە، چونکە کار یەکێك بووە لەهۆکارەکانی دۆزینەوەی چەمکی ئیستاتیکا، چێژی کار یەکێکە لەباسە گرینگەکانی ئیستاتیکا و ئیستاتیکای ژیان کە بەردەوامی و بوونی مرۆڤ لەسەر کار و بونیادەکانی کار دامەزراوە، مرۆڤ بەبێ کار جەستەیەکی مردووی بێ بەرهەمە، بۆیە چێژی کاریش کە بەشێکە لەئازادی کار کە فەلسەفەی ئیستاتیکایە لەنێو ململانێی کار و سەرمایە و کار و سرووشتیش بەهەمان شێوە، ئەمە هەروەك ئەوەیە کە

لەشێوازە مێژووییەکەیدا دیارە، لەکاتێکدا لەنێو جەوهەری کاردا کە لەڕووی مێژووییەوە سەپاندنی کار، زۆرەملێیی بوو لەلایەن ستەمکارەکانەوە، گەڕان بەدوای ئازادیدا، شێوازێکی دیکەی پێچەوانەی ئازادی کار.

کارل مارکس جگە لە ئەدەب و هونەر کە بەشێکن لە هەوڵ و کۆشش بۆ رزگاربوون لەکۆیلەیەتی کار، لەمبارەیەوە تێزی تایبەتی هەیە کە چێژی کاری لەناوەڕۆکی ئیستاتیکی دوورخستۆتەوە، لێرەدا پشت بەهەلومەرجی خودی و بابەتی دەبەسترێت، کار بەلای مارکسەوە ئەو هونەرەیە کە رەنگکردنی جیهانی دەرەوەی مرۆڤ نەقش دەکات، چونکە کرێکار لێرەدا بۆ خۆشی خۆی و بۆ بەدەستهێنانی ئیستاتیکا لەبەرهەمهێناندا کار ناکات تاکو سیفەتێکی چۆنایەتی وەربگرێت، بەڵکو سیفەتێکی چەندایەتی هەیە کە بریتییە لەبەرهەمی هێزی کار، جگەلەوەش کرێکار کارێك بۆ نەمری خۆی دەکات، کارێکی ناحەزیشی بەسەردا دەسەپێنرێت و لەنێو کاڵادا دەبێتە کاڵای بازاڕی سیاسەتی سەرمایەداری، هەروەك ئەوەی ئێستا تەکنۆلۆژیا بەزۆر بەسەر مرۆڤیدا سەپاندووە و کردوویەتی بەکائینێکی کۆیلەو نامۆ لەژیان.

"هەستی نامۆیی لەرژێمی سەرمایەداریدا زۆر بەهێزترە لەوەی لەسیستمی دەرەبەگایەتی هەبووە، لەو سیستمەدا مرۆڤ ژێر دەستی دەرەبەگ بوو، بەڵام بەو شێوەیە روح و خەیاڵی پارچە پارچە نەببوو، وەك لەسایەی سیستمی

سەرمایەداریدا هەیە، چونکە کرێکار لەژێر سایەی ئەم سیستمەدا هەموو هێزی کار و لەشی خۆی دەفرۆشێت، بەڵام بەشێوەیەکی بەش بەش، لەبەر ئەوە زیاتر تووشی نامۆبوون دەبێت، بەم پێیەشە کە خۆشحاڵ نابێت لەدەرەنجامی کارەکەی".(65).

نامۆبوونی مرۆڤی ئێستا لەبنمیچی سیستمی سەرمایەداری، لەترۆپی دەسەڵاتدارێتی ئابووری و فەرهەنگی و سۆسیۆلۆژی خۆیدا گەشە بەکایە جیاوازەکانی خۆی دەدا، هەم لەگەڵ خۆی نامۆیە و هەم لەجوگرافیادا نامۆبووە و هەم لەگەڵ سیستمی تەکنۆلۆژیا کە نمایندەی سیستمەکەیە، کەواتە نامۆبوونی سایکۆلۆژی و جوگرافی رەهەندە کلاسیکییەکەیە، ئەوەی ئێستا ڕاستیتر دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، مەبەستم بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەبوو بەرهەمەکەی بەپێچەوانەوە بێت، بەڵام مرۆڤ ئەوەندەی تر نامۆبووە، چونکە لەنێو کاتێکی زۆر و لەهەمان کاتدا کاتێکی لەدەستچوو و بەفیڕۆچوو دەژی.

## فانتازیای ئایدیایی

سرووشت ئەو زەمینە پڕ لەسیحرەیە کە تێگەیشتنی فانتازی لەلایەك و ڕاستی لەلایەکی دیکە بەرهەمدەهێنێ، ئەوەی کە لەپەیوەند بەسرووشتەوە هەیە بەرامبەر بەجوانی و هونەر، وەکو دۆزینەوەی شێوازی دووەمی جوانی لەسرووشتدا کە هەمیشە جوگرافیا جوانەکان بەبەهەشتی سەر زەمین پێناسە دەکرێت، چونکە مرۆڤ هەمیشە خەون بەو بەهەشتەوە دەبینێ کە لەخەیاڵدانیدا وێناکراوە و لەفکریدا وەکو ئایدیالێکی دژە ماتریاڵی کۆپی بووە و خەونی پێوە دەبینێ، ئەم فانتازیایە بۆ وەدەستهێنانی بەهەشتێك لەسەر رووی زەمین، جا با ئایدیاڵی بێت یان ماتریاڵی، لەهەردوو بارەکەدا جۆرێکی تری شۆڕشی دیارە بەسەر نادیاردا، پشتگیریکردنی ئەم تێڕوانینە ئیستاتیکییە بۆ خەیاڵ فراوانی زەمین، پانتاییەکی گەورەی داگیر کردووە لەنێو بەشێکی زۆر لەبیرمەندان.

(بندیتۆ کرۆچە) کە پێشتر بەتیژتێپەڕ باسمان لەتیۆرەکەی کرد، لەژێر کاریگەری هیگڵدا، تێزی خۆی لەبارەی ئیستاتیکاوە پێشکەش کردووە، ئەو جگە لەتێڕوانینی تایبەتی بۆ جوانیناسی، بڕوای بەمەسەلە روحانیەکانیش هەبووە، جگە لەمەش بەگەورەی سیاسی لیبرالی ناسراوە، لەتەمەنی سیساڵیدا بوو،

کۆمەڵێك وتاری بەناونیشانی (شۆڕشی ناپۆلی) ساڵی 1799 نووسیوە، کە جیاوازی مەعریفی هەیە لەگەڵ سیاسییە وشکەکانی سەردەمی خۆی، بیرمەندەکانی دوای بەگشتی پشتیان بەو تیۆرە بەستووە کە ئەو نەخشەی بۆ داناوە، کرۆچە هەر لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەری رەخنەی بۆرژوازی بوو، بۆ هونەریش بڕوای بەمەسەلەی روح هەبوو، ئەو رەخنەی لەوەش گرتووە کە مەعریفە وەکو (حدس) پێش دەرککردن، تاك لەوێنەیەکی هەستەکی و بەدەلیلی عەقلانی دوور دەخاتەوە، لەبری ئەوە تاك دەخاتە ژێر کاریگەری ویستی کۆمەڵگەوە، لەرووی ئەخلاقیشەوە بڕوای بەوە هەبوو کە مەسەلە کۆمەڵایەتییە سرووشتیە چینایەتییەکان بزر بکات، یەکێك لە چالاکییەکانی کە لەسەر رێچکەی هیگڵ بووە بۆ هونەر و ئیستاتیکا. گۆڤارێکی هونەری دەرکردووە بەناونیشانی (لاکریتیکا) کە گرینگی بەفەلسەفە و هونەر و مێژوو داوە، یەکێك لەخوێندنەوەکانی بۆ سرووشتناسی کە رەخنەیە لەپێشوازییەکانی فەلسەفە، چێژی جوانی یە، لەتیۆرەکەی خۆیدا دەڵێ" جگە لەهەقیقەتێك بەولاوە کە عەقڵە هیچ شتێکی تر نییە، جیهانی عەقڵ گفتوگۆی نێوان بابەت و خودی بۆ دیاری کردووە، هەروەك تاك لەگەڵ گشت و تیۆری و پراکتیکی و ئەو پێکهاتانەی کە لەکۆمەڵێك پێکهاتانە درووست بوون، گەشەی پەتی بێ کۆتایی، نهێنی بەنیسبەتی ئێمەیە کە ناتوانین کۆتایی پێ بهێنین".

ساڵی 1902 بەتەواوەتی تیۆرەکەی کامڵ دەبێت و هونەر دەخاتە سەرووی متیافیزیکاوە، چونکە لەپشت میتافیزیکاوە ئایدیایەك هەیە کە رەنگە ئیستاتیکا بزر بکات و شێوازێکی لێڵ و نادیاری پێبدات، بەڵام هونەر خۆی ئامانجێکی ئیستاتیکی پێشکەش دەکات، ئەو لەوێدا هونەر و جوانی وەکو سامانی خەیاڵ دەبینێ، لەلای ئەو تیۆری جوانی بریتییە لەلاواندنەوەیەکی ماتەمینانەی هونەر، لەشوێنێکی دیکەدا باس لەوە دەکات کە مرۆڤ تەنها بەدەستی جوانی وێنا ناکاتەوە کە مەبەست لەکردەیە، بەڵکو بەخەیاڵ وێنای دەکاتەوە، لەحاڵێکدا کە مرۆڤ بەراستەوخۆ لەگەڵ شتەکانی دەوروبەری خۆیدا ناژی، بەڵکو بەناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ سیمبولەکاندا دەکات، بۆ نموونە ئەفسانە و ئاین و زمان وەکو تۆڕێك لەدەوری مرۆڤ دەئاڵێن و بەناچار دەبێت بەکارپێکەری ئەو شتانەی ویستەکان و غەریزەکان دیاری دەکەن، بۆ ئەمەش هەر شتەکان و کائینە ترسناك و شەڕانگێزەکان و دڕەندەکان نین، دەبنە مایەی ترس بۆ مرۆڤ، بەڵکو ئەو فکر و بۆچوونانەی مرۆڤن لەبارەی شتەکانەوە ترس بەرهەمدێنن کە لەهەندێك لەئاینەکاندا کاری لەسەر کراوە و نموونەش ئاینی ئیسلامە، بۆیە مرۆڤ توانای بەسەر سیمبولەکاندا شکاوە و خۆی کردووە بە سەنتەری عەقڵ، چونکە عەقڵی بەکارهێناوە و خۆی جیاکردۆتەوە لەسرووشت، نموونەی ئیبراهیم پێغەمبەر کە پەیکەری خوداوەندەکانی شکاند و بوو بەیەکێك لەسەرمەشقی یاخیگەرەکانی مێژوو و لەدوای ئەو چیدی خوداکانی سەر زەمین وەکو سەرداری

مرۆڤ نەمانەوە، هەروەها پەرستنی خوداش شوێنێکی دیاری کراوی بۆ نەمایەوە و جوانی خوداش لەشێوەی مرۆڤ وێناکرایەوە کە پێشتر بیرکردنەوەکە وابوو خودا لەوێنەی خۆی مرۆڤی بەرهەمهێناوە، ئەمە تێڕوانینی ڕاستییە، بەڵام بەخەیاڵی بەهەشتێك لەسەر زەمین کە بەهۆی ناعەدالەتییەوە بووە بەدۆزەخ بۆ مرۆڤایەتی.

دوای ئەم قۆناغە مێژووییە کە بوو بەدابڕانێك بۆ شۆڕش لەدژی خوداکانی سەر زەمین و بەتایبەتی لەمیسرەوە دەستی پێکرد، ئەم بیرکردنەوەیە بۆ شۆڕش گۆڕا بۆ ئەوەی ئەگەر خوداکانیش بەپەیکەر وێنا کرابن، ناکرێت تێکبشکێنرێن وەکو ئەوەی رەوتە توندڕەوەکانی ئیسلام لەئەفغانستان پەیکەری بوزا و لەموسڵ پەیکەری سۆمەرییەکان و منارەی حەدبا و مەزاری یونس پێغەمبەریان تێکشکاند و ئامانجەکەش تەنها بێبەها کردنی سیمبولەکان بوو کە هێزی گەورەی لەپشتەوە بوو.

بیرمەندی ئامریکی (ستیفان کۆبرن) پێیوایە ئیستاتیکا گەڕانە بەدوای یاساکانی چێژوەرگرتن لەجوانی ئەگەر ئەو پەیکەرانە بۆ پەرستنیش بن و مرۆڤ بکەن بەکۆیلە، ئێمە تەنها لایەنە جوانییەکەی دەبینین، چونکە ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بەشتەکانەوە جوانن، ئەوانی دیکە ئیستاتیکی نین، بەڵکو تەنها خۆشمان دەوێن وەکو هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی جوانی لەشتەکانی تردا کە رەنگە

خۆشویستنەکە کاتی بێت و لەشوێنێکدا بووەستێت، وەکو خۆشویستن بۆ پەیکەری خوداکانی سەر زەوی، سیمبولی نێو ئەفسانەکان کە مرۆڤ لەسەر شێوەی خۆی بەرهەمیهێناون، ئەوانی دیکەش کە چێژی تایبەت دەبەخشن، خوشویستنی نیشتیمان و کولتووری نەتەوە و ئاین و هتد.

ئەم بۆچوونە لەپەراوێزی هونەردا وەکو پرسیارێك هاتووە، کاتێك گوێ بۆ دەهۆڵ لێدان دەگرین، یان نمایشی کارتۆنی منداڵان دەبینین، یان ئۆپێرایەك دەبینین کە مانای ژیانی لەرووی چینایەتییەوە جیاوازکردۆتەوە، کەوابوو هەرکام لەو هۆکارانەی کە هاوکاری جوانی دەکەن بەمانایەك لە ماناکان، بەراورد ناکرێن، بەڵکو خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام جیاوازیان لەگەڵ یەکتری ئەوەیە کە ئیستاتیکای هونەرییە و مرۆڤ شۆڕشی بەسەردا کردوون، واتە دەستکاری کردوون و بەها سرووشتیەکەی نەماوە کە ئەمە لایەنە نیگەتیڤەکەی نییە، بەڵکو پۆزەتیڤەکەیەتی، چونکە دەستکاری کردنی ئەو پەیکەر و ئاسەوارانەی هەن، دوو رەهەندی هەیە.

رەهەندی یەکەمی هەوڵی شێوەکار و هونەرمەندەکانی مێژوو بووە بۆ جوانکردن و بەخشینی بەها بەو سیمبولانە، رەهەندی دووەم ئەوەیە کە دەسەڵاتەکان بەپێی ویستی خۆیان و مانا بەخشین بەسیمبولەکان دەستکاری کردوون، لەهەردوو بارەکەدا جگە لە جوانی لەنێو مێژوودا شتێکی نیگەتیڤی بەجێ

نەهێشتووە "مێژووی کاملّ و پێرفێکت دەجولّێتەوە واتە (حرکی) یە، ئەوکاتەی شێوازە کۆنەکەی دەباتە گۆڕەوە، بەزۆر قۆناغی ژیانی جۆراوجۆردا تێپەڕ دەبێت، دوایین قۆناغی ژیانی شێوازێکی جیهانی مێژوویی، بریتییە لەقۆناغە کۆمیدیەکەی، خودایانی یۆنان کە پێش ئەمە لەتراژیدیای پرۆمتەی قۆلّبەستکراوی ئەسخیلۆسدا ناچاری مردن کرابوون، دەبوو جارێکی دیکە لەدیالۆگەکانی لۆسیان دا بەشێوەیەکی کۆمیدیا بمرنەوە، بۆچی رەوتی مێژوو بەم جۆرەیە؟. بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بتوانێ مالّئاوایی لەخۆشی و شادی رابردووی خۆی بکات".(66).

فکر هەمیشە لەگەلّ خۆیدا کێشەی هەلّگرتووە، جوانی و جوانیناسی کێشەیەکی دیکەی فکرییە، چونکە جوانی بوونێکی بابەتی رەهایە کە لەسەرووی بیرکردنەوەی لۆژیکییەوەیە، بەوپێیەی ئەگەر جوانی بەشێکی ماتریالّی بێت، بەشەکەی دیکەی ئایدیالیستییە، بۆیە لەنێوان ئەو دوو بیرۆکەیە بۆ سرووشت و بۆ جوانییە دەستکردەکان، شتێك هەیە ناوی چێژە کە هەندێکجار مرۆڤ چێژ لەنامەعقولّ و نالۆژیکی دەبینێ، نموونەی ژیانی قەرەج و ژیانی بەشێك لە کۆمەلّگەکانی هیند و ئامریکای لاتین و ئەفەریقا کە هێشتا نەگەیشتوون بەعەقلانییەتی مۆدێرن و تەکنۆلۆژیا و نەچووەتە ژیانی کۆمەلّایەتییانەی باوەوە، یان ئەو کارەکتەرانەی کە ریسك دەکەن و خۆیان دەخەنە شێوازی

مەترسییەوە لەپێناو ئەزموونکردنی ژیان و چێژ وەرگرتن لەشێوەیەکی دیکەی ژیانی نا ئاسایی.

بە لۆژیك کردن و چارەسەرکردنی ئەم بابەتانەش تەنها لەچاودا کۆناکرێنەوە و یەکلایی نابنەوە کە بەشێکن لەکەرەستەی بینین و تەماشاکردن، بەڵکو کێشەکە لەبیرکردنەوەدایە کە پەیوەندی بەسۆسیۆلۆژیاوە هەیە، بۆ نموونە مرۆڤ بەوپێیەی کائینێکی کۆمەڵایەتییە و ئەگەر بەتەنهاش بێت وەکو ئەوەی پێشووتر گوتمان، بەهۆی ئەوەی لەرێگەی جووت بوونی دوو رەگەزەوە هاتووە، ئەمەیە کە دەیسەلمێنێ مرۆڤ ناتوانێ بەتاکی بمێنێتەوە و دواجار دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵ، کەواتە مەحکوومە بەکردەوە و پەیوەندییە جۆراو جۆرەکانی دیکە دەبێت کە بەشێکی زۆری سیمبولەکانە، بۆیە مەحکوومە بەوەی چۆن دەتوانێ خۆی لەشێوازە شازەکان ئەزموون بکات و جوانی بدۆزێتەوە و چۆن بارگاوی بکات بەعەقڵەوە، یان بەهۆی ئەوەی ژیانی لەوەتەی هەیە شێتەڵگەراییەکی دووبارەیە و هیچ جەدوایەکی نییە، هەر ئەوەی کە دەبینین کارەکتەری ریسککار درووست بوون کە ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ چێژ وەرگرتن لە شیوازێکی دیکەی بیرکردنەوە لەژیانی ئاسایی.

"ژەنیار دووبارە ئەو ئاهەنگە شاراوانە لەسرووشتدا درووست دەکاتەوە، بۆ ئەوەی سەمفۆنیایەکی رەسەنمان پێشکەش بکات، لەهەر ئاوازێك لەئاوازەکانی

جیهان بێ وێنە بێت، لەکاتێکدا جیهان هەرگیز بێدەنگی یان ئۆقرەگرتن ناناسێت، چونکە خودی ئۆقرەگرتنەکە بەبەردەوام ئاوازگەلێك دەلێتەوە، بەپێی لەڕەی تایبەت کە سرووشتی خۆی لەتوانستی دەرککردنماندا دەردەپەڕێت، وەختێك دەبینین مۆزیك چەندین سەمفۆنیامان پێشکەش دەکات".(67).

ئێمە نازانین کە ژەنیار چەندە لەجەنجاڵی ئالۆزیدا دەژی تاکو بەرهەمێك پێشکەش بکات نەك تەنها بۆ خۆی، بگرە بۆ سرووشتیش کە شێوەیەکە لەسوپاسگوزاری، ئەوکاتەی مرۆڤ بەئاوازێك ئارام دەبێتەوە، ئەوکاتە دەبێ بیر لەداهێنانەکە بکاتەوە کە ئەو ئیستاتیکایە لەخۆڕا بەرهەم نەهاتووە.

ئەگەر شتێك کە بینین و تێفکرین دیاری بکات، درووست پەیوەندی بەچاو یان گوێچکەیەکی هەستەوەر و هۆشیارەوە هەیە، یەعنی کەسێك ئەگەر هۆشیاری لەبارەی فکرەوە نەبێت و بیهەوێ نهێنی چەمکی جوانی پێناسە بکات و ورد نەبێت لەشتە بچوکەکانی سرووشت، یان ئەو شتە بچووکانەی کە لەماڵ و یادەوەری منداڵیمان روویداوە و تۆمارکراوە نەیاتەوە بیری و وێنای نەکاتەوە و تەوزیفی نەکاتەوە لەکارێکی ئەدەبی و هونەری، یان لانیکەم تەوزیفی نەکاتەوە لەکردەوەکانی رۆژانەیدا و لە سایکۆلۆژیایدا رەنگنەداتەوە، مەحاڵە بتوانێ لەجوانی تێبگات و بتوانێ پێناسەی بکات، ئێمە بتوانین بەپێی تیۆرەکانی ئەرستۆ و هیگڵ و گاستۆن باشلار و هتد پێناسەی جوانی بکەین، چونکە

لەدەرەوەی ئەوان خاوەنی ئەو تیۆرە نین کە بەسەر تێکست یان کارێکی هونەریدا پراکتیکی بکەین، بەڵام ئەمە تەنها کۆپی تێفکرینە و هیچی تر، تێفکرینیش لەمەزنێتی هەردوو بەرهەمی سرووشتی و بەرهەمی داهێنان و کردەوە داهێنانەکان، ئەو سەرسامییەیە کە پرسیاری ناماقوڵ بەرهەمدەهێنێ و وەڵامەکانیشی لە خۆی نالۆژیکیترن، چونکە هونەر هەروەك چۆن لەشتی بچووکەوە دەستپێدەکات، ئاوهاش لەپرسیاری بچووکەوە دەڕوانێتە ئەو دەرهاویشتانەی ژیان، چونکە فەلسەفە سەرەتا لەپرسیاری بچووکەوە دەستپێکرد و بە پرسیاری گەورە خۆی پراکتیك کردووە کە ژیان چاوەڕێی فەلسەفەی ژیانە لەدەرەوەی بوونەوەرەکانی سرووشت.

بەبڕوای من بەهەڵەدا دەچین ئەگەر شتە بچووکەکان گرێنەدەین بەیادەوەری و خەیاڵەوە، هەروەها ئەو خەیاڵە نەکەین بە ڕاستی و جارێکی دیکە بەچاوێکی هۆشیارەوە تەماشی نەکەینەوە، گەمە و هەڵە ناباوەکانی منداڵی و شەڕکردن لەسەر شتە بێ بەهاکانی ژیان و مەکر و ناز و ویستە غەریزەییەکان و چێژوەرگرتن لەو شتە بچووکانەی کە بەدەستهێنانیان مەحاڵە و یاخی بوون و وڕك گرتن و هتد، بەشێکن لەو یادەوەرییانەی کە خەیاڵێکی ئیستاتیکی تێدایە بۆ گێڕانەوە و کردنیان بەدەقێکی شێوەکاری یان چیرۆك و شیعر و هتد.

بیرتیژی منداڵی بۆ یادەوەری و بەتایبەتی خودووگرتن لەگەڵ شتە بچووکەکان، یەکێکە لە تێڕوانینەکانی رابردوو بۆ جوانی، ئەو جوانییەی کە لەزەمەنێکی جیاوازدا ناشیرینە بەپێی تێڕوانینی ئەخلاقی بێ بەهایە، ئەم تێڕوانینە خاڵییە لە ئیستاتیکا، بۆیە هەمیشە لەفکری پەراوێزخستنی شتە جوانەکانە.

گاستۆن باشلار لەکتێبی (جمالیەت المکان)، پێی وایە هەموو شتە جوانەکان لەهەناوی شتە بچووك و وردەکاندا دێنەدەرەوە، ئەو شتە وردانەی کە بۆ مرۆڤ دەبێتە بەشێك لەو فەزایەی کە شتە وردەکان دونیایەکی تایبەتن، یان خەیاڵێکی تایبەتی بێ سانسۆڕن، خۆی دەڵێ " ئەگەر پرسیارم ئاراستە بکەن بۆ دەستنیشانکردنی سوودە سەرەکییەکانی خانو یان ماڵ، (بێگومان لەلای من ماڵ پارێزەرێکە بۆ زیندەخەونەکانم، ماڵ کەسانی خەیاڵ پڵاو دەپارێزن، بوار بۆ مرۆڤ دەکاتەوە بەهێمنی و بەبێ ترس بخەوێت، رووداوێکی بچووك لە کاتی منداڵیدا رووداوێکی بچوك لەجیهانی هەر منداڵێکدا، رووداوی جیهانیی منداڵەکەیە) بۆ نموونە وەکو ماڵۆچکەی منداڵان کاتێك گەمەی تێداکەن و خۆیانی تێدا حەشاردەدەن و دواتر خۆیانی تێدا دەدۆزنەوە و موڵکییەتی بۆ درووست دەکەن، ئەو تۆپ و جل و بەرگە وەرزشییەی کە منداڵی هەژار لەزەمەنی خۆیدا ناتوان بەدەستی بهێنن و گەمەی پێبکەین و خەونەکانیان پێتەدی، ئەو مەلەوانگانەی کە بەخەیاڵ وێنا دەکرێت و لەبری ئەوە پاشماوەی ئاوی زستان

بەکارهاتووە، من بۆ خۆم نموونەی منداڵانی کەرکوك و بەکارهێنانی رووباری ئاوی خاسەی کەرکوکم هەیە، کە بەنیسبەت منداڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەبیر خۆمی دەهێنمەوە بۆ نووسین، یان بۆ نۆستالیژیا و یادەوەرییەکی مەزنی منداڵی، دوای ئەوەش راوی ریشۆڵە و مەلەوانی کاتی پشووی قوتابخانە و شەڕی گەڕەك بە گەڕەك و هتد، یان ئەو گۆشە نادیارانەی ژیانی ماڵی بچووك و بەرتەسك بەتایبەتی ماڵی کوردی کە هیچ ئازادییەکی تاکی تێدا نەبووە بەدرێژایی ژیان، ئەو فەزا بچووکانەی کە لەگردۆلکە و شاخی بچووکدا و لەگەمەی نێو ماشینە شکاوەکاندا وەکو (پیتەر برۆکی) تیۆریستی شانۆ باسی دەکات، ئەو گەشتانەی کە لەنێوانی شارەکان لەچەند کیلۆمەترێکەوە بۆ بینین و خەیاڵی منداڵی دەبوون بەدەیان فرسەخ و میل و هتد، هەموو ئەمانە بریتین لەجوانی شوێن و ئیستاتیکای جوگرافیای شوێنی بچووك، کۆکردنەوەیان قەبارەی گەورە درووست دەکەن، ئیدی یان بەنووسینەوەیان یان بەتابلۆ یان بەسیناریۆ لەئارتێکدا دیکۆمێنت دەکرێتەوە، هەموو زەمەن و چرکە ناخۆشەکان لەبیر دەچێتەوە و بەپێچەوانەوە لەحزە ئیستاتیکییەکەی دەبینرێت.

"ئاشنا بوونی مرۆڤ یەکەمجار بەو شوێنانەیە کە ئیسنان تێیدا ژیاوە، چونکە خۆشترین و کەم چەوسانەوەترین کاتی ژیان و هەست بەلێپرسینەوە نەکردن و باوەشی پڕ لەسۆز و گەرمی دایك و باب و یاری کۆڵان و پەیوەندی برادەری و

گەلێ شتی تری تێدا تۆمارکراوە، ئەمانە بەدەگمەن دووبارە دەبنەوە، جا مەرج نییە ئەو شوێنە ماڵ بێت، دەشێ ژوورێك یا گەڕەکێك یان شەقامێك یان باخچەیەك یان شارێك بێت، لەرۆمانی (احدب نوتردام) پشتکوڕەکەی نۆتردام ی ڤیکتۆر هۆگۆدا، کلێسا کە ماڵی منداڵی (کوازیمۆدرۆ) قەمبوورەکەیە کە گەورەش بووە، هەر ژیانی تێدا بەسەر دەبا، هێند هۆگر و دەستەمۆی بووە، لای ئەو شوێنەکە بووەتە (هێلکە و هێلانەو ماڵ و نیشتیمان و جیهان)".(68).

مرۆڤ لەگەڵ هۆگربوونی بەو شوێنانەی کە دەبێتە یادەوەری بۆ دوای گەورەبوونی، ئامادەیە جارێکی تر قوربانی بۆ بدات و بگەڕێتەوە ئەو هەستە خۆشە لەدەست نەدا، بۆ نموونە لەدەستدانی ماڵ و لەدەستدانی دایك و باوك و ئەو شتە بچووکانەیە کە لەماڵەوە بووە بەهۆی بوونێکی گەورە لەنێو دونیایەکی بچووك، لەدەستدانی شار لەدەستدانی شتی بچووکە لە دونیایەکی گەورەدا کە جیاوازییەکە لەشوێن و کاتدایە، بۆ لەدەستدانی نیشتیمانیش نیسبەت بەئایدیای کەسەکە، مانای لەدەستدانی هەموو شتێکە، چونکە شوێنێك نامێنێت بۆ دۆزینەوە و ئاشنا بوون بەیادەوری رابردوو، هۆلۆکۆست بۆ جووەکان و ئەنفال بۆ کورد لەدەستدانی دوو شوێنی گەورە و فراوان و پڕ لەیادەوەری بوون کە بتوانن جارێکی تر نموونەی نەتەوە و ئاینێکی وەکو کەمینە تێدا بەرهەمبهێننەوە.

تەنها شتێك توانی ئەو كێشەیە زیندوو بكاتەوە، یان بیكاتەوە بەمێژوو و بەنۆستالیژیا و یادەوەری، ململانێ و دووبارە بوونەوەی زەمەنێكی لەدەست چوو بوو كە دەرفەتێكی زیندوو كردنەوە بۆ سەلماندنی بوونێكی تر، یەكێكیان بەدەست نازیزم و ئەویتر بەدەست بەعسیزم، ئەم نۆستالیژیایە وەكو لایەنێكی جوانی مێژوو كە بۆ دیكۆمێنت كردن و زیندووكردنەوەیان لایەق بوو، یەكەمیان لەرۆژهەڵات و ئەویتر لەرۆژئاوا بوو كە دوو دیمەنی سیاسی و ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی جیاواز بوون، ئەمە بەشێكی زۆری لەبابەتی ئەخلاقی داگیر كردووە لەنێو جوانیناسی بۆ دیاردە و شتەكان و رووداوەكان.

ئەدۆنیس لەبابەتی شیعردا باسی منداڵێتی شیعر دەكات كە بەمانای گێڕانەوەی نائاگاهی دێت، یان نووسینەوەی خەیاڵی منداڵی دێت لەو وێنە نەجوڵاوانەی كە رابردوو تۆماری كردوون و لەیادەوەریدا هەمیشە وەكو ئەزموونێكی جوان ئامادەیە، یان ئەو تاكرەهەندییەی كە بۆ شێوازە سۆسیۆلۆژییەكان لەلای مرۆڤی تاكڕەهەند هەیە و هەموو شێوازەكان بە تێڕوانینی خۆی لەمەودایەكی كورتدا دەبینێ، داگرتنی نێوەڕۆكی پەیامی تێكستی هونەری و ئەدەبی، شێوەیەكە لەجوانیناسی گشتی و گشت، چونكە بە دیدگایەكی سادە و ناهۆشیارییەوە مەبەستی كارەكە دەبینن.

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، دەبینین هەندێك کاری هونەری ئەندازەی بیرکردنەوە دەگۆڕێت و رووتی دەکاتەوە کە لەدوای سەردەمی گەشەی سەرمایەداری بەشێواز و ناوەڕۆکەوە یەك واتایان وەرگرتووە، لەحاڵێکدا شێواز و ناوەڕۆکیش دوو جەمسەری جیاوازن بۆ هونەر، بەو مانایەی یەکێکیان چەندایەتییە و ماتریاڵییە و ئەویتریان چۆنایەتییە و ئایدیالیستییە، هەریەك لەوانەش بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندییەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە نهێنی خۆ بەرهەمهێنانەوەی سرووشت سەلمێنەری راستەقینەی ئەو لۆژیکییە کاتێك لەگەڵ یەکەکانی سرووشتدا مامەڵە دەکەین، ئەوکات تێدەگەین چەندایەتی و چۆنایەتی لەچەند پنتی دیاریکراودا جیاوازییان هەیە.

ئامانجی جوانیناسی هەمان ئەو تەبابییەی هەیە، بەڵام هارمۆنیای تێکستەکە ئەگەر سرووشت بێت یان کارێکی هونەری، مەبەستە جیاوازەکە دیاری دەکات، سڕینەوەی ناکۆکی نێوان ئەو دوو پانتاییەی کە ژیانی تاك و جیهانبینی تاك دەگۆڕێت، لەلایەك ئەو ئازادییە دەپارێزێت کە دوورکەوتنەوەیە لەتێڕوانینی گشت، لەلایەکی دیکەوە بەرهەمی هونەری لەدەستی کۆمەڵگە و رواڵەتە ئەخلاقییەکان دەپارێزێ و نایکات بە موڵکی تایبەتی، ئەم هەقیقەتە بۆ پاراستنی جوانی هاوئاهەنگی یەکێتییەکی مانادراری هەیە بۆ هەردوو ئایدیاکە کە دژی چەواشەکردنی جوانی راستەقینەن لە تێکستی دەستکرد و سرووشتگەرایی

لەلای هونەر. بۆیە ئەو گەشەیەی کە سەرمایەداری لەرووی ئابورییەوە بەخۆیەوە بینیویەتی و هەموو شێوازە جوانەکانی لەجەوهەرێکی بۆشدا کۆکردۆتەوە و داپۆشیوە، ئەمە پانتاییەکی خەیاڵییە لەپێناو کوشتنی ئەو ڕاستیەی کە جوانی بەرهەمدێنیّ لەنێو دیاردە ناشیرینەکاندا، لێرەدا سەربەخۆیی لەئایدیادا بۆ تێڕوانینی ڕاستییانەی جوانی هەستی پێدەکرێت و دەزانین جوانی چییە و مانای چییە، لەحاڵێکدا رەنگە ئەم چەمکە زیاتر لەمانایەکی هەبێت.

گەمەی زمان بەتەواوەتی بەشێکی گەورە لەپانتایی ئیستاتیکا داگیردەکات، کەچی سەیر لەوەدایە کە بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، (فینگشتاین) فەیلەسوفێکی زماننسای ناسراوی ئەم بوارەیە و بەپێچەوانەی مارکسەوە کە دەبوو فەلسەفە جیهان بگۆڕێت، ئەو بڕوای وابوو کە چیتر فەلسەفە دەستبەرداری شرۆڤەکردن بێت و جگە لەلێکدانەوە بۆ چەمك و گرێمانەکان، لەبارەی زمانەوە پێیوایە زمان پێناسەیەکی گشتی نییە و لێکیش جیانەکراوەتەوە و وێنەکانیش شێوازێکی جێگرەوەی شتەکانی ترە، ئەو دەڵێ" وێنە ئەوە نیشان دەدات کە دەیخاتە روو، بەبێ گوێدانە راستییەکەی یان هەڵەکەی، ئەوەش بە هۆی شێوازی کۆپی کردنەوە دەبێ، ئەوەی وێنەکان نیشان دەدات واتاکەیەتی".(69). هەروەها لەبارەی زمانیشەوە دەڵێ" گەمەی زمان وەکو گەمەی کەرەستە پێویستەکانی ژیان وایە، خودی گەمە لێرەدا

نموونەیەکی باشە بۆ بەکارهێنانی جیاجیاکانی وشەیەك، بۆ نموونە باسەکەش وەکو شەترەنج و زارو مار گەمەیە، بەڵام ئێمە دەتوانین قسە لەبارەی گەمەیەکی سۆسیۆلۆژیا، یان پرۆژەیەکی کۆمەڵناسی بکەین، یان بڵێین خەڵك دەتوانن فریوم بدەن، یان بەپێچەوانەوە".(70).

باڵزاك لەرۆمانی (باوکە گۆریۆ) وەسفێکی ڕاستی هونەری داوە بەتێکستە درامییەکانی، هەروەها ئەو گوتارەش کە بەرگرییەکی مرۆڤی جوانە لەچینی هەژاری ئەو سەردەمە کە جوتیارەکان سەرمەشقی ئەم چینە کاریگەرە بوونە، هەر لەبەر ئەمەش بوو (ئەمیل زۆلا) بەرگری لەتێکستەکانی دەکرد، چونکە توانیبووی داستانی هاوچەرخ درووست بکات لەچوراچێوەی ئستاتیکایەکی ئەدەبی و هونەری، ئەگەر بە خەیاڵیش بێت، لەو چێژە ئیفلاسییەشەوە کە لەنێو کەسایەتییەکی تری پایە نزمەوە کەسێکی مەزن دەربخات، وەختێك دەیویست بەپێ خاوسی بەسەر شۆستەکانی پاریسدا ڕێبکات و دڵنیایی بدات بەکەسایەتییەکانی دیکەی ترسێنراو، هەروەك چۆن هۆمیرۆس ی داستاننوسی یۆنانی لەتەروادەدا کردی و لەرێگەی ئەسپێکی دارینەوە شۆڕشی کرد و بوو بەنموونەی بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکان تا کۆتایی ڕێنیسانس، ئەمە مەرجی نموونەی شازی ئەدەبە کە جوانیناسی بەسەر پراکتیك دەکرێت، "ئێمە لێرەدا پێویستمان بەئەدەبی ئەخلاقی هەیە تاکو رەخنە بگرێت، یان دەقێکی جوان بخوێنێتەوە،

چونکە بەبێ ئەو ئیلتیزامە ئەدەبییە. مومکن نییە مرۆڤ ئازاد بکرێت دەقێکی جوان بدۆزێتەوە، هەر ئەمەیە کە هونەر دەکەوێتە ژێر بوارە مەعریفییە ئەخلاقییەکانەوە".(71).

جوانی چ لەخودی هونەر یان لەوێناکردنی ڕاستی بۆ خەیاڵ لەنێو تێکستدا کێشەیەکی نەبڕاوەیە، بەپێی فەلسەفەی کانت، هەمان تێڕوانینە، ئەمەش نەك بۆ کێشە مرۆڤییەکانی دیکە ڕێگاچارە بێت، بەڵکو خۆی بەشێکە لەکێشە، هەروەك چۆن کێشەی هونەر خودی هونەر خۆیەتی، کەواتە بابیر لەهونەرێك بکەینەوە کە هونەر نییە، ئەوەی لەکتێبخانەکان و مۆزەخانەکاندا هەیە، جوانن و لەگەڵ زەمەنی خۆیاندا ڕۆیشتن، جوانتر ئەوەیە ئەو جوانییەی کە ماوە، بیخەینە سەر لیباسی کرێکارێك بۆ ئەوەی چیتر نامۆ نەبێت لەوەی بەرهەمەکەی بۆ خۆی نییە، یان بۆ کەسێکی (هۆم لێس)، واتە (بێ نەوا) کە پێویستی بەوەیە لەو هەموو ناهەمواری و ناحەزییەی ژیان جوانییەك وەکو تروسکاییەك بۆ ژیان و ئومێد ببینێتەوە، یان ئەوەی بیکەین بەکەرەستەیەك بۆ ئەو کۆچبەرانەی کە بوون بەکاڵای بەنرخی قاچاخچی سەردەمی دوای جەنگە نەبڕاوەکانی ڕۆژهەڵات کە بەردەوامی هەیە، هەڵبەت وێناکردن یان دروستکردنی وێنە لەسەر سینگی کرێکارێك، یان کۆچبەرێك کە تەنها بۆ ڕەوینەوەی نامۆبوون و بێتاقەتی و زەحمەتی ژیان نییە، بەڵکو بۆ نیشاندانی ئەو فەزا ناحەزەیە کە دروستکراوە و

مرۆڤ کراوە بەکاڵای هەمیشەیی ئەو جەنگانەی کە سووەکەی بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان هەیە، دواجاریش هەر ئەو کۆمپانیانە خۆیان بەفریادڕەس و بەفریای کۆچبەر و کار بۆ بێکارەکان دەدۆزنەوە وەکو ئەوەی خێریان پێبکەن، لەوانەش ترسناکتر ئەو پرۆژە سینەماکارانەی کە لەدوای جەنگەکان دەچن سینەمای دیکۆمێنتاری، یان سیناریۆ لەسەر ژیانی ئەو کۆمەڵگایانە درووست دەکەن و بەخودی کرێکاری بێکار و کۆچبەرەکانی دەفرۆشنەوە، لەوێوە دەردەکەوێت کە ئەو فەزایە بۆ جوانی نییە کە پێی دەگوترێت هونەری حەوتەم، بەڵکو ئەوان بەشێکن لەو بازاڕە سیاسییە ئابورییەی کە سیستمی سەرمایەداری هاوچەرخ زەمینەی بۆ سازکردووە و ئەوانیش بازاڕی پێوەدەکەن و قیمەتە جوانییەکەی لەبەین دەبەن.

## ڕێژەگەرایی و ڕەهایی

سەدەیەك دەبێت ئەم كێشە زانستیە فیزیائییە چارەسەر بووە كە ئایا هەموو شتێك ڕەهایە یان ڕێژەییە، وڵامەكەی ئەوەیە كە بەڵێ ڕێژەییە و تیۆرەكە لەلایەن ئاینشتاینەوە شرۆڤەی بۆكرا و وڵامی پێدرایەوە، ئێستا خەریكە لەڕێگەی تیۆری نوێوە دووبارە سەرهەڵدەداتەوە، چەند گروپێك لەئاستی دونیا لەبواری ئەدەب و هونەرەوە جارێكی تر بەرەهایی قسەدەكەن.

(ئیریك شێوان) كلیلی سەرەكی ئیستاتیكایە كە چەمكی شێواز واتە ڕواڵەت، بەكێشەیەكی دیكەی تیۆرییەوە گرێداوە كە ئەمە لە فەلسەفەشدا مەبەستی ڕزگاربوونی ناكۆكەكانە لەگەڵ یەكتر، كێشەی شێوازێكی هونەری كە گوتارێكی نادیاری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بچمگیری دەوڵەت لەشێوازێكی جواندا و لەناوەڕۆكێكی ناشیرین، وەكو ئەو خانووەیە كە لەدەرەوە هەموو پایەكان و جەستەی مەڕمەڕ بێت، كەچی ژوورەوە پێچەوانەوە، چەمكی شێواز بە شێوەیەكی تیۆری هاوكاری دوو چەمكی فەلسەفی كردووە كە دوالیزمە وەكو پێشتر ئاماژەمان پێیدا، بەڵام پێدەچێ هەر ئەم چەمكە مانای سێیەمی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت ئەویش ناوكۆییە واتە نێوەندگیریە، ئەم توخمە میكانیزمێكە

بۆ بالانس کردنی هەر دوو مانای جوانی و ناشیرین، بەو مانایەکی پانتاییەکی روونتر لەهەردوو مانا رەهاکە، ئەمەش دینامیکیەتێکە کە هەم هونەر و ئەدەب بەرهەمی هێناوە و هەم عەقڵ بەرهەمی هێناوە، لەئەدەبدا بێکت و کافکا لەناجۆری ئەدەبی ڕاستی و بیٚ ناوکۆیی، لەفەلسەفەشدا بەرهەمهێنانی چەمك کە مەبەستی گۆڕینی فکرێکی دیکەی هەڵگرتووە لەگەڵ خۆی، لەهەردوو بارەکەشدا شێواز هەندێکجار خۆی نەفی دەکاتەوە، بەومانایەی کە پەراوێزەکانی خۆی لەزیادبوونی پرۆسەی بژاردەکردنی شێوازێك لەبری شێوازێکی دیکە بەتایبەت لەبازاڕدا، هاوبەشییەکی دیکەی ئەو ناکۆکییە دەبێت کە بەناوی جوانیناسییەوە خۆی دەکات بە دژی خۆی، تا ئەو رادەیەی کە لەپێناو بەرهەمدا شێواز دەکات بە قوربانی شێوازێکی دیکەی دژە شێواز، واتە نەئەمیان و نەئەویان، بەمانای پنتێکی نێوەندگیری لەنێوان جوانی و ناشیرینی بەزمانە گشتەکەی، ئەمە پنتێکی دیکەی رەتکردنەوەی رەهایی ئیستاتیکییە بۆ شتەکان و دیاردەکان.

رەنگە هەندێکجار کەڵکەڵەی ئەوە بکەوێتە سەرمان و توندڕەوانە بەرەهایی لەباری شتەکانەوە بۆچوون بخەینەڕوو و لەوێشەوە ئیستاتیکا بخەینە دەرەوەی مەرجە بنەڕەتییەکانی دەرککردن، لەوەش بترازێت گومان کردن لەقالبْدانی کاری هونەری و دووبارە پێکهێنانەوەی جۆرێك لەهەمەکییەت بۆ ئیستاتیکا، بەلام هاوسۆزی بۆ شتێك کە لەخودەوە سەرچاوەی گرتبێت ودەلالەتی ئیستاتیکی

وەرگرتبێت، هەر دەبێت ئەو خودە ڕەهاگەرە بەناچار خۆی لەسەر ڕووداوە مادییەکان بونیاد دەنێت، بۆیە دیسان نابێت بیرمان بچێت خاڵێك کە مەرجە باس بکرێت، کەواتە جوانی هەموو کات و بەهەموو لۆژیکێك چەمك نییە و ئاکتێکی سرووشتییە، بۆیە هەندێکجار شیکاری زانستی دەوێ کە لەنێوان ڕێژەگەرایی و ڕەهاگەرایی یەکێکیان هەڵبژێرین، ئەگەر ئەم جۆرە شیکارییە نموودی کاری دەستی و فکری وەرنەگرێت.

ئەم باسە لەپیشووتردا تاوتوێمان کردوو ئارگومێنتم بۆ هێناوەتەوە، هەڵبەت باسی ئەو ئاکتە دەکەم کە نابینرێت و دەرکی پێدەکرێت، ئەمە ئەگەر چاوێکی هۆشیاری لەپشتەوە نەبێت یان لانیکەم وورد نەبین لە تێڕامان بۆ ئەو ڕاستیە سرووشتییەی لەبەردەستە، ئەم بۆچوونە بەومانایە دێت کە جوانی بەهەموو پێوانەیەك ناپێورێت جگە لەتێڕوانینی هونەری، چونکە جوانی ئەزموونێکە لەرێگەی چەمکەوە دەرکی پێناکرێت و پێناسە ناکرێت، "ئیستاتیکا یەك ڕەسەنایەتی نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی پلەبەندییە و بۆیە دەپرسم لەپێکهاتەی ڕێژەگەرایی بەو پێیەی کە تێبینی دەکەین هەندێك لەپرنسیپە هاوبەشەکان دەکەم لەهونەری توندترین جیاوازیدا، هەروەها لەئیستاتیکادا وەکو چەمکێکی زانستی بۆ هونەر کە ئەگەرێکی کراوەیە، ململانێیەکی (ئەنترۆبومورفییە)، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە لەسەرمانە خۆمان ئازاد بکەین لەو سنوورەی

ئەگەرێکە لەسەرمان کە دەرکی هەستەکیمان بۆ شێوەی بیرکردنەوەمان دەبات".(72). واتە دەبێ لەشێوازی هەستەکییەوە بەرەو شێوازی بیرکردنەوە بچین، ئەگەر عەودالی دونیایەکی جوانیمان هاتە پێش، ئەم عەودالییە لەدونیای زانستیشدا هەر هەمان بەهای هەیە، ئەگەر زانست بەرهەمێکی جوان پێشکەش نەکات، وەکو ئەوەی لەپێویستی رۆژانەدا پێشکەشی کردووە، چ بەهایەکی هەیە جوانی لەچوارچێوەی روح دا کۆبکرێتەوە، یان نەبێتە ماتریالێکی بەرجەستە.

ئێمە ناتوانین جوانی رەها بکەین، هەروەکو ئەوەی خۆی هەتا زاڵ نەبێت بەسەر زەیندا ئیدراکی هەستەکی نەیکاتە سیفەتێکی هەمیشەیی، بۆ ئەوەی عەقڵ بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو جوانییە، ئەوا رەهایی وەرناگرێت، چونکە جگە لەخەیاڵ لەڕاستیدا جێگەی نابێتەوە "بەپێی شیلینگ بێت ئەم هەڵوێستی ئیستاتیکییە، هێزێکی داهێنەرانەیە کە دەرکەوتەیەکە لەناوەخنی ئاڵوگۆڕدایە، یان لەبەسەردا زاڵبوونێکی ئاڵوگۆڕکەری خود دایە، بابەتی ئەوەی کە هەڵوێستەکەی ئاشکرا دەکات و هەڵیدەسەنگێنێ، ئەگەر بەربەستی ئەو پنتە بێت، بۆ سەلماندنی ئەمەش لەرووی مرۆڤییەوە کۆمەڵێك سیفەتی فیعلی تێدایە کە تەنها عەقڵ و ئیدراکی هەستەکی داوای دەکات کە رەهایی نییە".(73). بەپێی لۆکاش بێت ئەو ئیستاتیکایە کە هەڵوێستێکە بەرامبەر ئاڵوگۆڕ لەخوددا و چالاکبوونی عەقڵ تێیدا، شیلینگی کردووە بە پێوەر، چونکە ئەو هەمیشە

لەبارەی هەڵوێستی خود بەرامبەر بەچاکەکاری مامەڵەی کردووە، لێرەوەیە کە ئیستاتیکا مانایەکی دیکەی وەرگرتووە وەکو ئیدراك بەرامبەر هەستەکانی تری مرۆڤی، هەروەها سرووشتی رەنگدانەوە لەلای لۆکاچ دەبێت بچێتە ژێر باری پێوەرە ئیستاتیکاییەکانی هونەرەوە، بۆ نموونە کۆمەڵگە و دیالیکتیکە مێژووییەکەی، بەچوونە ناو بونیادی کاری هونەرییەوە وەردەچەرخێت، هەتا لەگەڵ پێوەرەکانی ئیستاتیکای کاری هونەریشدا دەگونجێت، ئیدی تێگەیشتنی ئیستاتیکانە بۆ ڕاستی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، تەنها کاتێك کاریگەری لەسەر ئەدەب دەبێت، ئەگەر پڕاوپڕ ئەدەبی لەخۆیدا جێکردبێتەوە، بەمەش هونەر سەربەخۆ دەبێت، رەهەندی ئەم تێگەیشتنەش ئەوەیە کە هەمیشە چاومان لەداهاتوو بێت.

بەم پێوەرەش بێت کە رێژەگەرایی بۆتە پێوەر بەرامبەر چەمکەکە، شتێك دێتە پێشەوە، ئەویش خۆپاراستنە لەچەمکسازی، واتە ئەخلاقێك کە عەقڵ مەبەستێتی هاندەری بینین، ئەمەش بۆ چاو وەکو ئەرکێك بۆ ئەندامێکی چالاکی جەستە بەرامبەر شتەکان و هەڵوێستەکان، ئەمە بەشێکە لەتێڕوانینی چاوی هۆشیار بۆ سرووشت و کەرەستە ئیبداعیەکان. لێرەدا مەودایەکی کاتی هەیە کە پێی دەگوترێت (بدیعی)، واتە کاری داهێنەرانە، ئەم تێگەیە لەلای هەندێك بەتێڕوانینی شەیتانی ناودەبرێت، چونکە خزانی شتی بچووك واتە دونیای شتە

بچووکەکان بۆ نێو دەقێکی گەورە و باڵا، وەکو (د.عەلی ئەلوەردی) کۆمەڵناسی عێراقی لە کتێبی (الادب الرفیع) دەڵێ " هەموو دەقێکی باڵا زیاتر لە تێڕامانێکی گەرەکە وەکو ئەوەی ئەدەبی یۆنانی و جاهیلی و ئەفسانەی کۆمەڵگەکانی وەکو هیند وچین و ئیتاڵیا و میسر و ئێران و هەموو دەوڵەتە رەسەنەکان هەیانە، رەنگە هەر ئەمەش بێت کە زیاتر لەئەفسانەیەك لەدونیای ئەو کۆمەڵگە رەسەنانەدا هەیە".(74).

هەموو ئەو یەکەانەی ژیان پێکەوە دەبەستێت، پاکێجێکی گەورە لەژیاندا پێکدەهێنن و هەرکامیان لەیەکتر دابڕێن، کەمایەسی درووست دەبێت، یان لانیکەم نەبوونی لەشوێنێکدا کێشەیەکی ئیستاتیکی درووست دەکات، یان هیچ نەبێت نەبوونی چێژێکە لەژیان، هەروەك ئەوەی ئەو وڵاتانەی کە لەرووی جوگرافییەوە وشکەڵانن، یان دەریایان نییە، هەم کێشەیان هەیە بۆ پێداویستی ژیان و هەم کێشەی ئیستاتیکی ژیانیان هەیە و هەم کێشەی کەمی فیتامین و تەندروستیان هەیە و هەم مەحرومن لەگەمەی سەر دەریا و روبارەکان وەکو ئەوەی لە رۆژئاوا هەیە، یان بەلانیکەمەوە ئەو خەیاڵەیان نییە کە کۆمەڵگەیەك لەسەر دەریا دەژی و ئەزموون و یادگاری زۆری لەگەڵدا هەیە، پێەوانەکەشی راستە زۆر لەو وڵاتانەی کە دەریایان هەیە، کەچی جیهانبینیان جوان نییە بۆ ژیان و بگرە دەقی واڵا و هونەری ئیستاتیکیان نییە، یان ئەوەی دەقێکی

کراوەی وەکو هەزارو یەکشەوەیان نییە کە ئەم دەقە لەرۆژهەڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە نەك رۆژئاوا.

هەندێکجار ئیستاتیکا فەلسەفەی بەرژەوەندخوازی بەسەر پەیوەندی هونەر و ئیستاتیکادا زاڵ دەبێت، "خاوەنی تیۆری هونەر بۆ هونەر، جوانی بزر دەکەن و دەیکەنە دژی سوودگەرایی، بەبێ ئەوەی بەزەییان بەو جوانیانەدا بێت کە هیچ سوودیان نییە، لەکاتێکدا هەندێك جوانی و بابەت و شتی جوان زەرەر بەخشن، ئەگەر کەوچکێك وەکو پێخۆر و بەکاربەری خواردن، کردەیەکی جوانە و سوودی هەیە، بەڵام خۆی وەکو موفردەی ژیان هیچ جوانییەکی تێدانییە، زۆرجار بابەتێکی ئەدەبیش وەکو هەوڵێکی بچووك بەپێی رێگەیەکی سوودگەرایی، مانای جوانییەکەی نامێنێ، بۆیە مەرجی سوودگەرایی پێویستی کافی نییە، بۆیە هەردەم دەبێ جیاوازی لەنێوان هەردوو مەزهەبەکەی جوانی بکەین".(75). جوانی و بەسوودی بۆ ئەو کەرەستە و بابەتانە دەشێ کە پێویستی هونەر نین، کەوانەیی کەنیسە و گومەتی مزگەوتەکان و کۆمەوەبوونی تاقەکانی ئاتەشگای زەردەشتییەت و ئەشکەوتەکان زەرووڕەتیش بوون، لەسەردەمی خۆیدا هیچ بەرژەوەندییەکیان نەبووە و هونەریش نەبوون، دواتر بەهای هونەرییان وەرگرتووە و زەخرەفە و نەقشی دیکەیان بۆ زیاد کردووە، جەوهەری ئەم لایەنە لەئیستاتیکا جەوهەرێکی تێکەڵاوە و بەشێك بووە لەخەیاڵی ئەندازەیی

تەلارسازی کە دواتر هونەرێکی بەرهەمهێناوە بۆ گۆڕانکاری هونەری تەلارسازی، ڕەنگە ئەمەیان جێگەیەکی بۆ مەنفەعەتی هونەری ئیستاتیکی کردبێتەوە، بەڵام لەراستیدا جوانی هیچ بەرژەوەندییەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتووە، چونکە هەموو کەس دەتوانێ لەو جوانییە سابا تەلار نەبێت، ئافرەتێك یان پەیکەرێك یان پارچە مۆزیکێك کەرەستەیەك بێت و جوان بێت، هەموو کەس چێژی لێدەبینێت چ لە بینین و چ لەگوێگرتن، کەواتە موڵك نییە و کەمالیاتەکە بۆ گشتە، ئەرکی کاری هونەریش لێرەوە مانایەکی دیکەی پشت کارەکە وەردەگرێت، ئەویش جەخت کردنە لەو جۆرە هەڵچوونانەی کە چێژی تایبەتیان هەیە، بۆیە لەپێناو کارکردندا دەلالەتی زانینێکی ترمان چنگ دەکەوێ، ئەویش بریتییە لەچالاکی هزری.

مەنفەعەت لەسرووشتدایە، بۆ نموونە زۆر شتی کردووە بەدیاری بۆ مرۆڤ و ئومێدی پێ بەخشیوە، بەو پێیەش کە ژیان لەسەر یاسای دژەکان وەستاوە و هەموو دژەکانیش جوانی خۆیان هەیە، کەواتە جوان و ناشیرینیش هەیە ئەگەر بە لۆژیکی مرۆڤ تەماشای سرووشت بکەین، لەوانەش ئاو پێویستییەکی ژیانە و یەکەیەکی بەکارهاتووی بەردەوامی ژیان و زادەی سرووشتە، کەوتنە خوارەوەی ئاو لەئاسمانەوە، یان لەپانتاییەکی دیارەوە کە بەگەلی ناسراوە و دەیان گەلی جوانتر لەگەلی عەلی بەگ هەیە لەوڵاتانی جیهان وەکو ئەوەی لەوڵاتی

سویسرا و هیندستان و کشمیر و ئاسیا بەگشتی هەیە، بەفر جوانی تێدایە، بەڵام کە بەفر دەبێتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی ژیان یان داڕمانی بەفر بەسەر شاخەوان یان ئەو فیداکارانەی کە بەفر ڕێگەیان لێدەگرێت و دەیانکوژێت، ئەمە لایەنە ناشیرینەکەیەتی، واتە هەموو کارێکی ناوازەی دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ سووشتییە و سرووشتیش بەلۆژیك جوانییەکەی نابینرێت و هەستی پێناکرێت، خۆ ئاگر ئەگەرچی دژەکەی ئاوە، بەڵام ژیان بەبێ ئاگریش لەبەهای پێویستی ئاو کەم دەکاتەوە، ئەگەر مەبەست لەکاری سرووشتی بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە پیسکردن و دەستکاریکردنی سرووشت کە کردەی مرۆڤە، وەکو ئەو تێگەیشتنەی دەقی (فاوست)*(76). ی گۆتەی ئاڵمانی لێدێت کە دەبێتە کاری شەیتان و شتەکان و یەکەکان پیس دەکەن کە ئەوانە تێکدەری ژیانن نەك سیاسەت، یان دوژمنی ژینگەن نەك خۆشەویستی بۆ بەدەستهێنانی داتا بۆ مرۆڤ، لێرەدا دەبێ ئەوە روون بکەمەوە کە موفردەی شەیتان، بەمانای بۆچوونی ئیسلامگەرایی نایات، بەڵکو ئەو شەیتانەی کە مانای دژە فەزیلەتە بە تێڕوانینە میتافیزیکیەکە بۆ کردەوەی مرۆڤ کە زۆر جار لەنێو شتە بچووکەکاندا زیاتر دەردەکەوێت، واتە لەنێو هەموو شتە جوانەکان شتێکی خراپ و ناشیرین زەق دەبێتەوە، بۆیە بەو پێیەی کە شێواز وتەزایەکە کلیلی سەرەکی جوانیناسییە و لەوێوە دوالیزمەکەی خێر و شەڕ جودا دەکاتەوە لەرووی ماناوە، بەگوتەی هیگڵ بێت خودا لەسرووشت و هونەر لەشێوەی جوانی دەرکەوتووە، خودا خۆی بەدوو

شێوە دەرخستووە، زەینی و بەرهەست واتە عەینی کە بینین دەکات، بەو مانایەی خودا خۆی لەسرووشتدا وێنا کردووە کە دەکاتە ئیستاتیکایەك بۆ زیندوبوونی روحێك کە ئایدیالیزم تەرویجی بۆ دەکات.

هونەر گەیشتنە بەرێگەی گەیشتن بەرەو یەکێتییەکی بەکارهێنراو کە لەداسەپاندنی توخمی ناهاوچەشن و نەساز لەگەڵ ئەو شێوازانەی کە ڕاستی فۆرمۆڵەی دەکات، چونکی هونەر خەیاڵگەی شوناسێکی لەهەگبەدایە کە نەسنووری هەیە و نەلەرێگەی شکستهێنانی سوننەتەکانەوە فەزایەکی جیاواز بەرهەمدێنیێ. (77).

هونەر داگیرکردنی پانتاییەکی گەورە جوانی ژیانە، پشت بەستن بەم پێناسەیە دەبێ هەوڵێك بدەین بۆ ئەوەی بزانین بۆچی ژیانمان خۆشدەوێ، دوا لێکۆڵینەوەی ئەنتۆلۆژیا دەریخستووە کە بەشێك لەو قەبیلانەی بەجوانکردنی زەخرەفە کە لەجیهانی ئاژەڵانەوە وەرگیراوە، بوونی خۆیان سەلماندووە "پێدەچێ ئەو دەرەنجامە وەرگیرابێت کە ئەو قەبیلانە لەرێگەی خوراکی سرووشتیەوە تێڕامانیان بۆ ژیان کردبێت نەك ئاژەڵ، ئەم پراکتیکە کاریگەری سایکۆلۆژی داناوە لەسەریان، یان وەکو ئەوەی بینراوە ئەگەر هاتوو ئەو قەبیلە وەحشیانە هیچ زەوقێکیان نەبێت وەکو مرۆڤی ئاسایی، پرسیارەکە ئەوەیە ئەی چێژی چی لەژیان دەبینن و چۆن بەجوانی دەیبینن، بەپێی تێگەیشتنی

(چیرنیشفسکی) بێت کە دەڵێ "گومان دەکەین لەوەی کە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئەو قەبیلانە کراون، ئەو پێوەرەیان لەبەرچاوە نەگرتووە کە ئەوە سرووشتی مرۆڤە، چونکە سرووشت کاتێك گەشە دەکات کە مرۆڤ گەشەی شارستانی بکات، یان لەشوێنێکی تردا دەڵی ژیان لەلای جوتیارێك کشتوکاڵە و بەبێ ئەو کارە ناتوانێ بژی و لەشوێنێکی تر بەو شێوەیە نەبێت".(78).

سەبارەت بەوەش کە بۆچی مرۆڤ وەکو شێوەی ژیان و کولتوورەکەی شێوەی خودای بەزەینی خۆی داناوە و پەرستوویەتی و بەجوانی زانیوە، ئەوە مرۆڤە کە وێنەی خودای لەوینەی خۆیدا درووست کردووە بۆ ئەوەی بیپەرستێت، بەلاّم بەبڕوای هیگڵ هەقیقەت و جوانی یەك شتن، واتە هەقیقەت ئەوەی کە مرۆڤ بەدوای خودادا دەگەڕێت و ئەوەش کە جوانییە یەکسانن، بەلاّم جیاوازیەکەش ئەوەیە کە هەقیقەت جێگای تێڕامانە و جوانیش ئایدیایە و دەرکەوتەی شتەکان و سرووشتە، کەواوبوو ئەم تێگەیە ئەگەرچی ئاڵۆزە و بەشێکە لەکۆی ژیاری رۆژئاوایی کە لەڕاستیدا لەرۆژهەلاّتیان وەرگرتووە، چونکە هەقیقەتی مێژوویی لەو بابەتانەوە دەستپێدەکات کە لەرۆژهەلاّتەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەردەکەوێت کە کلیلەکە چۆن دەرگای بینینی جوانیەکانی سرووشت دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەو توخمەی کە دەمانەوێ باسی بکەین و بەشێکە لەفەلسەفەی جوانی، جگە لەشێوازەکەی، ناوەڕۆکی پەیکەر، یان فیگەر یان پانتایی دەق و

کارە هونەرییە جیاوازەکان، یان بەتایبەت چرکاندنی وێنەی سرووشتە لەڕێگەی فۆتۆگرافەوە، هونەرناسی لێرەدا دەردەکەوێ کە ئایا وەکو یاسا وەزعی یە؟ یان سرووشتی؟، دەستکردی خودایە یان مرۆڤ کە پێی دەگوترێت داهێنان، یەکێکیان لەدەرەوەی ویست کردەی مرۆڤە و ئەویتر ویستی غەریزی مرۆڤە، بۆیە فیگەرێکی داهێنەرانەیە و بەکاری سرووشتی وەکو ماتریالیستی و بەکاری خودایی وەکو میتافیزیکی ناودەبرێت، هەروەك ئەوەی کە هونەرمەندانی بەناوبانگی وەکو (مایکڵ ئەنجیلۆ و لیوناردۆ داڤینشی و رامبرانت و پیکاسۆ). هەروەها تێکستە ئەفسانەییەکانی وەکو تێکستی ئەفسانەی یۆنانی و رۆمانی و سۆمەری و میسری و هیندی و چینی و تا دەگاتە رۆژهەلات کە بریتیین لە هەردوو هونەری تەلارسازی سامەڕا و بابل و هتد. لە حالێکدا ئەمە جوانییەکی هەمەگیرە کە خودێکی تایبەتیان لەپشتەوەیە. هەروەك چۆن لەپشت دوا شێو خواردنی عیسا کە (لیوناردۆ داڤینشی) کردوویەتی و دەیەها تێڕامانی بۆ کراوە و فرۆید سایکۆلۆژیایانە قسەی لەسەر کردووە، کەسێتی حەتمییەتی مێژوویی و تێکست و چیها قسەی هونەری لەپشتەوەیە کە تائێستاش گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، پێدەگوترێت جوانیناسی رەنج. واتە کەسێك رەنجی داوە بۆیە جوانی دۆزیوەتەوە لەدەرەوەی سرووشت، ئەمەیە جیاوازی نێوان رەها و رێژەگەرایی جوانی.

ئەفلاتون لە زمانی سوکراتەوە باسی ئەوە دەکات کە دەکرێت جوانی لەرێگەی خۆشەویستییەوە بەدی بهێنرێت، چونکە خۆشەویستی شتێکی تەواو ناکۆکە لەگەڵ ئارەزوو و دیاردە غەریزییەکانی دیکەی جەستە و روحی مرۆڤ، تەنانەت بۆ ئاژەڵیش تاڕادەیەك ئەم تێگەیشتنە تەواوە کە درووستە رێژەگەراییە جوانی، ئەفلاتون بۆیە ئەم تێگەیشتنەی هەیە، چونکە بۆ خۆی خۆشەویستییەکی سۆفیگەرانەی هەبووە و پێی وابووە مرۆڤ دەبێ دێوانە و تواوەی نێو روح بێت و تەواو خۆی پاك بکاتەوە لەشوێنەواری ماتریاڵی کە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر روحی هەیە، هەر ئەوەی لەبابەتی ئەشکەوتەکەدا باس لەو خۆشەویستییە دەکرێت کە ئەفلاتون لە کتێبی کۆماردا نووسیویەتی، (مرۆڤ لە سەرەتادا هەوڵدەدات شتێکی جوانی خۆشبووێت، تاکو بگات بە قۆناغی ناوەوی شت، یان ئەو ویستەی کە رۆح دەهەژێنێ و لە جەستە و ماتریاڵدا هەستی پێناکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی سەلماندووە لە ئەنجامی ئەزموون کردنی موتڵەق، دەرکەوتووە کە رێژەگەرایی بۆ جوانی ئارەزووی حیکمەت و ئەخلاقیات و زانین ناشیرین دەکات و تەواو جیاوازە لەگەڵ تێگەیشتنی رێژەگەرایی)، بەو پێیەی کە رەهاگەرایی تاکە مەعریفەیە کە مرۆڤ لەرێگەیەوە دەگات بەجوانی و خۆشەویستی، ئەمە لەلای ئیبن عەرەبی و رابیعە عەدەوییەش* دەرکەوتووە کە رەهاگەرایی بۆ هەر شتێکی نالۆژیکی بێت، نموونەش خوشەویستی ئەوان بۆ خودایەك کە توندڕەوەکان هەیانە، تەواو جیاوازە، بەڵام بۆ جوانیناسی و روح،

جودا لەجەستە و ماتریالّ، تەواو تێگەیشتنێکی جالب و تەواوە، ئەمە رۆشنبیرییەکە پێشتر ئەفلاتون بەلایەوە رێبازی عەقلّای بووە کە هەستەکان هەلّدەخەلّەتێنن، چونکە سرووشت و هەوەس خۆشەویستی لەهەموو زانینێکی دیکەی دەرەوەی ماتریالّی، هەقیقەتێکی رەهای تێدایە، وەکو گوتمان جوانی تەنها لەماتریالّدا نییە و مەسەلەی خۆشویستنیش ئایدیالّێکە بەئەدەب و هونەری بالّاوە دەنیشێتەوە. بەلّام دیسان دابڕانە مەعریفییەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە ئەرستۆ دوای ئەفلاتون هاتووە تەواو جودا لەتێڕوانینی ئەو، جیاواز بیردەکاتەوە و چەمکێکی گشتی بۆ هونەر دەهێنێتە بەردەم لێکۆلّینەوەوە، بۆ نموونە ئەو شاربەدەرکردنە شیعرییەی ئەفلاتون لەکۆمارەکەیدا، بەلای ئەرستۆوە کارێکی ناتەواوە، لەدوای ئەو جوانی لەشیعردا دەبینێتەوە و گرینگی بەئەدیبانی گریك دەدات و بەتایبەتیش سۆفۆکلیس و هۆمیرۆس، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەفلاتون باسی لاسایی کردنەوە دەکات لەئەدەبدا و بەداهێنانی نازانێت و بەدابڕانیشی نازانێت، بەلّام ئەرستۆ ئەمە بەدیوێکی تردا دەبینێت و لاسایی کردنەوە بەهونەر دەزانێت و هەندێك لاسایی بەهارمۆنیای مۆزیکەوە گرێدەدات، بەو مانایەی کە هەموو لاساییکردنەوەیەك نیگەتیڤ نییە. (79).

(پۆل ڤالیری) تێبینییەکی هەیە وەکو بناغەیەك بۆ ئیستاتیکای رێژەگەرایی وەریگرتووە، ئەو پێیوایە هونەرمەندانی موزیسیار و شێوەکاری هەردووکیان لە

مەترسییەکان و تەسککردنەوەی پێکەولکاندنی ژیان  بە ئاسانی تێدەگەن، ئەوان بۆ کارەکەیان پەرۆشن نەك ئەو کاتەی کە پێویستە، مەترسییەکەش لەوێوە دەستپێدەکات کە هەمیشە لەخەیاڵدان ئاگایان لەو ژیانە نییە کە پڕیەتی لەمەترسی لەناوچوون و پێکدادان و شەڕ و نەهامەتی، هونەر بۆ ئەوان ئەوەیە، وەکو چۆن منداڵێك گەمە دەکات و دەکەوێتە فەزای تایبەتی خۆیەوە کە هەندێك جار فەزا و جوگرافیای و کۆمەڵگەکەش دەور دەبینن، بۆ ئەوانیش بەهەمان شێوەیە و ئاگایان لەو جموجۆڵانە نییە کە لەدەوەرەی خەیاڵی ئەو هەن، بۆیە چێژی لێوەردەگرێت، ئێمە لەفەزای کوردیدا جۆرێك لەو هونەرمەندە میللییانەمان هەیە کە بۆ خۆیان موزیکیان ژەنییوە یان گۆرانییان گوتووە، نموونەی قالە مەڕە و حەسەن زیرەك و حوسێن عەلی و ئەحمەد شەماڵ کە بۆ خۆیان گۆرانییان گوتووە نەك بۆ بڵاوکردنەوە و ناو دەرکردن، بەڵکو بۆ بەردەوامی ژیان بووە، ئەوان لەسەردەمی خۆیاندا وەکو چۆن ڤالیری نموونەکەی پێشووتری بۆ هونەرمەندانی راستەقینە هێناوەتەوە، ئاگایان لەدەرەوەی خەیاڵ و فەزای خۆیان نەبووە چی دەگوزەرێت، بۆیە بەسادەیی خاکێتی ژیاون، هەروەها بێئومێدیان لەژیان کارێکی کردووە کە تامردن هەر خزمەتی هونەر بکەن، هەروەك ئەو دۆخانەی کە تایتانیك و زۆربای کازانتزاکی و پاڵەوانی شانۆیی گۆدۆی بێکت، لەهەموویان راستەوخۆتر گوتارەکە پێشکەش بەبینەر دەکات، فیلمی تایتانیکە، ئەو کەشتیەکە خەریکە تەواو نوقم دەبێت و ژیان

کۆتایی دێت، موزیکژەنەکان لەعەبەسییەتدا بەردەوام دەبن لەموزیك ژەنین، چونکە دەزانن مەرگ حەتمییە و بەڕێوەیە، بۆیە بەئەو پەڕی تەحەددای ژیانەوە کە زەمەنێکی کەمی ماوە بەردەوام دەبن، نیکۆس کانتزاکیس لە ڕۆمانی زۆرباش هەمان تێڕوانینی هەیە بۆ لەدەستدان، بۆیە دیوە ناشیرینەکە بەسەمایەك دەیکات بەئیستاتیکا، وەختێك لەقومار دەدۆڕێن، زۆربا بەهاوڕێکەی دەڵێ (تازە ئەوەی ڕوویدا بوو بەرابردوو، با سەما بکەین).

پەیوەندی نێوان سرووشت و مۆزیك ئەوکاتە هەستی پێدەکرێت کە زۆربەی ئاوازەکان لەجوڵە و توڕەبوون و دەستووری سرووشتیەوە وەرگیراوە، بۆیە ئەو هاوکێشەیەی کە لەنێوان موزیك و دەنگی سرووشتدا هەیە لە خوڕڕەی ئاو و دەنگی باڵندەکان و گڤڤەی باو توڕەبوونی سرووشت لەچەخماخە و هەورە تریشقە و بروسکە و بوومەلەرزە و هتد هەیە، جوانییەکی تێدایە ئەگەرچی بەرهەمەکەی هەندێکجار تازیە و نەهامەتی و لەدەستدانی بەشێکی ژیانە، بەڵام لەشوێنێکدا عەفەوییەتی پێوەدیارە، وەختێك ئەم بابەتانە لەلایەن ئەکادیمیاوە دەکرێتە نۆتە و بەرهەمی زانستی موزیکی تێکەڵ دەبێت، لەگەڵ هەموو کێشە سرووشتی یەکانی دیکەی باکگڕاوندی پشتەوەی جوانییەکەی بەبارتەقای پێشووتری نامێنێت، چونکە بە ناڕاستەوخۆ سانسۆڕی تێدەکەوێت.

بۆزیاتر جوانکردنی ئازادی لەهونەردا، لەدژی ئەو سانسۆڕە رادەوەستم کە بەناوی رێژەگەراییەوە دەکرێت، چونکە هونەر وەکو رەنگدانەوەی کردەی سرووشت وایە، وەختێك سانسۆر کرا، ئیدی لەبەهای داهێنانە نادیارەکەی کەمدەبێتەوە، هەروەها بۆ بیسەر و بینەریش چێژی نامێنێت، گەڕانەوە بۆ نۆستالیژیای زەمەنی هونەری دەستکرد و خۆڕسك بۆ بەردەوامی ژیان بەتایبەتی لەژیانی کوردەواریدا، بۆ نموونە لاوانەوەی ژنێك و دایکێك بۆ منداڵ و مێردەکەی یان ئازیزەکەی کە لەدەستی داوە، یان گەڕانەوە بۆ ژیانی خاکێتی لەگوندنشیندا، هەمان مەبەستی پێشووترمە لە بارەی لاسایکردنەوەی زەمەنی بەسەرچوو لەبارەی هونەری خۆڕسکەوە، یان درووستکردنی قالی و بەڕە و جاجم بۆ خەوتن و خۆ گەرمکردنەوە کە کاری دەستی بووە بەتایبەتی لەلای ژنان کە بەدەم گۆرانی گووتنەوە کاریان دەکرد. هەموو ئەمانە بریتین لەنوستالیژیای هونەری کوردی کە هەر یەکێك لەوانە چیرۆکێکی لەپشتەوەیە و رێژەیەکە بۆخۆی.

هەموو ئەو یەکانەی کە ناسراون و مەشهوورن و دواتر بەپێی زەمەنی گۆڕاو قەیدوبەندیان خراوەتە سەر، بە ناڕاستەوخۆ بوون بەنەریتێك و بۆ ڕاستی گشتی ژیان و بەهای माددیان نەماوە، چونکە دەسەڵاتێك دێت ئەمانە لە قالب دەدات و

قیمەتێکی دیکەیان پێدەدات لەدەرەوەی بەهای خۆڕسکی خۆیان کە بەر لەهەر شتێك بەهای جوانییە.

ململانێی ئەدەبی جاهلی وەکو دابڕانێك لەگەڵ ئەدەبی بەر لەمەعریفەی سەردەمی یۆنان و میسری کۆن، لەگەڵ ئەدەبی دوای بەناو جاهلییەت، دابڕانێکی فەلسەفیی بوو کە بواری بۆ کۆمەڵناسی عەرەبی خۆشکرد تاکو لەرێگەیەوە ئەو چیرۆك و ئەفسانانە بدۆزێتەوە کە کاریگەری لەسەر ئەدەب و هونەری تەلارسازی یۆنان و بالی و رۆمەکانی بەسەرەوە هەبووە، هەروەها مەسەلەی کۆمەڵایەتی و شێوەی هاوسەرگیریە کە شێوازێکی تەواو جیاوازی هەبووە لەبەرامبەر ئەوەی ئێستا بۆتە نەریتی عەرەبی و رۆژهەڵاتی، کورد وەکو نەتەوەیەك بەبێ ویستی خۆی و بەبێ ئەوەی پێی بزانێ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە ئاینییە عەرەبییەوە، جگە لەدەسەڵاتێکی ئاینی سیاسی بەولاوە شتێکی تر نییە کە ئیستاتیکا ئەمە وەکو یەکەیەك بۆ ژیانی ڕاستی قبولْ ناکات و کاری پێناکات، چونکە زۆرەملێیی و زاڵبوونی چێژی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

بابەتێکی دیکە کە پەیوەندی بەرێژەگەرایی و رەهایەتییەوە هەیە، بابەتی ئەدەب و لاسایکردنەوەیە، ئەم دابڕانە فەلسەفییە لەبواری کۆمەڵناسیدا لەلایەکی دیکەوە بەکردەیەکی غەریزی تەماشا دەکرێت و ئسلوبێکی نوێیە. لێرەدا

باسێکی تر هەیە کە هونەر ئازادی مرۆییە و خەیاڵگەی مرۆییە، جگە لەفراوانبوونەوەی ئەم ئازادییەش ناچێتە پێشەوە، ئەدۆنیس بەوردی بەدوای سەرچاوەی داهێنان و لاسایکردنەوەدا گەڕاوە، ئەو لەکتێبی (جێگیر و دینامیك) دا کە عەرەبییەکەی (الپابت و المتحول) ە کە تێزی دکتۆراکەیەتی و لەچەند بەشێك پێکهاتووە، باسی ئەو بابەتەی کردووە و رەخنەی لێگرتووە کە کاریگەری بەشێکی راستەوخۆیە و بەشەکەی دیکەی ناڕاستەوخۆ، لەبەشی دووەمی کتێبەکەی باسی کێشەی لاساییکردنەوەی دەقی کردووە و پێیوایە بەردەوام گۆڕانکاری لەرەوتی جوڵانەوەدایە و بەپێی ئەو جوڵانەوەیەش کاریگەری لەسەر داهێنان و لاساییکردنەوە هەبووە، بەو پێیەی کێشەی مەعریفی عەرەبی پشتی بەدەقی ئاینی بەستووە و لەوێشەوە ئەدەب و فکری بەئاین پێوانە کردووە، بەڵام هەرگیز بەرەهایی قسەی نەکردووە، جا چ بۆ ئەدەبی جاهیلی و لەوانەش جرجانی و هتد تادەگاتە ئەو ئەدەبەی کە موتەنەبی و ئەبو عەللا و ئەبو نەواس و ئەبو قاسم شابی هەیان بووە.

هەر لەمبارەیەوە لیۆ تۆڵستۆی لەکتێبی (هونەر چییە) کە لێکۆڵینەوەیەکی فکری یە بۆ (داڤینشی و شکسپیر) کردووە کە کاریگەری بەسەرەوەیە، لەوێدا باسی ڤیگەرە سرووشتییەکان دەکات و لێکچووەکان لەرێگەی هونەرەوە جودا دەکاتەوە و کردەکانیش مانای جیاواز، ئەو لەو کتێبەدا پێیوایە ئەسپ و مرۆڤ و

دیمەن و جوڵاندنی شتێکن لەهەست، دەتوانین لەرێگەی ئەوانەوە ناوی بنێین جوانی، بەڵام کردەوە واتە رەفتار و ئەخلاق و مۆزیك و بیرکردنەوەی جیاوازن لەیەکتر، ئەگەر ئەمانە جێگەی پەسەندیشمان بێت، سەرباری ئەوەی بەشێکن لەکایەی هونەری و جوانیان تێدایە لەبینین و بیستن و چێژی روحی، بەڵام سەرەنجام دەتوانین بڵێین کە جێگەی پەسەند نین و خراپن، بۆیە جوان تەنها دەتوانین بە بەشێکی بڵێن جێگەی پەسەندی هەستمانە کە هیچ زۆرەملێیەکی تێدا بەدیناکرێت، واتە چەمکی جوانی مانای چاکی و خراپی تێدا نییە وەکو پێشووتر ئاماژەمان پێدا کە هیگڵ لەکتێبی (علم الجمال) باسی دەکات، بەڵام وشەی جوان بە هیچ شێوەیەك مانای چاك نایات، یان ئاماژە نییە بۆ ئەوەی جوان چاکیشە، بە پێچەوانەشەوە زۆرجار دیاردە یان شتی چاك دەشێت ناشیرین بێت، بیری (فیختە) کە هەمان بیری تەوراتە بۆ ئاڵمان، پێی وایە ئاڵمان وەکو تەورات دەڵێ (شعب الله مختار) ە کە ئەمە بۆ ئاڵمانەکان رەنگە جوان بێت، بەڵام پراکتیکەکەی لەلایەن هیتلەرەوە ناشیرین بوو، مەسیحییەت جوانە وەکو تێکست، بەڵام سیستمەکەی کە لەرۆژئاوا پراکتیك کراو و ستەمی لەئەوانی تر کرد، نەك هەر ناشیرین بوو بگرە بوو بەئەزموونێکی تاڵ بۆ مرۆڤایەتی، ئیسلامی متەسەووف جوانە. بەڵام ئیخوانەکان ناشیرینیان کردووە." باڵاترین مەبەستی ئێمە بۆ ژیان چاکەیە، گرینگ نییە لە چ رێگەیەکەوە تێبگەین، ئەوەی دەبێ بیلێین ئەمەیە کە ژیانی ئێمە جگە لە هەوڵێك بۆ گەیشتن بە چاکی، واتە

ڕۆیشتن بەرەو خوا شتێکی تر نییە، کە لەراستیدا چاکی چەمکێکی بنەڕەتییە کە جەوهەری شعوری ئێمەی لەسەر بینا کراوە، چونکە چاکی زۆرتر لەگەڵ زاڵبوون بەسەر ئارەزووە دەروونییەکاندا گونجاوە، لەحاڵێکدا جوانی بنەڕەتی هەموو ئارەزووە دەروونییەکانی ئێمەیە".(80). ئەمە ئەگەر ئێمە تەنها بۆ خاتری دەربڕین قسە لەسەر تەماهی نێوان جوانی چاکەکاری نەکەین، چونکە هیچ چاکەیەك نییە جوان نەبێت، بەڵام زۆر شت و دیاردە و کاری هونەری جوان هەیە، کەچی چاکە نییە بۆ گشت، هەر وەك ئەو شیعرانەی کە بەجوانی نووسراونەتەوە بە باڵای ستەمکارەکان و ئەو تابلۆیانەی بۆ ستەمکار و خوێنرێژەکان کێشراون، یان ئەو شانامە و سیناریۆ و شانۆنامە و فیلمە سینەمایانەی کە بۆ شۆڕش یان ڕووداوێکی مێژوویی دەرهێنراون، نەك هەر چاکە نین، بەڵکو کاری قیزەونی ئەخلاقی و کاری ناحەزن لەرووی دەروونییەوە بۆ ئەوانەی کە ناخۆشیان لەدەستی شۆڕش و ستەمکار و دەوڵەت و پیاوە پاڵەوانەکانی مێژوو بینیوە، بەڵام هونەرمەند یان نووسەر و مێژوونووس و شاعیرێك وەکو شاکار باسی دەکەن، ئەمەش لەلای زۆرێك لەو هونەرمەند و ئەدیبانە بۆ خاتری بەرژەوەندی خۆیان و بۆ دیکۆمێنتکاریان بۆ دەسەڵات ئەنجامداوە، ڕەنگە لەزۆر پنتی مێژووییدا چاکەکان وەکو خراپە و خراپەکانیش وەکو چاکە تۆمار کرابن.

ئەمە لەکاتێکدایە کە هونەر لەلای تۆڵستۆی ناشێ بەرتەسك بکرێتەوە بۆ ئایدیالیزم، بەو پێیەی کە سیمبولیزم وەکو خوای جوانی لەهونەردا و مرۆڤ تێیدا رۆڵێکی کاریگەری دەبینێ، وەختێك سەرکێشی بۆ کارێکی ناوازە دەکات و چێژ نییە بەڵکو چێژەکە لەبەرهەمهێنانی هونەرەکەیە بۆ بەختەوەری تاك، بەشێکی ژیانیش بریتییە لەو چێژانەی کە هەوڵێکە بۆ چاکەکاری و ئەو جەوهەرەی لەدیوی ناوەوەی مرۆڤدا هەمیشە فشار دەکات و قسە دەکات لەگەڵ خودی مرۆڤ، بەشەکەی دیکەی عەقڵە و لەچەمکی جوانی دەکۆڵێتەوە و بەسەر غەریزە و ئارەزووە سایکۆلۆژییەکان زاڵ دەبێت، ئەمە ئەو هەقیقەتەیە کە هاودژییەك لەنێوان جەوهەر و شێوازی دەرەوەی مرۆڤ دوو وێنەی هونەری جیاواز دەبەخشێت و دواجار دەیانخاتە پەنای یەکتر، ئەو توانستەی لەناخی مرۆڤدا هەیە مەغزایەکی نا رۆشنی وەرگرتووە، لەچاکە و خراپەدا کۆکراوەتەوە، بەڵام رووە نهێنیەکەی کە ترسە لەبەرامبەر دەسەڵاتە هەمەلایەنەکان کە بوارێکی بۆ رێژەگەرایی نەهێشتۆتەوە، ناچار بووە ئەو مەغزایە روون نەکرێتەوە و عەقڵیش لەبەرامبەر دۆخە سایکۆلۆژییەکە باڵانس وەربگرێت، لێرەوەیە رێژەگەراییەکە ئاسان نابینرێتەوە چ لەنێو هونەر و چ لەنێو کردەوە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ.

ئەم بیرمەندە واتە تۆڵستۆی، بڕوای بەڕوانگەی کۆلێکتیڤیستی بوو، واتە (باوەڕ بوون بە رەسەنایەتی) چونکە لاسایی کردنەوە لەسەر شێواز وەستاوە،

لەرووپەکی دیکەوە لایەنێکی نادیاری دیوی ناوەوەی دیاردە و شتەکان لەچەمکی ئیستاتیکادا دەردەخات کە ئەویش چاکەکارییە، چاکەکاریش لەمەبەستدا کۆدەکاتەوە، چونکە پێیوایە پرۆسیسی داهێنان لەوردبوونەوەدا نییە، بەڵکو بایەخدانە بەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆکارێك بۆ بەرپاکردنی شۆڕشەکان، وەکو چۆن ژیان پێویستی بەشۆڕشی بەردەوام هەیە و قۆناغەکانی مرۆڤایەتی ئەمەی سەلماندووە، ئاوهاش لەهونەردا لەدەقی ئەدیبە ناودارەکانی روسیادا دەبینرێت، ئەوان تەنها هونەرییان پێشکەش نەکردووە وەکو هونەری ئەبستراکت یان رۆمانسییەت، بەڵکو پەروەردەی چاکەکارییان پێشکەش کردووە کە توانیویانە ئەم هونەرە بکەن بەهونەری چاولێکەری، هەروەك چۆن دەستەبژێری سیاسی و فکریش بۆ دابڕان لەفەلسەفەی یەکتر، دونیابینی خۆیان بۆ خەڵك و بینەر و خوێنەر و کردە باو، شۆڕشی دژە دیکتاتۆرییەت و سۆسیالیزم، پراکتیککردنی هونەری چاکەخوازی بوو کە تائێستاش کاریگەری هەیە، بەڵام ئەوەش دیارە کە شتێك بوو بەفەرمان و لەلایەن فەلسەفەیەکەوە فەرمانی کرد، ئەم شتە باشە بیکەن و ئەویدیکە خراپە و مەیکەن، ئیدی لەئیستاتیکا دەردەچێت و رووبەڕووی هێزی بەرانگاری و رەتکردنەوە دەبێتەوە، بە بڕوای هێربێرد مارکۆزە "بڕوای تەواوی خود لەرووی فەلسەفییەوە بۆ جیهان کە سەرکەوێت، ئەوەیە کە مومارەسەی گۆڕانکاری بکات) ئەم تێگیشتنەی مارکۆزە لەرەخنەی هیگڵەوە

سەرچاوەی گرتووە سەبارەت بەدەوڵەت و ئەو رق و قینەیەی کە لەبەرامبەر مەزهەبەکانی دەسەلآت هەیە.

هەروەها لەکتێبی (عقل و الپورە) دا وەکو بیانوویەك لەرێگەی شیکردنەوە بۆ مەزهەبی ئیمبریقی ئینگلیزی و بەتایبەتی فەلسەفەی داڤید هیوم ە، مارکۆزە دەڵێ (خوو پێوەگرتنمان بەشارەزایی و زانین بەتەنها، سەلمێنەری ئەوەیە کە دەبێ راستگۆبین، بۆیە خۆبەدەستەوە نەدانی مرۆڤ و قودرەتە تەنهاکەی، تەنها عەقڵە، ئەوەی کە وایکردووە لەژێر سایەی فکر و پرنسیپی باڵایە کار بکات بەسەر سیستمی جیهانی زاڵ بێت، تەنها عەقڵە".(81).

هەروەها دەبێ ئەوەش بگوترێت کە رێژەگەرایی بۆ هەموو دیاردەیەك کە پەیوەندی بەهیومانیزمی عەقڵییەوە هەیە راستە، چونکە دەرکەوتووە رەهاگەرایی دەرەنجامی بیری رەهایە کە سنوور بۆ عەقڵ و ژیان بەگشتی دادەنێت، ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم ژیانێکی نوێین، ئەویش شێوازێکی دیکەی تاکگەراییە، ئەو پارادۆکسەی کە ئینساگەلێك خۆی دوور خستۆتەوە لەسرووشت، ئەوانەش کە خۆیان بە بەرهەمی سرووشت دەزانن و پراگماتیکی لەجوانی تێدەگەن، واتە پراگماتیستەکان خاوەن ئەم تێگەیشتنەن، ئەوەی کە ئەفسانە بۆمانی دەگێڕێتەوە و مرۆڤ بریتییە لەکائینێکی دیکەی دوور لەم نموونەیەی ئێستا هەیە، هەروەها ئەو چێژوەرگرتنەی مرۆڤی ئێستا لەگەڵ

رابردوو لەگرەوی ئەوەدایە کە چۆن بتوانین ئەو دوو جۆرە مرۆڤە لەیەکتر جودا بکەینەوە، مرۆڤی ئێستا کە رۆبۆتێکی بەکاربەرە و ئەوەی دوێنی مرۆڤی راستەقینەی تێکەڵ بەسرووشت بووە. کەوابوو رێژەگەراییەکەش جێگەی گومانە ئەگەر بەراوردی بکەین بە تێگەیشتنی هۆشیارانە بۆ جوانی کە لەپشتیەوە عەقڵ هەیە.

ئێستا پرسیارەکە لەنێو پرسیاری دوو دژ دەستپێدەکاتەوە، کە رێژەگەرایی و رەهایەتییە، ئەویش ئەوەیە کە روح چییە لەنێو ئیستاتیکا، راستییەکەی ئەگەر رەهەندی فرە بدەینە ئەم چەمکە، ئەویش بابەتی روحە کە پەیوەندی جوانییەوە هەیە، ئیستاتیکا بەشداریکردنی فیسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و کۆمەڵناسی یە، هەریەك لەو چەمکانە شیکاری خۆیان هەیە بۆ جوانی هەر شتێك، بەو مانایە بێت بەرەهاییکردنی ئەم چەمکە ئیشکالیاتێکی دیکە لەرووی تیۆرییەوە سەرهەڵدەدات، بۆیە ئەو سێ رەهەندە بۆ ئیستاتیکا سەلمێنەری راستییەکن کە جوانی مانایەکی رەهای نییە، ئەوەی کە وێنەیەك یان ڤیگەرێك، یان سەرلێشێواندن بۆ بینینی چاو درووست دەبێت لەهەر تەماشاکردن یان خەیاڵێك، مانای وایە هەریەك لەو رەهەندانە چێژێك دەبەخەشن، هەندێکجار تەقدیرێك لەرووی مرۆڤییەوە بۆ ماتریاڵێك یان وێنەیەك وەکو ئامانج و پێوەر دەبێت، ئەمە بۆ بینەر دەبێتە پرسیار کە کام لەو پێوەرانە هەڵبژێرێت، ئایا

فیسیۆلۆژیا یان سایکۆلۆژیا یان کۆمەڵناسانە بێت کە ئەستەمە بەرەهایی هەرکام لەو ئەگەرانە هەڵبژێرێت.

هیگڵ لەتەواوی تیۆرەکەی بۆ روح و بۆ هونەر، پێیوابوو کە جوانی لەهەموو شوێنێك هەیەو بۆ گشتە و بەردەوامیش مرۆڤ رووبەڕووی ئەو یەکە جیاوازانە دەبێتەوە کە لەگەڵ کاردا دەردەکەون، بەو مانایەی کە کار داهێنانە و جوانیش لەهونەری داهێنانی رۆحە کە مەسەلەی روح لەلای هیگڵ بنەمای فەلسەفەیەکەیەتی، ئەمە جگەلەوەی کە ئەو پێیوایە هەموو جوانێك وەکو یەکەیەکی سەبەرخۆ بەجوان ناشێت، هەر ناشیرینێکیش جۆرێکە یان روویەکی دیکەی جوانە،" چالاکی هونەری جیایە لەچالاکییەکانی دیکەی ئادەمیزاد، لەوەدایە کە بابەتەکە لەچوارچێوەی ئازادی یەکی تەواودا دادەنێ، لەکاتێکدا جۆرە چالاکییەکانی تر هەوڵە بۆ بەدەستهێنانی سوود، ئەمەش بەرەو داوەشانیان دەبات، چونکە چالاکی هونەری جیاوازی لەوەدایە کە گرینگی بەبابەتەکان دەدات لەپێناوی خۆیاندا و بەس، هیچ مەبەستێکی نییە ئەو بابەتانە بگۆڕێ بەئایدیا، یان چەمکی گشتی".(82)

بەو پێیەش بێت هونەرمەند یەکێك لەداهێنانەکانی نەخۆشی دەروونییە، هەروەك نەخۆشی بارانویا کە بەمانای شێتی و خۆ بە گەورە زانی و شێتی سەرکووتکردنە، ئەم جۆرە لەو کەس و گروپانە دەردەکەوێت کە بەتوندی

گومانیان لەوانی تر هەیە، بۆیە هەموو بیرۆکەیەکی هونەری بەخۆجیاکردنەوە لەوانی تر کۆتایی دەهێنێت، یان لەئەنجامی ستەمکاری دەسەڵات و پاشاکانی رابردوو یان سەردەمەکەی خۆیەتی، لەکاری هونەریشدا رەنگدەداتەوە، بۆ نموونە" لەدایکبوونی درامای ئۆدیب پاشا لەلای شکسپیر، یان داهێنانەکانی بتهۆڤن بەتایبەتی لەسیمفۆنیای قەدەری نۆهەم، قورسترین و مەزنترین کاری هونەری بوونە لەمێژوودا کە دووبارە نابنەوە، کۆمەڵگەی پادشاهی ئەلیزابیسی لە سەردەمی رێنسانسدا یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی لەدایك بوونی ئادابی شکسپیرە، هەروەها بۆ کۆمەڵگەی شۆڕشگێری فەرانسی کە بتهۆڤن بە موزیك روحییەتی شۆڕشگێڕێتی پێبەخشیوە، کە ئەمە بەهۆکاری ئیستاتیکاوە میر و خانەدانەکان ملیان بۆ کەچ کرد و بوو بەمایەی گواستنەوەی دۆخی سیاسی بۆ دیموکراسی و باوەڕی رژێمە سیاسیەکان کە بڕوایان بەئازادی و پێکەوەژیان و یەکسانی هەبێت".(83).

لەلایەکی دیکەوە، وەڵامی پرسیارەکە درووستبوونی پرسیارێکی دیکەیە، کە بۆچی ژیان بریتییە لەدوالیزم، هەروەك لەپرسیاری پێشووتر باسمان لێوەکردووە کە ئەم دوالیزمە لەئەنجامی چالاکییە هەمە چەشنەکانی مرۆڤە، چونکە سەرەتا و بونیادنانی ژیان، ئاین و ئەفسانەی نێو ئاین و دەسەڵاتە ئاینییە ئایدیالییەکان دایانمەزراندووە، ئەمە وای کردووە کە ژیان بۆ هەموو شتێك دابەشی سەر دوو

بەش هەبێت، لەبەرامبەر هەموو کردەیەکی خێریش، کردەی شەڕ هەبێت کە دژەکەیەتی، لەبەرامبەر خۆشیدا، ناخۆشی و لەبەرامبەر جوانیشدا و ناشیرینی بەڵام بە دیوە چاکەکارییەکەیدا، رەنگە شتێك لەچاوی ئێمەی رۆژهەڵاتیدا ناشیرین بێت، لەلای ئافەریقی یان رۆژئاوایی یان هیندییە سوورەکان و مرۆڤەکانی دارستانی ئەمازۆن و ئەو شوێنانەی هێشتا شارستانییەتی بۆ نەگەیشتووە، تێڕوانینەکە پێچەوانەی ئێمە بێت، بۆ تابلۆیەکی هونەریی یان پەیکەرێك یان فیلمێك یان ئۆپێرا و شانۆ و هەڵپەرکێ یان مۆزیکێکیش هەر وابێت.

"هۆڵاندییەکان لەکاتی خۆیدا لەرێگەی تابلۆیەکی هونەرییەوە دۆز و ژیانی چەرخەکانی خۆیان بەیان کردووە، ئەگەر لە هونەر و رووداوەکانیان نەبینین کە لەرێگەی فیلمەوە تۆمار کراون، ناتوانین ژیانی ڕاستییان لە زەمەنی خۆیدا هەڵبسەنگێنین، تەنانەت لەهونەری وێنە کێشانیشیان تێبگەین، ئەوەی کە خۆیان و ژیانی کۆمەڵایەتییان لە نزیکی دەریاوە و بەهێنانی خۆڵ و درووستکردنی زەوی رزگارکرد کە چاکە و ئازایەتی بوو، ئەو شۆکەیان شکاند و کێشەی ئازادی و ئاین و سیاسەتیشیان چارەسەر کرد، ئەمەش لەرێگەی خۆشەویستییان بۆ کار و روحییەتی خەڵق کردنی داهاتوو بوو".(84).

جوانی و ناشیرینی بەدیوێکی دیکەدا زیاتر لەچەمکی ململانێی نێوان چینەکان و ستەمکار و ستەم لێکراودا دەرکەوتووە کە مێژوو بۆمانی دەگێڕێتەوە هەروەك ئەوەی لەمێژووی میسر و یۆناندا کۆیلە و خاوەن کۆیلە هەبوون، هەروەها لەباری سرووشتیشدا لەجیاوازی نێوان شەوو رۆژدا پەیدا بوو. بۆیە دەڵێم تێڕوانینەکە ئاینی و تێگەیشتنێکی کۆنکریتی نەگۆڕە، چونکە بەر لەوەی عەقڵ وەکو هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی جوانییە هەمەلایەنەکانی ژیان ئەرکێك وەربگرێت، ئاین وەکو فەلسەفەیەك بۆ تێگەیشتن لەدیاردەی خێڕ و شەڕ پێناسەی ململانێکانی کردووە، بۆ نموونە میسرییەکان کاتی خۆی لەشوێنێکی زۆر هێمن و دوور لەکێشە دەژیان و هەموو شتێك دەستەبەر بوو، بەڵام بەهۆی نزیکییان لەروباری نیلەوە کە ئەو رووبارە لەدەرەوەی هەموو پێناسەیەکی ئەفسانەیی، خاوەنی سیحرێك بوو کە لەئەنجامی دوو روباری دیکە بەبێ تێکەڵبوون دەبێتە یەك، ئیدی ساڵانە دوچاری لافاوو و کێشە سرووشتییەکان دەبوونەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەفسانە کەڵکی لێوەربگرێت بۆ دەسەڵات و باوەڕ پێکردنی خەڵك بەوەی روباری نیل دوو وێنەی جوانی و ناشیرینی هەیە، کاتێك جوانە کە ئارامی بەخۆیەوە دەبینێ و کاتێکیش ناشیرین کە توڕە دەبێت و زریان بەرهەمدێنێت و لافاو هەڵدەستێت و دەبێتە مایەی لەناوبردنی هەموو کائینەکان، هەروەها ئەهرامەکانیش هەمان ئەفسانەی تراژیدی مرۆییان لەپشتەوەیە کە ئێستا بۆتە جوانییەك گەشتیار سەردانی دەکەن.

مارکس لەکتێبی (سەرمایە و لەبەشی یەکەمدا) لاپەڕە284، باس لەوە دەکات کە کاری جوانترین تەلارساز لەکاری کارامەترین بوونەوەر کە هەنگەکان (کەنوو) درووستدەکەن بۆ خۆ بەرهەمهێنانەوە، کاری تەلارسازەکە لە تەونی جانجاڵۆکە جوانترە، چونکە تەلارسازێك بەر لەوەی دەست بەکارەکە بکات، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن شێوازێك بە تەلارەکە بدات، بەڵام ئەمە دواجار بەرهەمی دەستی کرێکارە بەر لەوەی بەرهەمی تەلارسازەکە بێت، ئەم تێگەیشتنە لەنێوان هەنگ و جانجاڵۆکە وەکو بوونەوەری مرۆیی سرووشتی و کاری تەلارساز وەکو دیزاین کاری شار و دەوڵەت و رازاندنەوەی سیستمە، ئەمەش لەفکری ئیستاتیکیەوە سەرچاوەی گرتووە کە دواجار خەیاڵ بەرهەمی دەهێنێت، کێشەی هەرە گەورەی فەلسەفەی ئیستاتیکا ئایدیای نەگۆڕە کە مەبەست لەئاینە، (هێربرد رید) لە کتێبی مانای هونەردا دەڵێ " لەوانەیە ئایدیا وەك باوەڕێك لە هیچ باوەڕێکی دیکە نەچێت، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە ئەوە تەنها ئایدیای نەشیاوە"، بۆیە دەبێ ئایدیای ئاینی کە مەبەست لەجۆرو لقەکانی دیکەی ئایدیا وەکو جادووکردن و سیحر و هەوەسبازی ئاینی دوور بخەینەوە لەهونەری ئاپستراکت کە بەهای توانا هونەرییەکە جودا دەکاتەوە لەسۆز و فێڵ و سەرسوڕمانی ئایدیای چەقبەستوو.

## دواليزمی یادەوەری

لەئەدەبی گێڕانەوە و یادەوەریدا کە نۆستالیژیای کەسییە، پێویستمان بە هێزی فکری نییە تاکو لەو دیمەنانە بکۆڵینەوە کە هاوکاریمان ناکەن وەکو فلاش باگ، بەڵکو پێویستمان بەپاراتێکست هەیە، یان دەق هاوشانی کە لەتەنیشت گێڕانەوە دەقێکی تر و دیمەنێکی دیکە هەیە نزیکمان دەکاتەوە لەخودی نۆستالیژیاکە، مەبەستم ئەو ئایکۆن و ناونیشانانەیە کە هۆکاری بە شەرعیکردنی نۆستالیژیاکەیە، (هێنری بیرگسۆن) پێیوایە یادەوەری هاوواتای هۆشیاری کارەکتەری چالاکە، هەروەها پێیوایە بەشێکیشە لەوەهم، چونکە هەندێکجار ئەو وەهمە هەموو دیمەنێك راستی مێژوویی نییە، بەڵکو لەزەینماندا وادەزانین کە دیمەنێکی لەو بابەتەمان بینیوە، یان خۆمان بەشێك بووینە لەو دیمەنانە، یادەوەری راستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ گرێدراوی سایکۆلۆژییە، بەم پێیەش بێت ئەگەر کارەکتەر چالاك و هۆشیار نەبێت، ناتوانێ یادەوەری بنووسێتەوە یان بیکات بە ئارت و بینەر نۆستالیژیای خۆی تێدا ببینێتەوە، جوانی ئەم بابەتەش لەوێدا دەردەکەوێت کە نووسەر لەتەکنیکی چنینەکەی شارەزایانە لەرێگەی

ڕەنگەوە بێت یان لەڕێگەی وشە یان نۆتە و میلۆدی و یان دیمەنێکی شانۆیی و فیلم و چیرۆك و هتد بێت.

با بێمە سەر نموونەیەکی تری دوالیزم بۆ دەربڕین لەسەر جوانی و ماناکانی دیکەی کە یادەوەرییە، بۆ نموونە ماڵ ئەو جێگەیەی کە شوێنی حەوانەوە و پاراستنمانە لەگەرمای هاوین و سەرمای زستان، ئەمە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییە بۆ شوێن، بەڵام بنچینەیەکی دانەریشە لەنووسین و ئەدەب و هونەردا، بۆیە نووسەری جددی لەماڵەوە دەستپێدەکات، چونکە ماڵی کۆن ماڵی منداڵییە و سەنتەری ڕاهاتنمانە لەشتەکان و دیاردەکان، بۆیە هەرکاتێك دەکەوینەوە ماڵەوە لەدیاردەکان دەڕوانین کە لەژیانی ماددی دوور دەکەوینەوە، واتە دەبینە کەسێکی روحی، چونکە دیاردە هەستکردنە بەئەمانەت و بەرگریکردنی مرۆڤ لەدووتوێی ماڵدا، ئەمە ماڵ لەدوالیزمی تێگەیشتنی جوانیناسی و کۆمەڵناسیدا بەدوو مانای جیاواز خۆی دەنوێنێ، ئەم تێڕوانینە بە گشتی بۆ دەربڕین لەبەرامبەر شێوەی جوانی کە هونەر مانای چالاکیەکی جوانە و لەماڵدا زیاتر بوونی دەسەلمێنرێت.

ئیستاتیکا لەبارێکی تردا نمایش کراوە کە هەندێکجار هەستی پێناکرێت، نموونەی سوور بوون لەسەر پێداگیری ئاست نزمی و بانگەشە بۆ دیاردەیەك کە گوایە عەقڵمەند و ئەبستراکتە و بەشێکیشە لەیادەوەری، ئەمە ئەو دەقەیە کە

پرۆژەی شێوازی رەخنەیی جددی و رادیکاڵی لەسەرمایەداری گۆڕیوە بۆ بۆچوونی جیاواز و قبوڵکردنی ئەویتر کە وەهمە، ئەو ستایشەی کە ناڕاستەوخۆ بەشێکی زۆر لەبیرمەندانی رۆژئاوا دەیکەن بەرامبەر ئەم سیستمە نوێیە کە گوایە لایەنەکانی گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیا و عەقڵانییەت و گەشەی مرۆیی لەبونیادە ئابورییەکەوە سەرچاوەی گرتووە، شێوازێکی وەزیفەیی هێندە ناشیرینە کە بەئیستاتیکای رۆژ ناسراوە و لەکەمترین کاتدا و لەریکلامێکی چەند رۆژەی هەڵخەڵەتێنەر بۆ فرۆشی کاڵا بەولاوە هیچی تر نییە، ئەم وەزیفەیە تابلۆ یان شانۆییەك یان جەوهەری شتێکی دیار نییە، تاکو یادەوەری بنووسێتەوە و تۆماری بکاتەوە بەڵام لەدیوی ناوەوەیدا و لەکولتوورێکی رۆژانەدا کە بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە، پێویستی بەشاهید نییە، چونکە یادەوەری بەکەرەستەی ماتریالی یان کەرەستەی فکرییەوە بەندە، یان بەنۆستالیژیای سۆزداری سایکۆلۆژییەوە بەندە، سەرمایەداری دواهەمین سەپێنراوی بەسەر مرۆڤدا ئەو تێکەڵکردنە کولتوورییە یە کە هەم کەڵکی لە ئیشکالیاتەکانی بینیووە و هەم ئەو شێوازەش کە خودی مرۆڤی پێ هەڵخەڵەتاندووە و گەرەنتی ژیانێکی نوێی پێداوە، گوایە هیچ پێویستی بە نۆستالیژیا نەماوە، مەبەستم لەو کۆنترۆڵەیە کە هەموو کایەکانی جیهانی گرتۆتەوە و مرۆڤی ناچار کردووە بەشێوازی ئیستاتیکی تەماشای بکات و لەشوێنێکی دیکەشدا بەناوی فرە کولتوور و مەڵتی کەلچەرەوە زەمینەی بۆ کێبەرکێی نەتەوە و کولتوورەکان خۆش کردووە و خۆشی وەکو

تەماشاکەری ئۆپێرا نیشانداوە بەناوی ئازادی یەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لەرێگەی ئەو تیکەڵ بوون و بەناو ئازادییە سێکسیەوە، چەندین رەگەز و ئاین و نەتەوەی تێکەڵ بەیەکتر کردووە و مرۆڤی نوێی بەرهەمهێناوە کە ئەمە پێشتر خەون بووە.

نیگەتیڤ و پۆزەتیڤ

بۆچونێکی فەلسەفی ئایدیالیستی هەیە کە دەڵێ (هیچ مرۆڤێك و شتێکی ناشیرین نییە مەگەر خۆی ناشیرین بکات)، هەموو ئەو شت و کەرەستانە هەن، بەرهەمی سرووشتن و سرووشتیش هەم لەرووی ئایدیالیستی و هەم لەرووی ماتریالیستی یەك مانایان وەرگرتووە کە خاڵقەکەی دیار نییە، لەوێ خودایە کە هەڵە ناکات، لەلایەکی دیکەشەوە بوونێکە لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ کە هێزێکی دیکەی سرووشت و ماتریاڵە و هەڵە ناکات، کەواتە شتێك نییە بەناوی ناشیرین مەگەر لەتێڕوانینی مرۆڤی تاك رەهەندەوە بێت، چونکە لەلای ئەوان هەندێك شت بەرێکەوتنێك بەجوان ناسراوە و ئەوانی دیکە بەناشیرین، بۆ نموونە سەگ لەلای کریستانی وەکو ئاین و کولتوور جوانە و لەگەڵ مرۆڤ پێکەوە دەژین کە ئەمە لەیارانی ئەشکەوت وەرگیراوە و دەقی قورئانیش باسی دەکات، کەچی لەلای رۆژهەڵات و ئاینی رۆژهەڵاتی و ئیسلام، بەبێ هیچ بیانوویەکی لۆژیکی سەگ کائینێکی ناشیرین و بەدە و لەهەندێ کاتیشدا جنێودان و قسەی نەشیاوە،

لەحاڵێکدا ئەم کائینە لەگەڵ مرۆڤ دەژی کەچی مرۆڤ بۆ خزمەتی خۆی بەکاری دەهێنێت، ئەگەرنا بە کائینێکی ناشیرین و قیزەون تەماشای دەکات، ئەمە جیاوازییەکەیە لەنێوان هۆشاری و ناهۆشیاری و دوو گوتاری ئاینی جیاواز بۆ ئەو کائینانەی لەگەڵ مرۆڤ دەژین.

(رۆلان بارت)* دبێژێ خۆشی دەق گوێ ناداتە ئایدیۆلۆژیا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چاو نەترسییە لەبەر ئازادیخوازی نییە، بگرە رازیبوونی دەقە کە خوێندنەوەکەی لەهەردوو باردا دابەشکراو و جیاوازن، بۆیە ئەو شتەی بە رێژە شکاوە کە ئەخلاقییە و کۆمەڵگە لەهەر بەرهەمێکی مرۆڤی دەوێ، لێرەوە پەیوەندی ئەخلاقی و هونەر دەست پێدەکات، ئیدراکی هونەری هەڵوێستێکە لەبەرامبەر ئەو کەسەی دەرکی بە هەڵوێستێك کردووە کە ئامانجدارە، خۆ ئەگەر نزیکی بکەینەوە بابەتەکە لە ئەخلاقەوە ئامانجی نامێنێت، راستە کە هەر شتێك ئامانجی نەبوو، بوونیشی روون نییە لەئەخلاق تەنها لەدوورەوە نەبێت، یان ئەوە نەبێت بەلایەنی کەمەوە وێنەی یەکەم، یان بەمانایەکی ووردتر موڕادفی شێوازێکی مەلموس لەبوارێکدا کە بواری ئەخلاقی نییە، بەڵام ئاماژەیەکە بۆ بواری هونەری، لەبەر ئەوەی مرۆڤ کە تەواو دەبێت لەبەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی ئەگەر بۆ چەند کاتژمێرێکیش بێت، هەموو سەرقاڵییەکانی لەبیر دەچێتەوە و پاك دەبێتەوە، ئەلێرەوەیە بۆیاغێکی ئەخلاقی لەهونەرەکەیدا وەکو رەگەزێکی

ئەخلاقی بەکارەکەیەوە دەبینرێت، تەنانەت ئەگەر کارەکە ئەخلاقیش نەبێت".(85).

سپیکردنەوە و لەبیبردنەوەی رابردوو وەکو یادەوەری یان تۆمارکردنی مێژوو لەدەرەوەی نووسین، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی کوردی جیاوازییەکی زۆری هەیە، ئەوەی کە لەدوای شۆڕشی جەماوەری بەناوی (بەهاری عەرەبی) ساڵی 2009 کە لەوڵاتانی عەرەبی روویاندا، ئەوەی لێکەوتەوە کە شۆڕش چ نەگبەتییەکە بۆ مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان و بۆ مرۆڤە بازرگانەکانیش چ بەختەوەری و خۆشگوزەرانییەك.

## چێژی هونەری

چێژی هونەری، هەستێکە لە پێنج هەستە بەرچاوەکە، ئامێری چێژ، (زمان). جیهان تەنها چێژکراوە بەپێواری ئەمجۆرە زانیارییەی مرۆڤ، ئەمە راستەوخۆ نەزانراو تاکو وەریبگرێت و کاری پێبکات، سەرەڕای ئەوەی یەکسەر دەبێت بەرزانراو بکەوێت و کارلێکی کیمیایی درووست بێت، وەکو لەباری خۆراکدا قسەی لەسەی لەسەر دەکرێت، کەواتە سەرەڕای ئەوەی پەیوەستە بەژیانەوە لەگەڵ بەرهەستەکانی تر، یان ئەوەتا رازی دەبێت یان ئەوەتا رەتیدەکاتەوە، کەواتە چێژ کردەوەیەکی پێزانینی مرۆڤە راستەوخۆ پەیوەندی بەو شتانەوە هەیە کە پێی دەزانێت، وەکو بینینی تابلۆیەکی هونەری، یان بیستنی پارچە موزیکێك یان هۆنراوەیەك.

چێژی هونەری ئەوکاتە دەوەستێت کە بەرامبەر بەکارێکی هونەری دەبێتەوە و راستەوخۆ هەستی پێدەکات، چاوی ش هەمان شت دەکات، بەڵام بەڵگەی چاو گرینگترە لە هەستەکانی دیکە، لێرەوە رەخنە دێتە ئاراوە سەرسام بوون بەیان رەتکردنەوەی تێکستێك یان پارچە موزیکێك، دوای هەستکردن و وەرگرتن و چێژوەرگرتنە، ئەم پرۆسەیە زیاتر هزرییە نەك هەستەوەری، توخمێك کە

لەپێکهاتەی خۆیدا زەمینە خۆشکەری ڕەخنەیە، ،تونای ئەوەی هەیە چێژ ڕەتبکاتەوە کە ئەمەیان بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە و هۆکاری ڕەتکردنەوەکەش دیار دەکات، بەڵام ڕەخنەگر لە کردەوەی شیکردنەوەی کاری هونەری بیرۆکەی دیکەی هەی تاکو کاری پێبکرێت، چونکە هونەر لە هەزاران توخم پێکهاتووە، هەر ئەمەشە کە ڕاڕەوەکانی ڕەخنەی هونەری جیاواز دەکاتەوە لەیەکتر.

گەڕان بەدوای شتێکی دیکە لەهونەر و تەنانەت لەدەرەوەی هونەریش، لەدەرەوەی کاری هونەرمەندە، ڕووداو و شتە پیرۆزکراوەکان و ئەفسانەکان و چیرۆکی باڵا و کاریزمای هەر کۆمەڵگەیەك، لەهونەر گەورەتر نییە، بەڵام ئاراستەیەکی دیکەی هونەری میللییە، ئەمە تیۆرێکی ڕەخنەیی دەروونی پێویستە کە بتوانێ دەربڕی خودی هونەرەکە بێت، نەك لاسایی بێت، گەڕان بەدوای پاکیزەیی هەر کارێکی هونەری کە ڕەنگدانەوەی بەسەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە بەنیگەتیف یان پۆزەتیڤ، تەرخان کردنی مەبەستێکی دیکەیە بۆ هونەر کە ئەمەش ئاراستەیەکی دیکەیە.

تیۆریەك هەیە بەناوی شۆڕش و شۆڕشی جوان و ناشیرن وەکو نیگەتیڤ و پۆزەتیڤ، یەکێك لەو تێڕوانینە تێگەیشتنانەی (مارسل پرۆستە) کە یەکێك لە بیرمەندە جوانیناسەکانە، ئەم بیرمەندە بڕوای بە نموونەی پەیوەندی جوانی و هونەری جوانبینییە، (بەم نموونەیە پرۆست ئاسانکاری بۆ ئەو پێشکەوتنە

کردووە لەپەیوەندی نێوان هونەر و ئەدەب و فۆتۆگرافییەوە هەیە لەلایەك، لەنێوان ئەدەب و مۆزیك لەلایەکی ترەوە، بەم پێیەش بێت تێڕوانینی هونەری تێڕوانینێکی شۆڕشگێڕانەیە کە جگە لە داهێنەرانی سەدەی بیست بەولاوە لە ئێستادا نایبینین، وەکو ئەوەی هەموو شتەکان بەهایان گۆڕاوە بۆ هیچ). ئەمە تێڕوانینی مارسل پرۆستە کە جوانناسێکی سەدەی رابردووە، بۆیە لێرەدا سەربەخۆیی هونەر دەبینین و ئەو یەکێتییە دەبینین کە لەنێوان هونەری شێوەکاری و گوتار و نووسیندا هەیە، ئەو شتانەش کە جوانیان تیدایە و هێشتا ئاشکرا نەکراوە، وردەکاری و تێگەی تێڕامانە فکرییەکانە کە لەسرووشتەوە بووە بەپیشە، هەر وەك ئەوەی لەخەیاڵی شیعریدا هەیە کە زۆر جار دەقێك وەزیفەی گوتاری شۆڕشگێڕی دەبینێ.

هەر لەم سۆنگەیەوە کە باسی شۆڕشگێڕیمان کرد، کاریگەری ئایدیۆلۆژیا هەیە کە کەمتر لەمەسەلەی هونەردا باسکراوە، هەڵوێستی هونەر کە هونەرێکی چینایەتییە، یان هەڵوێستێکە لەململانێی بازنەیی یە لەم چەرخەدا کە لەنێوان چینی دەسەڵات لەهێزی بەرهەمهێنان و چینە ناڕازییەکان لەلایەك، هەروەها دیاردەی کۆمەڵگە لەنێواخنی کۆمەڵگا کە رەنگدانەوەی خودی کاری هونەرییە لەلایەکی تر. لەراستیدا ئەمە بەشێکی مەسەلەی ئەخلاقی هونەرییە، جا لەرووی

شۆڕشی پرۆلیتاریاوە بێت، یان ئەو مێژووە بێت کە بەهای ئەو رەخنەیەی هەبێت کە لەئاستی حوکمداریدا بەهایەکی کۆمەڵایەتی هەیە.

هیچ فەیلەسوفێك و ئەدیبێکی جیهانی خۆی لەباسی خێر و شەڕ و چاکە و خراپە لانەداوە، شکسپیر لەدەقی شانۆیی هاملێتدا باسی ئەو تارماییە دەکات کە لەدژی دەسەڵاتی باوك واتە قەشەسازی و دەسەڵاتی کەنیسە دێتە دەنگ، بتهۆڤن کە ئاوازێکی داناوە مەبەستی لەجەنگ و ئاشتی بووە، بەتایبەتی قەدەری هەژدە، بیکاسۆ لەتابلۆی جۆڕنیکا کە تابلۆیەکی جیهانییە، مەبەستی لەجەنگێکە کە هەموو مرۆڤایەتی هەڵلوشیوە، شۆپنهاوەر بۆیە لەگەڵ مۆزیکدا مامەڵەی تیۆری کردووە، چونکە لەگەڵ فەلسەفەکەیدا گونجاندوویەتی دژ بەدەسەڵاتی ستەمگەرا، هەروەك ئەوەی کە کاریگەری لەسەر نیچە و مەسەلەی ئیرادە و ئەخلاق داناوە، یان تێڕوانینی بەرامبەر بەهەقیقەتی ژیان، هۆکاری هەموو ئەو تێڕوانینە لەڕێگەی هونەرەوە بۆ دوالیزم، واتە جوانی ناشیرینی بابەتەکانی ژیان کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێت و هەر خۆشی چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە، ئەو هۆکارانەی کە وای کردووە مرۆڤ دەست بۆ ئەدەب ببات لەرێگەی وشەوە، چارەسەر بۆ دۆخی ناجۆر و ناجێگری مرۆڤایەتی، چ لەگەڵ کارەساتەکانی سرووشت و چ لەگەڵ دەسەڵاتە ستەمکارەکان بدۆزێتەوە، ئەوەی کە ناچار بووە لەرێگەی شانۆ وە چارەسەری دۆخی کۆیلەکانی یۆنان و رۆما و

میسر ببات، ئەوەی کە لەرێگەی مۆزیکەوە چارەسەری کێشەی دەروونی و روحی بکات، هەموو پەیوەندی بەجوانی و ناشیرینییەوە هەبووە.

ئەرنست رێنان دەڵێ (جوانترین ئەو شتانەی کە هەن و بوونیان هەیە، روحی گەلی بێ دەسەڵاتە کە خەونی پێوە دەبینێ، بۆیە ئەو بابەتانە ناونیشانیان نییە و ناسنامەی دانەرەکەشیان دیار نییە)، بۆیە هیچ پنتێکی شوێن و کاتی دیار نییە، ناونیشانی گەلانیش ئەلتەرناتیڤێکە بۆ پەند وەرگرتنی شەڕانگێز و ناشیرینیەکان کە وێنەیان جیاوازە لەگەڵ وێنە سرووشتییەکان کە شێوێنراون.

ئینکارکردنی کاری بێ ناونیشان کە وا دەکات ئینکارکردنەکە زیاتر هاوبەشی و یەکسانیخوازی بێت بۆ دەرهێنانی کاری هونەری و پیشەسازی، تەنها پاڵەوانێتییەکەی دەمێنێتەوە کە ئەگەری بیروباوەڕی ئاینی داگیری کردووە بۆ باوەڕ پێکردنی خەڵگ بۆ گوتارێکی دیاریکراوی ئاینی، ئەمە جگە لەیادەوەرییەك بۆ رابردوو کە زەحمەتی کەسانی هاوبەشی کار لەکاری بەکۆمەڵ بەشداری کردووە، تاکو ببێت بەنەریتێك بۆ ستەملێکراوەکان و ببێت پەندیش بۆ دەسەڵاتی ستەمکاری کۆیلەخوازەکان، چیرۆکی گۆڕانکاری زمانێك بۆ زمانێکی دیکە لەرێگەی جەنگی خاچپەرستی و ئیسلامەوە، دیاریکردنی ئەو سنوورەیە بۆ مێژوو کە جوانی و ناشیرینی بوونی نییە، جگە لەویستێك بۆ هەرکام لەو دووانە.

ڕەفتارو ڕوخساریش مەرجێکی کلاسیکی بینینی مرۆڤە بۆ جوانیناسی و جوانی بینی، تاوان بەشێکە لەرەفتار، ئەگەر بە ڕاشکاوی قسە بکەین ئەوانەی شەڕ دەکەن جگە لە سەرکردەکان، واتە بانگخواز و واعیز و بازرگانی شەڕ و دەستەبژێری سیاسی و نووسەر و هتد. لەجەنگاوەر خراپتر تاوانبارن لەوانی دیکە، لەوانەیە جەنگاوەرە یاخییەکان هیچ تاوانبار نەبن بەپێوەری سیاسی نێودەوڵەتی، چونکە ئەوەی کە لەجەنگی جیهانی دووەمدا یاخی بوون و بەدارە گەورەکانی ئاڵمانەوە هەڵواسران و ناویان لێنرا خیانەتکار، ئەوان کەسانی جوان و جوانیناسی مرۆڤی بوون و بێ ئەخلاق نەبوون، کەچی وەکو ڕۆماننووسی بەناوبانگ گۆنتەرگراس لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێ " کەس نەبوو دوای جەنگیش سومعەتیان بۆ بگەڕێننەوە، هەروەك ئەوەی لەیەکێتی سۆڤیەتیش هەبوون بەبێ تاوان دەکوژران لەپێناو ئایدیۆلۆژیای ساختە و سیاسەتی ساختە"، بۆیە زۆرن ئەوانەی دەبنە قوربانی سیاسەت و زانینی دۆخ و هەلومەرجی دیاریکراو، بەوپێیەی کە ئەو دۆخە دروستکراوانە، سیناریستیان هەیە و ئەوانی دیکەش وەکو کارەکتەری پاڵەوان و کۆمبارسی فیلم نین، ئەوان تەنها نەخشە ڕێگەیان داناوە، بەڵام ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیا دەکاتە فاکت و ڕاستی و پراکتیکی دەکاتەوە، ئەوان تاوانبارترن، بەوپێیەی کە تێزی جەنگ دەکەن بەقینی کۆمەڵایەتی، ئەمە مەودای دووری نێوان ئایدیال و ماتریال شیدەکاتەوە کە کێ و چۆن توانراوە تەمسیل ڕادەستی بەرهەمهێن بکرێ و ببێت بەپراکتیك.

لێرە رەفتاری کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت کە ئایا ئەخلاق لەکن چ گروپێك و توێژێك جێگەی خۆی کردۆتەوە و چۆن رێگری بۆ درووست دەکرێت و چۆنیش پێشوازی لێدەکرێت، هەروەك چۆن ئەوەی لەئەدەبی جەنگ لەلای ئەلیکسندر بێرت لەرۆمانی (ترس و جورئەت) باس لەپاڵەوانی وەهمی دەکات کە چەند جوانە لەبەر بەرائەتی خۆی کە بەرگری لەنیشتیمانێك دەکات و نیشتیمان شوناسی ناداتێ، ئیدی فەرماندەکە بە سەرهەنگە کازاخستانییەکە دەڵێ "تۆ بۆ کێ دەجەنگی، ئەویش پێیدەڵێ لەپێناو نیشتیمان، فەرماندەکە پێی دەڵێ (تۆ خاوەنی ماڵ و منداڵێت) لەوەڵامدا دەڵێ (بەڵێ) دیسان دەپرسێت بەماڵەوەت گوتووە دێمەوە، ئەویش دەڵێ (بەڵێ ئەی چۆن ئێمە سەردەکەوین) فەرماندەکە پێیدەڵێ (هەی گەمژە کەس هەیە بۆ جەنگ هاتبێت و بەنیازی گەڕانەوە بێت، ئەگەر وابێت ئاڵمانەکانیش کە دوژمنی ئێمەن ئەوانیش دەگەڕێنەوە، هیچ کەسێك ناگەڕێتەوە ئەگەر بەڕاستی بۆ جەنگ هاتبێت". ئەمە ئەو وتوێژەیە کە جوانی هەقیقی تێدایە و دەبێ لەنێو تێکستدا بدۆزرێتەوە، پاڵەوانی وەهمی لێرەدا دەردەکەوێت کە چۆن و لەپێناو چی بەرهەمدێت و ئامانجەکە چییە.

کەوابوو رەفتار مەرجە لەئەخلاقی دیارەوە جوانی تێدابێت، بۆ نموونە کەسێك نیشتیمانپەروەرە و ئەخلاقی جوانە، بەڵام چونکە هۆشیار نییە رەفتاری ناشیرینە و خیانەتکارە بەهۆی نەشارەزاییەوە لەپیشەکەی.

شێواز خۆی بەرهەمهێنەری شێوازە، ئەمە ئەو تێزەیە کە تیۆدۆر ئادۆرنۆ بۆ بەرهەمهێنانی کالاَ لەلای سیستمی سەرمایەداری هاوچەرخەوە و لەو ڕێگەیەوە خۆی بەرهەمدێنێـەوە، نموونەش ئەو شێوازە جیاوازانەیە لەکالاَو جل و بەرگ و شێواز و دیزاینی کەرەستەی سەربازی و ئەلیکترۆنی و هتد، سیحری ئەو بەرهەمانە لەرێگەی شێوازەوەیە بازاڕ پەیدا دەکەن، بۆ مرۆڤیش هەروایە وەختێك روخساری خۆی دەگۆڕێت لەهەلومەرجێکەوە بۆ هەلومەرجێکی تر، لەچاپتەرەکانی پێشووتردا باسی ئەخلاق و ئاین و کردە هونەرییەکانم کردووە، بابەتی شانۆ یەکێك لەهۆکارەکانی دەرخستنی روخساری راستەقینەی مرۆڤە، هەروەك ئەوەی کە شکسپیر یان تۆڵستۆی یان بێکت نیشانی داوە، مرۆڤ چۆن دەتوانێ بەبێ ئاگا لەیەك کاتدا یەك ئاراستەی فکری و دووڕووی هەبێت.

هەموو شارەزایی بوونێك کە زەمەنی لەپشتەوەیە، بریتییە لە تێکەڵ بوون لەنێوان بوونەوەری مرۆیی و ئەو ژینگەیەی کە ئامانجی تێربوونی پێویستییەکانی بووە، ئەگەر هاتوو شارەزاییی بوونەکە سەرکەوتوو بوو، بەوپێیەی کە گرێدراوی نێوان یادەوەری رابردوو و پێشبینییەکانی داهاتووە، ئەوە شارەزاییەکی تەواوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ناسین و ناسینەوەی جوانی لەرابردوودا تەنها شتە مەلمووسەکان نییە، بەقەد ئەوەی بەشێکی لەو یادەوەرییانەیە کە لەداهاتوودا دەبێتە ئەفسانە بۆ کەسەکە، هەروەکو ئەوەی ئەرستۆ لەبارەی شانۆوە

گوتوویەتی (هەموو کەسێك سەرەتا و نێوانی هەیە، بەڵام کۆتاییەکەی سیفەتێکی زەمەنی هەیە)، ئەم دیوە کە مانای شارەزایی پێدراوە، تەنها لەپێشانگا و مۆزەکان و کتێبخانەکاندا نییە بۆی بگەڕێین و جوانی تێدا ببینینەوە، هەندێکجار کارێکی دەستی ڕۆژانەی کچێك بۆ بژێوی ژیان کردوویەتی، یان ئەو کچەی کە ناوی لیزایە و لە شاری گۆتنگن ی ئاڵمان پەیکەری بۆ کراوە، ڕۆژانە قازێکی هێناوە بۆ فرۆشتن، تاکو بەردەوامی بەخوێندنەکەی بدات، ئێستا زانکۆکە بەو ناوەوە ناسراوە و بەشێکی تایبەت هەیە بە (ئیستاتیکا) و ساڵانە دەیان خوێنکار دەردەچن و بڕوانامە بەدەست دەهێنن، ئەمەی لیزای شۆخ و شەنگ ی نەدار و سەر بەچینی کرێکار کردوویەتی، ڕەفتارە نەك کردەیەکی هونەری، بەڵام دواجار وەکو کردەیەکی ئەخلاقی بەرهەمدێتەوە و دەبێتە کاری زەمەن و یادەوەری کە لەنێوان نەوەکاندا دەست بەدەستی پێدەکرێت.

"قسەیەك هەیە دەڵێ زانست بۆ زانستە، بەو مانای کە مەعریفەی زانستی مەعریفەی ڕەسەنە و جگە لەو هەقیقەتەی کە هەیە، هەروەك ئەوەی دەڵێ هونەر بۆ هونەرە، ئەمە بەو مانایە دێت کە هونەر هیچ ئامانجێکی دیکەی نییە جگە لەبەدەستهێنانی جوانی، بەڵام شیکردنەوەی ئەم جوانییە لەوێدا دەپێورێت ئەگەر خێر و شەڕ لەیەکتر جودا بکاتەوە، ئەوەی کە لەخۆشەویستی زمانی

سوكراتەوە گفتوگۆی درووست كرد و بوو بەفەلسەفە دیوتمان بوو ئەو كاهینی ئەلبوللون بوو، ئەو لەگفتوگۆكانیدا وای داناوە كە نەخێرە و نەشەڕ، شتێك لەو نێوانەدا هەبوو كە بەحیكمەت پێناسە دەكرێت، رەنگە لەوێدا كە شۆڕو شەوقێكی بەردەوام هەبوو و لەبوونی مایەسییدا، بەڵام بەو مانایە دێت كە بۆ بەدەستهێنانی كەماڵە"(86).

ئەگەرچی خودی هۆشیاری كێشەیە و مەعریفەش بەشێكە لەدەسەڵات و بەرهەمهێنەری ستەمكاری، وەكو ئەوەی هەرچی سیستمە بەرەنجامی بیركردنەوە و بیرۆكە و تیۆری مەعریفەناسەكانە لەمێژوودا، ئەوەش كە ژیان هەڵدەسوڕێنێت، خودی مەعریفەیە بەڵام بەشێوازێك كە كەسانی عەودالّی دوای مەعریفە نایناسنەوە، ئەوەیە كە شارەزای هونەری مەعریفەناسی نین، پرسیاری جەوهەری تر لەبارەی چاكە و خراپ كە بریتین لەجوان و ناشیرینی. ئەوەیە كە ئایا جیاوازی لەنێوان جوانی دیمەنێكی راستەقینە و جوانی تابلۆیەك لەبنچینەدا چییە كە ناتوانین بەرەهایی مانای جوانی یان ناشیرینی پێبدەین؟. وڵامی پۆزەتیڤ ئەوەیە كە سرووشت خۆی بەرهەمدێنێت و هونەریش دیكۆمێنتی ئەو دیمەنە كۆنانەی كردووە كە سەردەمانێك هەبوون و لەناو چوون، كە ئەمەیان كاری فۆتۆگرافە. ئەوەی دووەم كاری هونەرە كە جوانی و خو پێوەگرتنی شتی جوان كە مرۆڤ خۆی بەخۆی دەبەخشیّ و وەختێك ئەم سیحرە ئاشكرا نەبیّ، با

هەر بڵێین سرووشت کاری جوانی کردووە، ئەگەر وورد نەبین، کەواتە هیچ چنگ خستنێك بەدیدە وەرنەگیراوە، گرێدانی هەستەوەرییەکان بەحوکمی رەها عەقڵی کە چێژ لەجوانی ببینێ و رەەنکردنەوە بەجەماوەر بدات بۆ چاکە یان جوانییەك لەبارەی خودی جوانی یان کارێکی جوان، بریتییە لەشعورێك بەرامبەر بێدەنگی بۆ نموونە یان گفتوگۆیەك لەبارەی جوانی و ناشیرینی کە جیاوازی دەیخولقێنێ، لەهەردوو بارەکەدا شارەزایی دەورێکی گرینگ دەبینێ بۆ دانانی پێوەر سەبارەت بە هەرکام لەو پێوەرە مرۆڤییەی کە بەخێر دەڵێ جوان و بەشەڕ دەڵێ ناشیرین، لەحاڵێکدا سەرباری هەموو رۆمانسییەتێك هەر یەك لەو چەمکانە مانای فەلسەفی خۆیان هەیەو لەکردەوەی رۆژان و لەشێوەی لۆژیکدا دەردەکەوێت.

جوانیناسی بەپێی نەریت، ئەو شێوازەیە کە کرداری مرۆڤی وا لێدەکات پێویستی بەهیچ جۆرە بیانوویەك نییە بۆ بەرژەوەند خوازییەك نەمێنێت، بەڵکو ئامانجە بنچینەییەکان و هۆکارە تایبەتەکان بۆ خۆی فەراهەم بکات، ئەم مۆراڵە لەجۆرێك بەکارهێنانی توانای ڕاستی و خۆ بە ڕاستییکردن و دوور لەخەیاڵە کە هەندێکجار گوندنیشنەکان باشتر لەجوانی ژیان تێدەگەن وەك لەوەی شارنشین تێیگەیشتوون، ئەگەرچی ئەم تێڕوانینە کەمێك ریالیستییە، بەڵام هەقیقەتی بیرکردنەوەیە لەخۆ بەرهەمهێنانی کەسایەتی کە لەهەر شوێنێك هونەر هەبێت،

دەبێ ڕاستی بینەکان وا بزانن مرۆڤییەت لەوێیە، ئەگەر ئەو هونەرە گوتارێکی نا شایستەی نامرۆڤانەی لەپشتەوە نەبێت.

باشە با فەزایەکی تر والا بکەم لەسۆنگەی ئەم دەرگایەوە بۆ باسەکە، بۆچی هەندێك جوانی هەیە کوفرە، ئەمە تێڕوانینی ئایدیالی کلاسیکیە و جۆرە مەیلێکی مێژووی بەر لەدایك بوونیشە، چونکە ئەو پەیکەرانەی کە لەپەرستگاکان بوون، کاری ئەو هونەرە بووە کە ستەمکارەکانی بەرز ڕاگرتووە و کردوونی بەخوا، هەروەك ئەوەی لەپرسیارێکی ڕابردودا بەدرێژی تاوتوێمان کردووە، بەوپێیەی کە شوێنی ستەمکاری بووە، بۆیە ئەم جوانیەی نێو ئەم جۆرە هونەرە کە لەسرووشت وەکو ئەوانەی کە میسری کۆن و یۆنان و پەیکەر و کاری دارینی چین و نەرویژ و هتد، ئێستا لەستەمکاری چوونە دەرەوە و بوون بەمایەی بەختەوەری بۆ مرۆڤ، وەختێك گەشتیار دەچێت بۆ بینینیان لەوە تێدەگات کە کوفر وەکو چەمکێکی ئاینی وشك، هیچ مانایەکی نییە ئەگەر لە مێژوو دابڕێت، بۆیە ئەو هونەرە کە بەهونەری (باڕۆك)* ناسراوە، هەڵبەت هونەری باڕۆك بەمانای سەرسوڕمان و نغرۆبوون دێت لەنێو سیحری کارەکە، سۆزێکی خولقاندووە، بەتایبەتی کاری گروپگەرایی و گواستنەوەی کەرەستەیەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کە مانایەکی تایبەت دەبەخشێت، وەکو ئەو پەیکەرەی بۆ ئازادی کراوە لەنێوەڕاستی ئامریکایە و دیاری سەردەمی کۆنی

فەڕانسەیە، ئەوەمان پێدەڵێت کە کوفر لەرووی ماتریاڵییەوە مانایەکی دیکەی هەیە، مەبەستەکەش ئەو ئامانجەیە کە جارێکی تر ستەمکاری دەگەڕێنێتەوە. ئەلێرەوەیە تێڕوانین بۆ جوانی بەتەمەن ناپێورێت، هەروەك ئەوەی کە لەرووی فەلسەفەییەوە دیکارت لەدوای سوکرات کردوویەتی و دواتریش کانت و هیگڵ درێژەیان پێداوە و دووبارەیان کردۆتەوە.

ئەم باسە دەمانباتە نێو مەسەلەی سیمبولەکانی عیشقەوە کە لەتەواوی میتۆلۆژیای گەلاندا هەیە، بۆ نموونە هەر لەشیرین و فەرهاد و خورشید و خاوەر و یوسف و زولەیخاوە بگرە کە هەموویان سیمبول و چیرۆکی دووبارەن و هەندێکیانیش میتۆلۆژیای تایبەت بەگەلێکن بۆ نەمری عیشق بەکارهاتووە، تادەگەینە چیرۆکی رۆمیۆ جۆلێتی شکسپیر و ئەو سیمبولانەی کە مەولانا جەلالەدینی رۆمی و حافزی شیرازی بەکاریان هێناوە وەکو عیشقێکی تری روحی و دوورکەوتنەوە لەدونیا، لەراستیدا ئەمانە هەم بۆ ئەفسانە و هەم بۆ جوانکردنی ژیان و هیوابوونە بەدوارۆژێك کە غەریزە مرۆڤ دەخاتە بەرەدەم پەلەکردنەوە و دەیکات بە عاشق، نەمری عیشق و پێکگەیشتنی عاشقەکان، دیوێکی تری جوانکردنی ژیان و زمانی زیندووکانە، جوانی ئەفسانە لێرەدا لەنێو داستانەکاندا رەنگدەداتەوە. بۆ نموونە کە شیرین و فەرهاد یان خورشید و خاوەر یان یوسف و زولەیخا و مەم و زین دەخوێنینەوە، راستەوخۆ ستەمکار وەکو سیمبولێکی

دیکەی دیوەکەی تری ناشیرینی ژیان زیندوو دەبێتەوە، وەختێك (رۆمیۆ جۆلێت) دەخوێنینەوە، راستەوخۆ یۆلیۆسی قەیسەر دەبینین کە وێنەی ستەمکار بوو، لەوێشەوە خوێندنەوە بۆ شێوەیەکی تری ململانێی نێوان جوانی و ناشیرینی دەخاتە بەردەم هەڵبژاردنی ژیان، لێرەوەیە کە بەشێك لەفەزای جوانی ئەو سیمبولانەن کە بەردەوامی بەململانێ دەدەن و هیوایەك بۆ بردنەوەی ژیان دەخەنە بەردەم ئیختیار کە ئایا هەموو ناشیرینێك و جوانێك یەك مانایان هەیە.

(لیۆ تۆڵستۆی) دەڵێ (چەمکی جوانیم وەك درووستکەری بابەتی هونەر رەتکردۆتەوە، چونکە جوانیم وەکو بابەتی هونەر ناساندووە، بۆیە ئەگەر لۆمەشم بکەن دادپەروەرانە نییە، چونکە ئەوەی ناوەڕۆکی جۆرە جیاوازەکانی هونەری رازاندۆتەوە، لەجوانیدا نییە، بەڵکو لە هەستی شادیدایە لەتێکەڵی هێڵ و رەنگەکانە کە هونەرمەند ئەزموونی دەکات).(87). ئەم بۆچوونە مانای وایە کە هونەر جگە لە شێوازەکەی کە بەجوانی رواڵەتی ناسراوە، بە پێچەوانەوە لەجەوهەریدا هەست و رۆحی هەڵگرتووە، ئەگەر پێچەوانە بێت ئەوا بابەتەکە بەتاڵە، رەنگە بابەتەکە لەپەسەندێتی گروپێکدا یان شێوازێکدا بێت کە گروپێکی عەبەسی یان قۆتابخانەیەکی نوێ وەرگیرابێت، بەڵام نابێتە ژانرێکی زیادە و نوێ بۆ سەر چەمکی جوانی بەمانا فکرییەکەی، بۆ نموونە لەهونەری شێوەکاریدا بەهەموو رەگەزەکانییەوە، هەموو ڤیگەرەکان درۆیینەن و چەوت بێ تەشریحن

وەکو ئەکادیمیا و بابەتی ریالیستی، بەڵام ئەگەر مانای خۆیان وەکو روحیەتی هونەری بەدەستەوە نەدا، ئەوا بەهونەری خراپ دەناسرێت، سابا ئەو هونەرە هەر جەستەی ژن وەکو سێکس یان سرووشت وەکو سەوزایی و راستەقینە خۆیان نمایش بکەن، بەڵام سەرەنجام هونەرەکە موزەیەفە و مانایەك بەدەستەوە نادات کە چێژ ببەخشێت، بۆیە روح مانایەکی دیکە بەهونەر دەبەخشێت کە تەنها خوێنەر، یان چاوی هۆشیاری هونەری دەیناسێت و لەبەرچاوی دەگرێت، بەڵام دیسان لێرەدا چاو بەتەنها ناتوانیٚ چێژ وەربگرێت، ئەگەر هۆشیار یان مەعریفەیەك لەپشت ئەو تەماشا یان بینینەوە نەبێت، نموونە کارە تێکچڕژاوەکانی کاندنیسکی یان هەندێك لە کارەکانی رێنوار و رامبرانت، یان پارچە مۆزیکەکانی باخ و ڤیڤاڵدی و مۆزارت و هتد، ئەگەر لەئەفسانە و چیرۆکی هەزار و یەك شەوە و کلیلەو دیمنە و ئەفسانەکانی هیند و ژاپۆن و ئەفسانەی گریك و هتد شارەزاییت نەبێت، مەحاڵە لەتێکستێکی هونەری تێبگەی یان چێژی تەواوی لێوەربگریت.

لەراستیدا سوریالییەکان ئەگەر رەوتێکی هونەری ئۆپۆزسیۆنی سەردەمی خۆیان بوون و دواتر بوون بەقوتابخانەی هونەری خۆ زۆر جوان نەبوون وەکو هونەری جوانی لەلای خەڵك، بەڵام نەریت و عورفیان وێران نەکرد یان درۆ کردن بەناوی لۆژیکەوە وەکو ئەوەی پێناسە دەکرا، بەپێچەوانەوە جۆرێکی دیکەی تەسەووف

بوو لەگەڵ هونەر بۆ گەیشتن بە هەقیقەت، ئەو ماوەیەی 1914 تا 1918 جەنگی جیهانی بوو، ئەو کاتە مرۆڤ پەیوەندی بە لۆژیکەوە نەمابوو، تەنها ئەوە نەبێت بخەوێت و کە هەڵسا لەخەو وێنای بکاتەوە بەنووسین و بەهونەری شێوەکاری و بەشانۆگەری، هەموو ئەم بەرهەمە کارانە دونیایەکی نوێی خوڵقاند کە ئەویش تێڕوانینی باڵاو لەرادەبەدەر بوو بۆ جوانیناسی و بۆ هونەر، بەپێی قسەی (فلۆبیر) بێت، ئەخلاقیاتی جوانی لەخودی جوانیدا کۆدەبێتەوە کە ئەمە دژی بۆچوونی پێشوومانە بەڵام وەکو بیانوویەکی فکری تاوتوێی دەکەین، لەبابەت جوانیشدا شتێك نییە جوان و ئەوتریش ناشیرین مادام چەند ئسلوبێکی تێڕوانین هەیە و بەرێگەی جیاواز بۆ شتەکان، لێرەوە دەبینین کە جوانی هەموو شتێك هەڵدەمژێت و دەبێتە ئەخلاقێك کە بەلای ئیستاتیکا واتە جوانیناسییدا دەشکێتەوە.

زۆرن ئەوانەی لەبارەی ئیستاتیکای زمانی دەقەوە قسەیان کردوە، لەوانەش گادامیر و جۆلیا کریستیڤا و چۆمسکی و سۆسێر، بەڵام لەهەموویان زیاتر رۆلان بارت تاوتوێی ئەم بابەتەی کردووە و لەکتێبی (چێژی دەق) برێکی باش لەبارەی جوانی نوسین و چێژی دەق قسە دەکات و پێی وایە هەموو شتێك دەقە و دەقیش بریتیە لەزمان و پانتایی و هاڕمۆنیای دەنگەکان. دەستپێکی نوسین بۆ گێڕانەوە و دیوی ناوەوەی نوسین کە بەشێکی رەوانبێژی داگیر دەکات، یان

شێوازی دەربڕین کە پێویستی بەئاخاوتنی نووسەر هەیە بە مەبەستی جوانینوسی، هەموو ئەوانە خاڵگەلێکن بۆ پرسی قالبشکێنی کە ئیشکالیاتی نووسینی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، هەڵبەت بێتواناییش هەیە لەنووسیدا کە هێما بۆ ئاراستەیەکی دیار دەکات و مەبەستەکەش نادیارە، لەراستیدا هەقیقەتی کۆتایی ئەدەب و نووسین لە لاساییدا دەردەکەوێت کە من هەستم پێکردووە و بیرم لێکردۆتەوە، تەنها ئەو لاساییە نەبێت کە ئەفلاتۆن لەروانگەی خۆیەوە بۆ کاری هونەری و نووسین درکاندوویەتی، بەبڕوای بیرمەندی ناسراوی فەرانسی بەڕەگەز جەزائیری (ژاك درێدا) نووسین مانای نووسینەوەی دەنگەکانە کە چەقی رووداوە مەزنەکانە کە گەورەیی زمانی ئاشکرا کردووە، بەلای ئەوەوە نووسینی دەنگەکان لەبەردەم دوو هۆکاری بنچینەییە، بۆ نموونە گراماتۆلۆژی زانستێکە جیاکاری لەنێوان بڕوا هێنان و گوماندا درووست دەکات کە ماناکەی دیکەی دەستڕاگەیشتنە بەنهێنی نووسین، ئەمەش ئەو کاتە دەتوانین چەمکەکە بەکار بهێنین، وەختێك بمانەوێ سیحری نووسین بەتاڵ بکەینەوە کە مەبەستی خوێنەری جددییە، هەروەك چۆن منداڵ حەزدەکات میلانۆ یان گەمەکەی دەستی بشکێنێ و بزانێ چۆن درووستکراوە، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە وەختێك ئێمە وەکو خوێنەر پەنامان بۆ دەق شکاندن برد، مانای وایە بەدوای نهێنییەك دەگەڕێین کە بەشێکە لەو هاوکێشەیەی لەنێوان دەقی جددی و خوێنەری جدیدا هەیە، جگە لەوەش مانای ئەوەیە کە گومانمان لەجەوهەری ئەو جوانییە هەیە

که دەقنووس پێشکەشی کردووە، هەموو ئەم بیانوانەم بۆ ئەوە هێنایەوە که من نووسین بەو شێوازە هەڵدەسەنگێنم و دەیخوێنمەوە، یان بەلای کەمە دەگەڕێم بەدوای مانا و مانای نموونەیی لەنووسینی دەقدا.

هەڵبەت هەموو کەس دەخوێنێتەوە و شتی جوانیش دەبینێ، بەڵام وەکو پێشتر باسم کرد، ئێمە دوو جۆر خوێنەرمان هەیە که لەتەك نووسین و جوانی نووسیدا هەڵدەکات، ئەویش خوێنەری یەکەم و خوێنەری دووەهەمە، خوێنەری یەکەم ئەو کەسەیە که دەق دەشکێنێت و سیحری دەق ئاشکرا دەکات و مانای دەق دەدۆزێتەوە، خوێنەری دووەمیش ئەو کەسەیە که بەرمەبنای خوێنەری یەکەم سیقە بەدەق دەکات و چێژی لێدەبینێ.

بۆ ئەوەی وەڵامێك بۆ تێکشکدانی دەق وەربگرم لەدونیای ئەدەبی کوردیدا، دەمەوێ ئەو لۆژیکە بدۆزمەوە لەنێو تێکستی شیعر و چیرۆك و رۆمانی کوردیدا، که هەندێ لە ئەدیبەکان ئیدیعای بۆ دەکەن، مەبەستمە بڵێم شکاندنی دەق تەنها ئەوەنییە لەچوارچێوەی زماندا نووسین گۆشەگیر بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو نووسەر شتێك بۆ خوێنەر نەهێڵێتەوە تاکو تێڕامانی لەسەر بکات، مەشغەڵەتێك درووست نەکات خوێنەری دووەم بەدوای مەعریفەی دیکەدا بگەڕێ، بەپێچەوانەوە لەکارێکی ئۆرگانیکی و ڕاستی بەولاوە هیچ شتێکی دیکەی نەکردووە که منی خوێنەر بەئاسۆیەکی نوێوە بڕوانمە ئەو هەوڵەی که ناوی

لێنراوە تێکشکاندنی دەق، تێکشکاندنی دەقیش تەنها لەدەسەڵاتی دانەردا نییە، بەقەد ئەوەی خوێنەر دەوری کاریگەری هەیە لەکاتی شیتەڵکردنی دەقی تێکشکێنراو، لێرەوە ئەرکی خوێنەر دەستپێدەکات کە دەبێ سنوور ببەزێنێت، چونکە بەدیوێکی دیکەدا کاری ئەدەبی کاری زەینی خوێنەرە، وەختێك لەدەست نووسەر دەردەچێتەدەرەوە، یان ئەوەی پێیدەڵێن دەقشکاندن، دەق شکاندنیش دۆزینەوەی مانایە لەشێوەی چی گوتن و چۆن گوتندایە، بۆئەم بۆچوونەش بیانوومان بەدەستەوە کە بیسەلمێنین چەند دەقێکی شیعری و رۆمانمان هەیە کە هێندە ڕاستین، تائەو رادەیەی کە هەندێجار دەچێتە خانەی رۆژنامەگەرییەوە، بۆچوونێکی پێچەوانەش هەیە کە دەڵێ" بەدوای مانادا مەگەڕێ، بەڵکو بەدوای بەکارهێنانی مانادا بگەڕێ".

ئەگەر چی ئێمە دەقێکمان نییە ئەرکی خوێنەری جددی دیارییبکات و چی گوتن و چۆن گوتن جودا بکاتەوە وەکو دەقی نوسینی جوان، ئەمە کاریگەری خراپی هەیە کە ئیلتیزامی بۆ خوێنەریش نەهێشتۆتەوە تاکو پرسیار لەدەقنووس بەگشتی و رۆماننوس بەتایبەتی بکەین، ئایا بۆچی فەزای دەقەکە بەئاراستەیەکی نەشیاو لەڕاستی یان خەیاڵێکی ناباو دەبات کە کۆمەڵگە بەکولتوورەکەشییەوە نامۆیە پێی، نەبوونی ئەم پرسیارە لەلای خوێنەر یان ئەوەی پێی دەگوترێت وەرگر، ئەوەیە کە خوێنەری کوردی بێ میتۆدییانە

دەخوێنێتەوە، بۆیە ئاراستەی بیرکردنەوەشی ناجێگیرە کە ناتوانێ دەق بشکێنێت، وەختێکیش دەق بەداخراوی مایەوە، جوانییەکەی تەنها لەشێوازێکی ناجێگیردا دەمێنێتەوە، نووسین بریتییە لە تەشریح یان سکێچی جەستەیەك بەوشە، ئەگەر لەهەر گۆشەیەکەوە سکێچەکە ناتەواو بوو، هەستی بینین دەبێتە وەرگرێك بۆ تێکشکاندن یان پشتگوێ خستنی دەق.

هەوڵدەدەم لەسەر بنچینەی ئەو پەڕەگرافەی سەرەوە، تەنها ناونیشانی دەقی چەند ئەدیبێکی کوردی وەربگرم. بۆیە دەڵێم ناونیشان، مەبەستم لەوەنییە کە تەنها قسە لەسەر ناونیشان دەکەم، یاخود نەتوانم لەسەر خودی دەقەکان قسەبکەم، بەقەد ئەوەی دەمەوێ خۆم رزگاربکەم لەوەی خوێندنەوە بۆ دەقەکان بکەم، چونکە کاری من لێرەدا ئەوەنییە و خوێندنەوە بۆهەر دەقێکی کوردی پێویستی بەکات هەیە، چونکە ئەگەر بەو نیازە دەقێك وەربگرم، دەبێ بەرمەبنای میتۆدێکی دیاریکراو دەقێك شیتەڵ بکەمەوە، یان لەبارەی سیمۆلۆژیای دەقەکەوە قسە بکەم، یاخودی شێواز بدۆزمەوە، بۆیە پێویستیم بەدەرفەتێکی دیکە و جۆرێکی دیکەی خوێندنەوەی دەقە، بەڵام قسەلەسەر شێوازی نووسینی دەقەکان دەکەم.

بۆ نموونە لەدوای (گۆرانی شاعیر و شێخ نوری شێخ ساڵح) ەوە جۆرێك لەدابڕان لەجوانی نووسینی شیعر سەریهەڵدا، مەبەستم لەشێوازە کە بەشێوەیەك

لەشێوەکان بەشۆڕشی ئەدەبیاتی کوردی ناودەبرێت، ئەمەش کێشەیە لەنێوان گۆران و شێخ نوری، هەروەك چۆن لەنێوان نازك مەلائیکە و بەدر شاکر سەیاب هەیە لەدونیای ئەدەب و نووسینی عەرەبیدا و تائێستاشی لەگەڵدابێت ئەو کێشەیە یەکلایی نەبۆتەوە، بەهەرحاڵ ئەو دوو شاعیرە ناودارە بەبیانووی ئەوەی دەقی ئەدەبی کوردی لەرێگەی ئەوانەوە رزگاری بووە لەچوارچێوەی عەمودی و کێش و سەروا قەتیس کرابوو، ئەمە لەکاتێکدا هەردوو ناوبراو ئەوەندەی بەشاعیری رۆمانسی ناسراون کە گۆران نموونە مۆدێرنەکەیەتی بەشێوازی رۆمانسی، ئەوەندە بەشاعیری هاوچەرخ نەناسراون، بۆیە ململانێکە سەری کێشا بۆ وێناکردنی سرووشت بەلای جوانییەکەیدا، وێناکردنی قەرەداغ کە لەتابلۆیەك دەچێت و نمایشکردنی ژن و لەنجەولاری ژن کە لەکانی دەگەڕێتەوە یان لەشەقام دەڕوات وەکو دەڵی (قۆڵ و مەچەك ساف و سپی وەك شوشە، سەر پەنجەکان یاقوتێك بوو بەورشە).

بەهەرحاڵ لێرەوە دەچمە ئەو دونیایەی کە بەخوێندنەوەی دەق ناسراوە، بۆ نموونە لەدەقە شیعریەکانی (شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵلا پەشێو و نازم حیکمەت و گۆران و محمود دەروێش و ماکسیم گۆرگی و هتد) ەوە دەسپێدەکەم کە زۆرترین شانسیان هەبووە لەرابردوودا کە لەسەریان بنووسرێ، رەنگە بەشێك لەهۆکارەکان ئەوەبێ کەخودی دەقەکان دەوڵەمەندن بەوێنە و بەکارهێنانی

بەشێك لە شێوەزارەکانی کوردی و داتاشینی یەکەی نوێ و توانا و هەناسەی نووسین، بەشەکەی دیکەی مەبەست بووە کە دواجار لەپرۆسەی رەخنەگرتن یان خوێندنەوەدا، زەمینەسازییەك دەخوڵقێنێ کە پێویست بەشکاندنی دەق یان شیتەڵکردن ناکات، بەڵام دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەو نووسینانەی لەسەر شێرکۆ نووسراون نەك هەمووی، ئەوەندەی لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا و سۆز و لایەنگیری سیاسی بوونە، ئەوەندە گرنگیدان نەبووە بەمەبەستگەرایی و جوانییەك کە لەنێو دەقدا شاردرابێتەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

1: دافید لوبروتون. انتروبولوجیا الجسد و الحداپە. ترجمە. محمد عرب صاصیلا. موسسە الجامعیە للدراسات و النشر و التوزیع. سنە ص75. 1993.

2: هەمان سەرچاوەی پێشوو ص37.

3: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل. هونەر و حەقیقەت. تێڕامانێك لەئیستاتیکای مارتین هایدگەر و جاك دریدا.بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا. ساڵی 2018.

4: تیری ئیگلتۆن. لەپۆلیسەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم. دەربارەی ئایدیۆلۆژیای ئیستاتیکا. وەرگێڕانی. پێشڕەو محەمەد. ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام. ل30 ساڵی 2016.

5: میشال دیرمیە. الفن و الحس. ترجمە. وجیە البعینی. دار الحداپە لگباعە و النشر و التوزیع. ص77. سنە1988.

6: ر.ف. جونسون. الجمالیە. ترجمە. دکتور عبدولواحد لوولووە. منشورات وزارە الپقافە و الفنون العراقیە. ص18.سنە 1987

7: ر.ل. بريت. التصور و الخيال. موسوعه المصگلح النقدی. ترجمه د. عبدالواحد لۆلۆه. دار الرشيد للنشر. سنه 1979.ص 38

8: هيربێرد مارکۆزه. رەهەندەکانی جوانیناسی. وەرگێڕانی. رامیار حسەینی. بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما. ساڵی 2017. ل42.

9: لۆسیەن گۆڵدمان. ئەدەبیات. کولتوور. کۆمەڵگە. وەرگێڕانی. هادی محەمەدی. بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی. ساڵی 2008. ل152

10: د. علی حسين جابری. الخگاب الجمالی العربی المعاصر و القيم المعولمه. مجله الموقف الپقافی العدد 41 تشرين الاول سنه 2002

11: ادغار موران. فی الجماليات. ترجمه. يوسف تيبس. کتاب الدوحه. 2019. ص57

12: (رەخنەو ئاراستەکانی). نووسینی سمکۆ محەمەد، ساڵی 2021

13: جولیا کریستیڤا. وەرگێڕانی کۆمەڵێك نووسەر. بەرگی چوارەم. پرۆژەی 100 نامیلکەی فەلسەفی. دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە. ساڵی 2017. ل41

14: کارڵ پۆپەر. کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی. بەرگی یەکەم. وەرگێڕانی. ئیدریس شێخ شەرەفی. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی. ساڵی 2006. ل371

15: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل422.

16: د. زەکەریا ئیبراهیم. فەلسەفەی هونەر لە فکری هاوچەرخدا. وەرگێڕانی بۆ کوردی. دلێر میرزا. بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە سلێمانی ساڵی 2013. ل140

17: جورج سانتیانا. الاحساس بالجمال. تخگیگ لنقریە فی علم الجمال. ترجمە. محمد مصگفی بدوی. المرکز القومی للترجمە. سنە 2010. ص61

18:جۆرج سانتیانا فەیلەسوفی ئیسپانی و مامۆستای بەشی فەلسەفە لەزانکۆی هارڤارد. ساڵی (1863_1952) ڕۆماننوس و شێوەکار و شاعیریش بووە، هەروەها ڕەخنەگرێکی ئەدەبیش بووە کە جیاوازی لەنێوان شیعر و پەخشان کردووە و تیۆریزەی کردووە، لەبارەی شێوەکارییەوە کتێبێکی بەناوبانگی هەیە بەناونیشانی (احساس بالجمال) ئەو لەبارەی ئیستاتیکاوە گوتوویەتی، ئیستاتیکا هیچ نییە جگەلەوەی زاراوەیەکی شلەپەتە کە لەنێوان فەلسەفە و دەروونناسی و مێژووناسیدایە، چونکە بەئاراستە و شێوازێکی جیاواز مێژوو

دەنووسیتەوە، هەروەها لەڕێگەی ڕەنگەوە کار لەسەر دەروونناسی دەکات، گرینگی بەدیاریکردنی ئەرکی هونەر داوە.

19: كمال بومنير. جدلييه العقلانيه فى نڤريه النقديه لمدرسه فرانكفورت. منشورات الاختلاف. سنه 2010. ص207.

20: لەبەردەم جوانیدا. کۆمەڵە وتار. وەرگێڕان و ئامادەکردنی. حەمە عەباس. کتێبی یەکێتی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی. ساڵی 2013. ل101

21: جورج ديكه. الموقف الجمالى. ترجمه. د. يوئيل يوسف عزيز. مجله الپقافه الاجنبيه. العدد 3 سنه 1986.

22: تیری ئیگلتۆن. مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی. وەرگێڕانی لە ئیگلیزییەوە. عەبدولخالق یەعقوبی. بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس. ساڵی 2008. ل114.

23: لۆسیان گۆڵدمان. ئەدەبیات کولتوور . کۆمەڵگە. وەرگێڕانی. هادی دحمەمەدی. کتێبی هەنار. 6 سلێمانی 2008. ل152

24: ر.ف.جونسون. الجماليه. ترجمه. د. عبدولواحد لۆلۆه. موسوعه المصگلح النقدى. 3. منشورات وزاره الپقافه و الفنون العراقيه. سنه 1987. ص68

25: تیری ئیگڵتن. مارکس و ئازادی. وەرگێڕانی. هاوڕێ یوسفی. بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما. ساڵی 2017. ل125

26: هانز جیورج جادامیر. تجلی الجمیل و مقالات اخری. ترجمه و دراسه و شرح .د. سعید توفیق. مشروع قومی للترجمه. سنه 1997. ص313

27: رسائل دیفید هیوم. الپقافه الاجنبیه عدد 2 سنه 2015.

28: ژان پۆڵ سارتەر. ئەدەب چییە؟. وەرگێڕانی بۆ کوردی. مستەفا غەفوور. دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی.ساڵی 2009. ل107

29: پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر. تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی. ئامادەکردن و وەرگێڕانی. ئەنوەر قادر محەمەد. بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کۆردۆلۆجی. ساڵی 2010. ل27

30: د. کمال عید. جمالیات الفنون. الموسوعه الصغیره. 69. منشورات دار الجاحظ بغداد. 1980. ص4.

31: تیری ئیگڵتۆن. لە پۆلیسەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم. دەربارەی ئایدیۆلۆژیای ئیستاتیکا. وەرگێڕانی. پێشڕەو محەمەد. ناوەندی توێژینەوەی هزری شەهید ئارام. ساڵی 2016. ل112

32: كمال بومنير. جدل العقلانيه فى النقريه النقديه لمدرسه الفرانكفورت، منشورات الاختلاف، 2010،ص 122

33: د. عقيل مهدى يوسف. الفكر الجماليه فى الفن. دار ئاراس للگباعه و النشر. گبعه الاولى سنه 2011. ص64

34: د. افراح لگفى عبدالله. نقريه كروتشه الجماليه. دار النشر التنوير. بيروت. سنه 2011. ص84 و ص85

35: د. زەكەريا ئيبراهيم. فەلسەفەى هونەر لە فيكرى هاوچەرخدا. وەرگێڕانی دلێر میرزا. بڵاوکراوەکانی. بەڕێوزەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان سلێمانی. ساڵی 2012. ل64

36: د. زەكەريا ئيبراهيم. فەلسەفەى هونەر لە فكرى هاوچەرخدا، وەرگێڕانی دلێر میرزا. بەرێوبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی خانەی وەرگێڕان. وەزراەتی رۆشنبیری سلێمانی. ساڵی 2012. ل60.

37: د. عناد غزوان. التحليل النقدى و الجمالى للادب. دار افاق عربيه للصحافه و النشر. بغداد. 1985. ص25 .

38: مقداد حەمە سالّح. سەرنجێك لەسەر ئیستاتیكا. بڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما. سالّی 2013. ل118

39: ا. بالاشوف. الجمال في تفسير الماركسي. ترجمه. يوسف حلاق. دار النشر دمشق. سنه 1968 ص48.

40: هێربرد رِید. مانای هونەر. وەرگێڕانی بۆ كوردی. سەربەست خەسرەو جاف. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی 2007. ل13

41: پرسەكانی مۆدێرنیزم. كۆمەڵێك نووسەر. وەرگێڕانی. ئیسماعیل ئیسماعیل زادە. پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانكۆی سەلاحەدین و دەزگای موكریان بۆ تویژینەوە. سالّی 2009. ل72

42: هيغل .مدخل الى علم الجمال . فكره الجمال. ترجمه. جورج گرابيشى. دار الگليعه . بيروت. 1987. ص11

43: مقداد حەمە سالّح. سەرنجێك لەسەر ئیستاتیكا. بڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما. چاپی یەكەم 2013. ل150

44: الپقافه الجديده. عدد 275. سنه 1997 ص124

45: یوری دافیدوف. الپوره والفن فی القرن العشرین. ترجمه. سامی الرزاز. دار الپقافه الجدیده. سنه 1978.ص208

46: نیکولاس وید. الاوهام البصریه فنا و علما. ترجمه. می مڤفر. دار المامون. بغداد 1988. ص23

47: هەمن سەرچاوەی پێشوو ص100.

48: گۆڤاری شێوەکاری ژمارە 22 . ساڵی 2008

49: عادل کامل. دراسه فی فن محمود صبری. مجله الپقافه. عدد 4. سنه 1978. ل68

50: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ص87

51: واقعیه الکم بقلم. فاچل پامر. مجله الپقاف الجدیده. عدد 48. 1973

52: میشیل مافیزولی. تامل العالم. الصوره و الاسلوب فی الحیاه الاجتماعیه. ترجمه. فرید الزاهی. المجلس الاعلی للپقافه. 2005. ص122

53: د. عقیل مهدی یوسف. الفکره الجمالیه فی الفن. دار اراس للگباعه و النشر. سنه 2011. ص71

54: موراد فەرهاد پوور. جوانیناسی شکست. وەرگێڕانی لەفارسییەوە. مەنسوور تەیفووری. بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج. ساڵی 2006. ل196

55: كليفورد هوارد. عباده الجنس. شرح لاصل اديان عباده القڤيب. ترجمه. حكيم ميلادى. دار المعقدين للنشر و التوزيع. لبنان 2016 ص81.

56: كليفورد هوارد. عباده الجنس. شرح لاصل اديان عباده القچيب. ترجمه. حكيم ميلادى. دار المعتقدين للنشر و التوزيع. سنه 2016. ل85

57: د. كمال عيد. جماليات الفنون. الموسوعه الصغيره 69. دار النشر الجاحڤ. بغداد 1980. ص102

58: هانز جيورج جادامير. تجلى الجميل و مقالات اخرى. ترجمه و دراسه و شرح .د. سعيد توفيق. المشروع القومى للترجمه. سنه 1997. ص313

59: ادغار موران. فى الجماليات، ترجمه. يوسف تيبس. كتاب الدوحه. 2019. ص47

60: جوليا كريستیڤا. وەرگێڕانی کۆمەڵێك نووسەر. بەرگی چوارەم. پڕۆژەی 100 نامیلکەی فەلسەفی. دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە. ساڵی 2017. ل41

پەراوێز: هەزار و یەکشەوە یەکێك لەناودارترین چیرۆکی میللییە کە لەسەدەی نۆهەمی زاینیدا لەدوتوێی چوار بەرگدا نووسراوەتەوە، لەمبارەیەوە مێژوونوسی ناسراو مەسعودی 957 پێیوایە کە ئەم کتێبە لەبنەچەدا فارسی بووە و بەناوی (هزار افسانه) هاتووە و هەندێك لەچیرۆکەکان بەعەرەبی و هەندێکیان بە فارسی و هەندێکیان هندی و یۆنانی و هتد هەن، رۆژهەلاتناسێك بەناوی ئەنتوان جالان ساڵی 1704_ 1717، یەکەم کەس بووە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی، چیرۆکەکەش بەم شێوەیە کە شەهرەیار دوای ئەوە بۆی دەردەکەوێ ژنەکەی خیانەتی لێکردووە، بڕیار دەدات هەر شەوەی ژنێك بهێنێ و لەگەڵ دەرکەوتنی بەرەبەیانیش بیکوژێت، ئەمە تا هاوسەرگیری لەگەڵ شەهرەزاد دەمێنێتەوە کە کچی وەزیر بووە، بەڵام شەهرەزاد بە عاقڵی خۆی هەر شەوەی چیرۆکێکی بۆ دەگێڕێتەوە تاکو کۆتایی و لەوێدا تەواوی ناکات و تەواوکردنی بۆ شەوە و ئایندە دەهێڵێتەوە، ئابەم شێوەیە چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت و فەلسەفەکەی بۆ ئاشکرا دەکات و ئیدی ئەویش لە کوشتنی ژن پەشیمان دەبێتەوە و ناوی دەنێن هەزار و یەك شەوە.

61: لۆسیەن گۆڵدمان. ئەدەبیات. کولتوور. کۆمەڵگە. وەرگێڕانی. هادی محەمەدی. بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی. ساڵی 2008. ل152

62: برتولد بريخت. النڨريه السياسيه و الممارسه الادبيه. نانسه فيبر. هيوبرت هاينن. ترجمه. كامل يوسف. دار الشون اليڨافيه العامه. بغداد. سنه 1986. ص81 .

63: پەراوێز: كارل كۆڕش شارەزايەكی فەلسەفەی ماركسی بووە و عەقلییەتی خۆی لەسەر خوێندنەوەی ماركسییەت و دیالكتیك بینا كردبوو، هەروەها لەگەڵ گروپی فرانكفۆرتییەكان 1966 نێوانی پتەو بووە و نامە و نامەكاری لەنێوان برێخت و كۆڕشدا هەبووە، بەو هۆیەوە كاریگەری لەسەر برێخت و كارە هونەرییەكانیشی هەبووە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێت بەشێكی زۆر لەوانەی لێكۆڵینەوە لەسەر برێخت دەنووسن، پێیانوایە ئەو پەیوەندییەی نێوانیان ئەفسانەیە، رەنگە ئەمە بۆ ئەوە بێت كە برێخت لەو ئایدیۆلۆژیا ماركسییە رزگار بكەن، بەڵام راستییەكەی دەركەوتووە كە پەیوەندی قوتابی بووە بە مامۆستاكەیەوە و هیچی تر.

64: د. كەمال میراودەلی. فەلسەفەی جوانی و هونەر. ئیستاتیكا. چاپی دووەم. خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی قانع. ساڵی 2005. ل139

65: كارل ماركس. بەشداریکردن لەرەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ. وەرگێڕانی. پێشڕەو محەمەد. بڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژینەو و هزری شەهید ئارام. سلێمانی. ساڵی 2016. ل54

66: د.زەکەریا ئیبراهیم. فەلسەفەی هونەر لە فکری هاوچەرخدا. وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە، دلێر میرزا. بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی 2013. ل295

67: غاستون باشلار. جمالیات المكان. ترجمە. غالب هلسا. المووسە الجامعە للدراسات و النشر و التوزیع. سنە 1984. ص123

68: لۆدڤیگ فینگشتاین. توێژینەوەیەکی لۆژیکی فەلسەفەیی. تراکتاتۆس. وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە. د. حەمید عەزیز. ناوەندی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی. 2015. ل29

69: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل32.

70: ابندروپ. هولتس. کوفلر. بنکوس. محاورات مع جورج لوکاش. ترجمە الیاس مرقص. دار الگلیعە بیروت. سنە 1987.ص21

71: جورج لوكاش. تحگيم العقل. جزو الاول. الڤاهره الدوليه. تاريخ المانيا. شيلينغ. ترجمه. الياس مرقص. دار الحقيقه. بيروت گبعه الاولى 1980. ص114

72: الدكتور على الوردى. اسگوره الادب الرفيع. دار الكوفان للنشر. بيروت گبعه الپالپه 1994 ص119

73: جان برتيلمى. بحپ فى علم الجمال. ترجمه. انور عبدالعزيز. مراجعه. نڤمى لوقا. منشورات. ميراپ الترجمه. مركز القومى للترجمه. سنه گبعه الپانيه. سنه 2011. ص390

74: هەمان سەرچاوەی پێشوو

75: پەراوێز. دەقی فاوست. دەقێکە درامایی شانۆییە و لە دوو بەش پێکهاتووە. یەکێك لە دەقە هەرە ناسراوەکانی شاعیر و فەیلەسوفی ئاڵمانی گۆتەیە، (دار النشر مدی) چاپی کردووە و جۆرج ترابیشی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و بەشێوەزاری کرمانجی کوردیش ترجمە کراوە.

76: جورج بليخانوف. الفن و التصور المادى للتاريخ. ترجمه جورج گرابيشى. دار الگليعه بيروت. گبعه الاولى سنه 1977. ص128

77: پەراوێز: ئیبن عەرەبی. محێدین کوڕی عەلی کوڕی محەمەدی عەرەبی، لەباوك و دایکێکی ئەمازیغی لەشاری مەرسی ئیسپانیا لەدایك بووە و یەکێك لەگەورە فەیلەسوفە ناسراوەکانی مستەوفی ئیسلامی یە لەئەندلس ساڵی 1164م لەدایك بووە تا ساڵی 1240 ژیاوە، لەگەڵ کچێکی فارسدا کە نیزام کچی رۆستەمی ئەسفەهانی هاوسەرگیری دەکات، بڕوای تەواوی بەروحی خۆشەویستی هەبووە و دژی شەڕانگێزی بووە، لەقوتابخانەی سیمبولیزمی عەرەبی خوێندوویەتی، لەژێر کاریگەری فەلسەفەی فیساگۆرس و ئەفلاتون بووە، کتێبێکی بەناوی (الفتوحات الملکیە) نووسیوە کە هەموو وتەکانی لەوێدا بلاو کردۆتەوە، لەژیانی خۆیدا زۆرترین گەشتی کردووە، هەروەها شیکردنەوەی بۆ قورئان کردووە، یەکێك لەوتە بەنرخەکانی (حوکم دەرەنجامی حیکمەتە، مەعریفەش دەرەنجامی زانستە، ئەوەی حیکمەتی نەبێ بۆی نییە حوکم بکات و ئەوەش مەعریفەی نەبێ زانیاری نییە)

78:پەراوێز: رابیعەی عەدەوییە: رابیعەی کچی اسماعیل ی عەدەوییە، موتەسەوفێکی ناسراوی عیراق بووە لە 717 بۆ 796 زاینی ژیاوە و بە دایکی خێرەومەند ناسراوە، دوای مردنی باوکی پەڕاگەندەی بەسرە دەبێت و بەهۆی دوورکەوتنەوە لە براکانی بەتەنها دەمێنێتەوە و دواجار بە هۆی دزەکانی دەریاوە لەلایەن چەتەی دەریاوە دەدزرێت و بە 6 درهەم دەفرۆشرێت بە پیاوێك

که لەبنەماڵەی عتیق بووە بەپێی ریوایەتێکیش بێت ئەو پیاوە کە کوڕی عدوە بووە و رابیعە لەلایەی ئەو بە عەزابێکی زۆرەوە ماوەتەوە، بۆیە بە عدویە ناسراوە، بەڵام ئەو بە عاشق ناسراوە عاشقی خودا، شیعرێکی بۆ خۆشەویستی خودا نووسیوە و یەکێك لە وتە بەنرخەکانی دەڵێ (خۆشەویستی من بۆ خودا، رێگەی ئەوەی لێگرتووم کە رقم لە خەڵکی تر بێتەوە بەناوی شەیتان).

79: لیۆ تۆڵستۆی. هونەر چییە. وەرگێڕانی بۆ کوردی. هەژار رەحیمی. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. ساڵی 2009. ل 79

80: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

81:هیربرد مارکیوز. العقل و الپورە. هیجل و نشاە النڤریە الاجتماعییە. ترجمە. الدکتور فۆاد زکریا. هیئە مصریە العامە للتالیف و النشر. 1970. ص76. ص162.

82: بول روبنسون. الیسار الفرویدی. فلهیلم رایش. جیزا روهایم. هربرت مارکوز. ترجمە. لگفی فگیم. شوقی جلال. دار الگلیعە. بیروت. سنە 1980. ل117

83: د. کمال عید. جمالیات الفنون.الموسوعە الصغیرە 59. منشورات دار الجاحچ للنشر 1980. ص71

84: د. کەمال میراودەلی. ئیستاتیکا و فەلسەفەی جوانی و هونەر. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع. چاپی دووەم. ساڵی 2005. ل80

85: جورج بليخانوف. الفن و التصور المادى للتاريخ. ترجمه. جورج گرابيشى. دار الگليعه. بيروت. 1977.ص139

86: جان برتليمى. بحپ فى علم الجمال. ترجمه. دكتور انور عبد العزيز. رموسسه فرانكلين لگباعه و النشر. قاهره. سنه 1970 ص490

87: د. اميره حلمى مگر. فلسفه الجمال. كتاب الجيب. دار الشوون الپقافيه للنشر بغداد. 1980. ص88

88: لیۆن تۆڵستۆی. هونەر چییە؟. وەرگێڕانی. هەژار رەحیمی. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. 2009

## کتێبە چاپکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین

١- لەدایکبوونی دووەم/ پێشڕەو عەبدوڵڵا/ ڕۆمان.

٢- چەشە و چەشنە ئەدەبییەکان/ د.حەمە مەنتک/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٣- دژە مەسیح/ فریدریک نیتچە/ و.موئەییەد مستەفا/ فەلسەفە.

٤- لەبیرکردن .com/ ئەحلام موستەغانمی/ و.کۆسرەت ئەحمەد بێکەس.

٥- بیری ئاشووزەردەشت و ئایینی یارانی/ میهرداد قەدردان/ و.غەریب پشدەری/ لێکۆڵینەوەی ئایینی.

٦- کورتەیەک لە ژیانی من/ ستیڤن هۆوکینگ/ و.سەنار سەمەد/ یاداشت.

٧- کتێبی مەستوورەی ئەردەڵان/ بوخاری وشیار/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٨- گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا/ هاوکار جەمیل/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٩- ئیشراقی دار هەڵووژە/ شکۆفە ئازەر/ و.شۆڕش غەفووری/ ڕۆمان.

١٠- شار/ سمکۆ محەمەد/ فکر و فەلسەفە.

١١- ئیستاتیکا/ سمکۆ محەمەد/ فکر و فەلسەفە.